

ل ٢ - ٢٦
فایلی تایبەت بە کۆنگرە



ل ٢٩
تایبەتمەندیەکانی
شەهید صادق شەرەفکەندی



ل ٣٥
لەبارەی سیستمی پەروەردەی
ئایدۆلۆژیک لە وڵاتی ئێران




ل ٤٣
فیدرالیزم وپلورالیزم لە کانادا



ل ٤٩
کاروچالاکی لاوانی دیمۆکرات



ل ٤٦
بەربەستە سەرەکیەکان لەبەردەم
بوونە ئەندامیەتی تورکیا لە
یەکیەتی ئوروپا

لاوان
ژمارە: ٣٥
پائیزی ٢٠٠٩

دەوری دووهەم، ساڵی دەیەم
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

**سەرنووسەر:**
عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور

**بەرگ و مونتاژی ناوەوە :**
ئاگری باڵەکی

**تایپ:**
سەلاح خەلیل بەیگی

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن: www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

**لە لایەن بەرێز مەنسور سەممار**







**میوانە بەرێزەکان ...**
**لاوانی تێکۆشەر...**

لە کانگای دڵمەوە بە خێرهاتنتان دەکەم و پیرۆزبایی ئەم رۆژە بە شکۆیە لە سەرجەم کیژان و کوڕانی لاو، ئەندامانی کۆنگرە، میوانە بەرێزەکانو هاوسەنگەرانی رێبازی ئازادی و دێموکراسی و پێشەنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەم.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان بە پێی نەریت و کارێکی سومبولیک لە کۆنگرەکانی دا هەر جارە داوای لە کەسێک کردووە کۆنگرە بکاتەوە، ئەم کارە سومبولیک و پڕ لە سەروەرییە وەک ئەمەگناسی یا رێز لێنان بووە لەو کەسانەی کە ئەو ئەرکەیان پێ سپێردراوە، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بەرێوەبەریی گشتی ئەرکی کردنەوەی ئەم کۆنگرەیان بە من سپاردووە. سپاسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی دەکەمو خۆم بە بەختەوەر دەزانم بەوەی کە ئەو شانازییە گەورەیەم پێ بەخشرا. و خۆشحاڵم کە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان رێزی لە تێکۆشانی چەند ساڵەم لە ریزەکانی ئەو رێکخراوەدا گرتووە.

ئەمرۆ بە ئامادە بوونی ئێوەو لەم ساتە لەبیر نەکراوەدا لە بەردەم کادر و پێشمەرگەو خەباتکارانی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خزمەت ئەندامانی کۆنگرە و میوانە بەرێزەکان دا بە سڵاو ناردن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی یەکیەتیی لاوان، بە سڵاو لەو لاوە خوێنگەرم و پڕ لە هیوایانە کە سەربەرزانە درووشمی بۆ کورد ژیان و بۆ کورد مردنیان کردۆتە رەمزی سەرکەوتن.

بەسڵاولەولاوەبوێرانەکەقەڵەمەکانیان کردۆتە چەکی بەگژداچوونەوە دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران، بە سڵاو لەو لاوانە کە لە پێناو دەستەبەر کردنی مافەکانیان تووشی ئازار و ئەشکەنجە و رۆژە رەشی بووونەتەوە، بە سڵاو لەو دایک و باوکە ژیر و ئازایانەی کە بە رێنوێنی و پشتگیری لە رۆڵەکانیان هەروا کوورەی خەباتیان نێڵ داوە و هەرواش سوورن لە سەر وەدیهێنانی ئاواتە بەرزەکانی نەتەوەی کورد.

کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەمەوە.

لاوانی بە هەست و نیشتمان پەروەر!

دەزانم هەمووتان خۆزگەتان دەخواست کە کۆنگرەی یەکیەتیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوان لە نێو کۆمەڵانی تینوی ئازادی و دیموکراسی خەڵکی کوردستان و بە بەشداری هەزاران کیژ و کوڕی چاو لە ڕێ و ئەویندار ی نیشتمان گیراباو میوانداری دەیانو سەدان ڕێکخراوی تایبەتو هاوشێوەی خۆتان کردباو بە سەدان کەسایەتیی سیاسیی، ئەدەبی و نیشتمان پەروەر بەشداری کۆنگرەکانیان کردبایە و جێژنی ئەم ڕۆژە خۆشەتان بە شکۆیەکی تەواوەوە لە یەکێک لە شار یا گوندە دڵڕفێنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرتبایە. هەر چۆنێک بێ ئەو دوور کەوتنەوەیە لە زێد و نیشتمان بە سەر ڕێکخراوی لاوانیش دا سەپاوە، ئەم ڕێکخراوەیە سەرەڕای کەند و کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەکانی بەردەم خەبات و بەرەنگاری، هەروا لە سەر ئەرک و ئامانجەکان سوورە و پێی داگر بووە.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

لە کاتێک دا کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەسترێ کە بەختەوەرانە لە وڵاتی ئێمە دا کەلێن و مەودایەکی زۆر لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتی باڵا دەست دا کەوتۆتەوەو داخوازییە جەماوەرییە، نەتەوەییو سینفییەکان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ و تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران چاو نەترسانەتر لە پێشوو بە گژ دیکتاتۆرو سەرەڕۆیەکان دا دەچنەوە و بە ئازایەتییەکی بێ وێنەتر هاتونەتە مەیدان. لە نا پارێزەران و قۆڵەکانی دەسەڵاتیش دا کەلێن و ململانییەکی بەربلاو شکڵی گرتووەو پاوان خوازان و کودتاچییەکان بە کوشتن و گرتن و ڕاوەدونان و وەلانانی نەیارەکانیان و خەڵکانی نارازی لە هەوڵی یەکدەست کردن هەوڵی یەکدەست کردنی دەسەڵاتو کپکردنی هەر چەشنە نارەزاتەییەک دان. لە بەرمابەریشدا کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و بە تایبەت بە هەستێکی ئازایانەو پێداگرتن لە سەر داوا ڕەواکانیان و کۆمەڵێک لە ڕیفۆرمیستە حکومەتییەکان کە لە ڕاستی دا خۆیان لە گەڵ شەپۆلی بەرینی جەماوەری نارازی خستووە، بە دوای کودتای هەڵبژاردن دا هاتوونەتە سەر شەقام بوێرانە دەنگی نارەزایەتیی خۆیان بە گوێی جیهانیان دا دەدەن و تا ئێستا هەزینە و تێچوویەکی زۆریان لە پێناو ئامانجەکانیان دا داوە، ئەم ورە بەرزییەو ئیرادەی پۆلایینی کۆمەڵانی خەڵکو بە تایبەت توێژی لاو داموو دەزگای سەرکوت و داپڵۆسێنەری وەلەرزە خستووە. بە کورتی لە نێو خۆی وڵات دا بزووتنەوەیەکی سەراسەری مەدەنیانە لە گۆڕێ دایە کە لاوان بزوێنەر و داینەمۆی سەرەکی ئەو بزاوتەنو ئەم خەباتە بێجگە لە ڕێکخستن پێویستی بە دەست گرتن و پشتیوانی کردنی هەموو لایەک هەیە و هەر لەم پێوەندییە دا ئەرکی سەرشانی یەکیەتیی لاوانیشە وەک ڕێکخراوێکی سینفی بە ئەزموون و بە هاندان و ڕێنوێنی کردنی لاوانی کوردستان پاڵپشتییەک بۆ ئەم بزووتنەوە مەدەنیە ڕێک بخا.

بەڕێزان!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا هاوکات لە گەڵ درێژەی نارەزایەتیی خەڵک دژی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران یادی ٢٠ ساڵەی نەمر قاسملوو و هاوڕێیانی بەرز ڕاگیرایەوە کە ئەم یاد کردنەوەیە جگە لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان، خەڵکی کوردستانیش بە داخستنی دووکان و بازاڕ و نەچوونە دەر لە ماڵەکانیان جارێکی دیکە بە سەرانی ڕێژیمیان کوتوە کە هەر ئەوان بڕیاردەر و بکوژی سەرەکی ئەو ڕێبەرە مەزنەن و بەو هەڵوێستەیان جارێکی تر وەفا و ئەمەکداری خۆیان بۆ قاسملووی هەڵکەوتو پێشان دایەوە.

لە جێی خۆیدایە لەو یادە سەری کڕنوش لە بەرامبەر ئەو کەڵە پیاوە دانەوێنین و ئامۆژگارییەکانی بکەینە وانەو بۆ نەوەکانی دوای خۆمانی بلێنەوەو بڵێن ئەگەر یەکیەتیی لاوان یادگاری کۆماری کوردستانەو دەستکەوتێکی بە نرخی ئەو کۆمارە بووە ئەوە بیر و هزری قاسملووی شەهید بووە کە بە پشت گرتن و ڕێنوێنی کردنی دروست، شکڵێکی سەردەمیانە بە یەکیەتی لاوان بەخشی و بە بووژانەوەی ئەو یەکیەتیە خەبات و تێکۆشانی لاوانی کوردستانی بە گوڕتر کرد.

> ئەرکی سەرشانی یەکیەتیی لاوانە وەک ڕێکخراوێکی سینفی بە ئەزموون و بە هاندان و ڕێنوێنی کردنی لاوانی کوردستان پاڵپشتییەک بۆ ئەم بزووتنەوە مەدەنیە ڕێک بخا

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!!!

چاوەڕوانیم لە کۆنگرە ئەوەیە کە بە چاوێکی کراوە ئاوڕ لەو بزووتنەوە مەدەنی-یەی ئێستای ئێران بدەنەوە و ئەزموونی زیاتر لێ بە دەست بخەن و بە پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوە سینفی و بە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندی بە هێز دروست بکەن و کۆنگرە بکەنە مەیدانی بە بەرنامە کردنی بەرنامەکانتان و ڕێبازێکی نوێ و ئەمڕۆییانە بۆ ئێستای ڕێکخراوەکەتان دیاری بکەن؟

سەرکەوتنی کۆنگرەتان بۆ بەئاوات دەخوازم و هیوا ئومێدی ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ سەرجەم لاوانی کوردستان.

■



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## راپۆرتی سیاسی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی

# یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان



**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتی لاوان!**

**لاوانی خۆشەویست!**

هەروەک هەمووان دەزانین یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە پێی خاڵێک کە لە بەرنامە و پێڕەوی خۆیدا گونجاندوویەتی، لە نێوان ماوەی هەر دوو ساڵ جارێکدا کۆنگرە، واتە بەرزترین ئۆرگانی خۆی پێک دێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش بە پێی کاتی ئاسایی واتە تێپەڕبوونی دوو ساڵی پڕ بە سەر پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەم (گەلاوێژی ١٣٨٦) لە گەلاوێژی ١٣٨٨دا یەکیەتیی لاوان هەوڵ دەدا پێنجەمین کۆنگرەی خۆی پێک بێنێ. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا گەلێک رووداوی جۆراوجۆر لە ئاستی جیهان، ناوچە، ئێران و کوردستان دا روویانداوە کە باسکردن و ئاماژە پێکردنیان بە درێژایی ئەم راپۆرتە و هەروەها رۆڵ و کاریگەریی لاوان لەو رووداوانەدا بە پێویست دەزانین. هەرچەندە ماوەی دوو ساڵ لە رووی کاتەوە ماوەیەکی هێندە زۆر نیە، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەش دا کۆمەڵێک رووداوی زۆر گرینگی پەیوەندیدار بە نەتەوەی کوردەوە روویانداوە کە لە مێژووی ئەم نەتەوەدا بێ وێنە بوون. سرووشتییە کە راپۆرتی پێشنیاری سیاسی رێکخراوێکی وەک یەکیەتی لاوانیش بە گرینگی دان بە پرسی نەتەوەیی، بابەتەکانی پەیوەندیدار بە لاوان دەکاتە هەوێنی سەرەکی راپۆرتەکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆخی جیهان بە گشتی:
بێگومان ناتوانین لێکدانەوەیەکی ورد و درووستمان لە سەر رووداوەکانی جیهان لە ماوەی دوو ساڵی نێوان ١٣٨٦ تا ١٣٨٨ هەبێ، ئەگەر ئاوڕێکی هەرچەند کورتیش بێ لە رووداوەکانی چەند ساڵی پێشووتر نەدەینەوە کە کاریگەرییان لە سەر رووداوەکانی ئەم ماوەیەش هەبووە. یەکێک لە گەورەترین و بەرچاوترین دیاردەکانی ئەم چەند ساڵەی رابردوو کە زۆرتر خۆی لە نزیک بە دە ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستاش دەرخستوە دیاردەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بووە کە لە ئاستێکی زۆر مەترسیدار و بەرین دا پەرەی ساند و کاریگەری بەرچاوی لە سەر چۆنییەتی و چییەتی سیاسەتی وڵاتانی دنیادا هەبووە و دەسەڵاتدارانی چەند وڵاتێکی وەک ئێران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بواریان بۆ خۆشکردوە و پەرەیان پێداوە و لە بەرامبەر ئەم دیاردەیە بەرژەوەندی و ئاسایشی گەلێک وڵاتی دیکەشی خستۆتە مەترسییەوە. هەر لە سەرەتای دەستپێکی سەدەی ٢١دا یەکێک لە رووداوە گرنگە مێژووییەکانی جیهان کە بە رووداوی ١١ سێپتامبر ناسرا روویدا کە دنیای بە سەر دوو جەمسەری «دژی تیرۆریزم» بە ئاڵاهەڵگری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و «لایەنگری تیرۆریزم» بە ئاڵاهەڵگری چەند وڵاتێک کە بە تەوەری سەرەکی ئاژاوەگێڕی و فیتنە ناسران دابەش کرا، ئێرانیش یەکێک لەوان بوو. لە پاش ئەم دابەشبوونە، بە هێزی نیزامی دوو دەوڵەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان و بەعس لە عێراق لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانییەوە هێرشیان کرایە سەر و دواجاریش ئەم دوو دەوڵەتە رووخان و دەسەڵاتێکی خەڵکیان لە جێگە دامەزرا. هەرچەندە بە رواڵەت زەبرێکی گەورە و کاریگەر لە سەرچاوەی تیرۆریزم درا، بەڵام دەستی رەشی تیرۆریزم بە درێژایی ئەم چەند ساڵە بەردەوام بووە لە کوشت و بڕ و تۆقاندن و نواندنی توندو تیژی و بەداخەوە هەزاران کەسی مەدەنی و سیڤیل بوونەتە قوربانی و ئەمە دەردەخا کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ خاشەبڕکردنی تیرۆریزم هێشتا ئەم دیاردە قێزەونە یەکێکە لە گەورەترین مەترسییەکان بۆ سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی .

کۆمەڵێک دیاردە و قەیرانی بەرچاوی دیکە کە زۆر کاریگەریی نێگەتیڤ و کێشەخوڵقێنی لە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە گشتی و توێژی لاوان بە تایبەتی داناوە لەم ماوەیەدا زیاتر پەرەیان سەندوە و پەلوپۆیان هاویشتووە، لەوانە: بێکاری، هەژاری، ئێعتیاد، ئایدز، قەیرانی گرانی و هەڵاوسانی کەم وێنەی ئابووری، هەڕەشەی دەوڵەتی، پیسبوونی ژینگە، نەبوونی داهاتێکی گونجاو، پێشێلکرانی مافی مرۆڤ بە رادەیەکی بەرچاو، شەڕ و کۆمەڵکوژی، سەرکوتی ئازادیخوازی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و مەدەنییەکان و.. برسییەتی و بێکاری و نەبوونی داهاتێکی گونجاو بۆ دابین کردنی بژێوی ئاسایی ژیان باڵی بە سەر زۆربەی وڵاتانی دنیادا کێشاوە و بە تایبەتی دوای قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری جیهانی لەم چەند مانگەی دواییدا دەبینین کە رۆژانە ژیانی زۆر مرۆڤ و لەو نێوەدا ژیانی توێژی هەژار و بە تایبەتی منداڵانی برسی زیاتر کەوتۆتە بەر مەترسییەوە. ئێستا کە قەیرانی هەڵاوسانی ئابووری جیهانی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیای گرتۆتەوە و کاریگەری زۆر خراپی لە سەر دۆخی خەڵکی ئاسایی هەم لەم وڵاتانەدا و هەم لە وڵاتانی دیکەی دنیادا دانا کە رێژەی هەژاری و دەستکورتی و برسیتی لە جیهان دا زیاتر بردە سەر و لە زۆر شوێن دا باری ژیانی خەڵکی نەدار و بێ دەرەتانی تا ئاستی قەیران بردوە.

لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی رابردوودا سەرەڕای هەوڵی هەموو لایەنەی ئاشتیخوازەکانی دنیا، هێشتاش ئاشتی و تەنایی لە بەشێکی بەرچاوی دنیادا سەقامگیر نەبووە و شەڕ و پێکدادانی لایەنەکانی دژ بە یەکتری جیا لەوەی گیانی بەشێکی بەرچاو لە شەڕکەرانی لایەنە ناکۆکەکان دەگرێ، دەبێتە هۆی

”
دەستی رەشی تیرۆریزم بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی رابردوو بەردەوام بووە لە کوشت و بڕ و تۆقاندن و نواندنی توندو تیژی و بەداخەوە هەزاران کەسی مەدەنی و سیڤیل بوونەتە قوربانی ، یەکێکە لە گەورەترین مەترسییەکان بۆ سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی
“



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوشتن، بێ سەروشوێن بوون، ئاوارەیی و تێکچوونی باری دەروونی و ژیانی ئاسایی خەڵکی بێلایەن و بێ تاوانیش. پرسێکی دیکە کە لەو ماوەیەدا زیاتر لە پێشوو گرینگی پێدراوە پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە کە ئەمڕۆکە بۆتە پرسێکی دەوڵەتی و جیهانی و هەر لەم سۆنگەیەوە لایەنگران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ بە بەردەوامی چاودێری ئەو وڵات و لایەنانە دەکەن کە مافی مرۆڤ لە بەرچاو ناگرن و بە توندی ئیدانەی کردەوە دژە مرۆییەکانیان دەکەن کە لە بەشەکانی دواتردا زیاتر دەپرژێینە سەری.

**بەڕێزان!**

لەم نێوەدا ئاوڕدانەوە لە دیاردەی بێکاری کە سەرچاوەی زۆر دیاردەی دزێوی وەک تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، گەندەڵی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە و تەنانەت کاریگەریی نێگەتیڤ و زۆرخراپی لە سەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی لاوان داناوە پێویستە ئاوڕی جیدی و بابەتییانەی لێ بدرێتەوە. هەروەها دیاردەیەکی گرینگی دیکەی نێوان ئەم دوو ساڵە پیسبوونی زیاتری ژینگەیە کە بەداخەوە شوێنی خراپی لە سەر گەرمبوون و پیسبوونی بەردەوامی زەویدا هەبووە و هەیە و لەم چەند ساڵەی دواییدا بەردەوام وەک مەترسیەکی گرینگ بۆ سەر ژیانی مرۆڤ باسی لێوە دەکرێ.

## دۆخی رێژیمی ئیسلامی ئێران لە ئاستی جیهان دا:

یەکێک لەو وڵاتانەی لە ماوەی دوو کۆنگرەی چوار و پێنجی یەکیەتیی لاوان دا لە ئاستی جیهان دا، لە قووڵترکردنەوە و خوڵقاندنی زۆر پێشهات و قەیرانی ناوچەیی و جیهانیدا دەستی باڵای هەبووە وڵاتی ئێران بوو. هەر لە هاوینی ساڵی ١٣٨٦ بەملاوە رێژیمی ئیسلامی ئێران بە پێی ئەو رۆڵەی لە سیاسەت و ئاسایشی جیهانیدا دەیگێڕێ وەک یەکێک لەو وڵاتانەی کە مەترسی جیددییان بۆ جیهان هەیە ناسرا و هەر لەو ماوەش دا زۆر جار لە لایەن بەرپرسانی بەرزی ئەو رێژیمەوە هەڕەشە لە سەر وڵاتێک یان ئەمنییەت و ئاسایشی وڵات یان ناچەگەلێک لە جیهان کرا کە ئەوەش هەڵوێستی نارازی یەکدەستی وڵاتانی ناوچە و جیهان و بە تایبەتی رۆژئاوایی و لە سەرووی هەموویانەوە وڵاتی ئەمریکای بە دواوە بووە خولقانی ئەم دۆخەش کاریگەری هەبوو لە سەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشتوانی وڵاتی ئێران و بە گشتی دۆخی ژیانی ئاسایی خەڵکی لە ئێران دا بەرەو دۆخێکی نالەبارتر برد. لە لایەک هەڵاوسان چووە سەر و لە لایەکی دیکەوە رێژیم هەوڵەکانی خۆی بۆ بەهێزبوون و پرچەکترکردن و یەک دەست کردنی زیاتری خۆی چڕتر کردەوە و لەم پێوەندییەدا گوڕ و تینی زیاتری بەخشی بە پرۆژەی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە مەبەستی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، بە شێوەیەک کە چەندین جار لە لایەن کاربەدەستانی رێژیمەوە هەواڵ و راپۆرتی جێی مەترسی لە پێشکەوتنی پێوەندیدار بە وزەی ناوکی خرایەروو. ئەم دۆخە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر ئاڵۆز دەبوو و رۆژئاواش کە رێگای دیپلۆماسی بۆ دەستهەڵگرتن و راوەستان و تەنانەت روونکردنەوەی زیاتری رێژیم لەم بارەوە گرتبوە بەر نەک هیچ سوودیکی نەبوو، بەڵکوو رێژیم ئەو شێوازە رووبەڕووبوونەوەیەی بە هەلێک زانی بۆ کڕینی کاتی زیاتر بۆ زۆرتر پەرەپێدانی هەوڵەکانی خۆی لەم بارەوە. هەروەک ئاماژەمان پێکرد ئەم جۆرە سیاسەتەی کە سەرانی رێژیم گرتوویانەتە بەر کاریگەری زۆر خراپی لە سەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران بە گشتی و یەک لەوان گەلی کورد لە وڵاتی ئێران دا دادەنا. بەداخەوە بە هۆی زیاتر زەقبوونەوە و بە گرینگتر زانینی پرسی ناوکی لە ئێران دا، پرسی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە و سەرکوتی جیابیران، ئازادیخوازان و بزووتنەوە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان کەمتر کەوتە بەر سرنجی وڵاتانی جیهان و بە تایبەت خۆراوا و بەم پێیەش رێژیم زیاتر هەلی سەرکوت و ئێعدام و قۆڵبەست کردنی بۆ رەخسا. بە گشتی پرسی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ تەنیا لە چوارچێوەی دەرکردنی بڕیارنامە یان بەیاننامەیەکی مەحکوومکردن دا ماوەتەوە و مەسەلەی ناوکی ئێران دەرەتانی ئەوەی نەداوە کە ئەو پرسە وەک پێویست کاریگەری لە سەر دیپلۆماسی وڵاتانی رۆژئاوا دانێ. ئەم پرسانە و لە سەرووی هەموویانەوە سیاسەتی سەرکوت و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەم ماوەدا لە ئێران بەرادەیەک زۆر بووە کە رێژیمی ئیسلامی وەک یەکێک لە سەرەکیترین وڵاتانی دنیا لە باری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئازادیخوازان و زیندانێکی گەورە بۆ جیابیران لە جیهان دا ناسراوە و چەندین جار بە شێوەی جۆراوجۆر لە رێگای رێکخراو و لایەنی جۆراوجۆرەوە مەحکووم کرا.

لە پاش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە وڵاتی ئەمریکادا تارادەیەک سیاسەتی جیهانی بەرامبەر رێژیمی ئیسلامی ئێران گۆڕانی بە سەرداهات و هەوڵ بۆ پەیوەندیگرتن و دانوستان لەگەڵ ئەم رێژیمە بە روونی وەبەرچاو دەکەوت. تارادەیەک کە سەرۆک کۆماری ئەمریکا تایبەتی بە بۆنەی نەورۆزەوە پیرۆزبایی بۆ خەڵکی ئێران نارد و چەندین جار لە رێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی پەیوەندیگرتن بە مەبەستی وتووێژی بێ هیچ پێشمەرجێکی لەگەڵ رێژیمی ئیسلامی هێنایە گۆڕێ. لە جۆزەردانی ئەمساڵدا هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری لە رێژیمی ئیسلامیدا هاتەگۆڕێ و پاش بەشدارییەکی بێوێنەی خەڵکی ئێران، پارێزەرانی نیزام بە زەوت و دزینی دەنگی زۆرینەی خەڵک، کودەتایەکی ئارامیان رێک خست کە لەگەڵ نارەزایەتی بەرین و بێوێنەی خەڵکی ئێران لە زۆربەی شوێنە جۆراوجۆر و شارە گەورەکان دا رووبەڕووبۆوە. بە جۆرێک کە زۆرێک لە پسپۆڕانی سیاسی جیهان ئەم کارەی دەسەڵاتدارانی سەرەوەی رێژیم و لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرووی هەموویانەوە وەلی فەقیهیان بە کودەتا و دزی دەنگی دەنگدەران ناساند و هەڵوێستی خەڵکی ئێرانیان بە راپەڕینێکی ئاشتیانەی ریفۆرمیستانە و مەدەنی ناودێر دەکرد. ئەم شەپۆلە لە ناڕەزایەتی و دەنگ هەڵبڕینە بێوێنە و مەزنەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، سەرەتا لە پێتەختی ئێران واتە لە شاری تارانەوە سەری هەڵدا و دواتر و بەخێرایی شارەگەورەکانی دیکەی ئێران و بەشێک لە شارەکانی کوردستانی تەنییەوە، کە مخابن لەگەڵ سەرکوتی بێبەزەییانە و دڕندانەی هێزە نیزامی و سەرکوتکەرە تایبەتییەکانی ڕێژیم بەرەوڕووبۆوە. ساختەکاری و فرت و فێڵ بۆ دانانەوەی ئەحمەدی نەژاد وەک سەرۆک کۆماری هەوێنی یەکەمین ناڕەزایەتی خەڵکی ناڕازی بوو کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمەوە وەک «درک و داڵ » یان «سەرسەری»، «بەڕەڵا»، «بێکەس و کار»، «تێکدەر»و «سیخوڕی وڵاتانی دوژمنی کۆماری ئیسلامی».. ناوزەد کران. ئەم هەڵوێستەی ڕێژیم پانتایی ناڕەزایەتییەکانی بەرینتر و قووڵتر کردەوە کە تا ئاستی لەقبوونی کۆڵەکەکانی ڕێژیم و هاتنە ژێر پرسیاری ویلایەتی فەقیە چوو و پەرچەکرداری سەرکوتیش لە لایەن ڕێژیمەوە بەرینتر و بێزەییانەتر و بە بەرنامەتر ئەنجامدا. بۆ وێنە هەر لە یەکەمین ڕۆژەکاندا بە مەبەستی سەرکوت و کپ کردنی دەنگی ناڕەزایەتییەکان هەموو ڕۆژنامەوان و هەواڵنێرە سەربەخۆکانی ئێرانییان کپ کرد و بیانییەکانیان لە وڵات وەدەرنا. بەو حاڵەش خەڵکی وەزاڵەهاتوو کۆڵیان نەدا و لەم نێوەدا لاوانی بوێر و ئازا جێی ڕۆژنامەوان و هەواڵنێرەکانیان گرتەوە و بە سەدان گرتە و دێکۆمێنتیان لە چۆنییەتی بەڕێوەچوون و سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان خستە بەرچاوی رای گشتی جیهانی و بەمجۆرە فیلم و دۆکیۆمێنتەکانی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی پڕۆژەی نگریس و پڕ لە شەرمەزاری و نائینسانی سەرکوتی ڕێژیم دنیای هەژاند و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵوێستی وڵاتانی جیهان و بە تایبەتی ڕۆژئاوای بەرامبەر بەم ڕێژیمە گۆڕی، بە جۆرێک کە چەندین جار لە لایەن ناوەند و لایەن و دەوڵەتی جۆراوجۆرەوە ئەو هەڵوێستەی ڕێژیم مەحکووم کرا و لە بەرامبەردا ڕێژیم هەموو ناڕەزایەتییەکی بە «دەستتێوەردانی دوژمنانی نیزام» ناوزەد کرد و دەرکەوت لەم نێوەدا ڕێژیم لە هەمووان زیاتر بەرۆکی وڵاتی بریتانیای گرت و بە دەرکردنی چەند دیپلۆماتی بریتانیایی و گرتنی کارمەندانی خۆوڵاتی باڵوێزی بریتانیا لە تاران پەیوەندی نێوان ئەم دوو وڵاتە ئاڵۆز و گرژتر بۆوە و هەر ئەوەش لە باتی پیرۆزبایی بە بۆنەی ئەم خولەی هەڵبژاردن، ناڕەزایەتی جیهانی و بە تایبەتی ڕۆژئاوایی بۆ ڕێژیم و سەرۆک کۆمارەکەی بە دیاری هێنا.

ئەگەر خەڵکی ئێران بە بەشداری بێوێنەیان لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا جارێکی دیکەش «نا»یان بە قوڵی پاوانخواز و دەست و پێوەندەکانی خامنەیی گوت، لە پاش کودەتای ٢٢ی جۆزەردانەوە بەشێکی هەرە زۆری وڵاتانی دنیاش بە بێدەنگی خۆیان «نا»یەکی بێوێنەیان بە کوودەتاچییەکان و دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە گوت. بێگومان ئەم کوودەتایە و دواتر ناڕەزایەتی گەلانی ئێران کە کاردانەوەی جیهانیشی بەدوای خۆیدا هێنا کۆمەڵێک دەرەنجامی دەبێ کە هەموویان کاریگەرییان لە سەر وڵاتەکەمان بە گشتی و لەو نێوەدا توێژی لاوان دەبێ کە ناکرێ سەرنجیان نەدرێتێ. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە کۆڵەکەی سەرەکیی ڕاپەڕین و دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بە کودەتای ٢٢ی جۆزەردان، لاوان بوون. وا چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتووش دا هەر ئەم هێزە دەتوانێ گۆڕانی زۆر جیددی بۆ وڵاتەکەمان بێنێتە گۆڕێ کە لەم نێوەدا پێویستە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک یەکێک لە ڕێکخراوە بە ئەزموون و دەروەستەکانی وڵاتەکەمان، لەم بوارەدا ڕۆڵی ئەکتیڤ و بەرچاو بگێڕێ کە ئەوەش بەستراوەتەوە بە داڕشتن و گرتنەبەری بەرنامە و پلانێکی گونجاو بۆ ڕێکخراوەکەمان ئەم ئەرکەش

”
پسپۆڕانی سیاسی جیهان ئەم کارەی دەسەڵاتدارانی سەرەوەی ڕێژیم و لە سەرووی هەموویانەوە وەلی فەقیهیان بە کودەتا و دزی دەنگی دەنگدەران ناساند و هەڵوێستی خەڵکی ئێرانیان بە ڕاپەڕینێکی ئاشتیانەی ڕیفۆرمیستانە و مەدەنی ناودێر دەکرد
“



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

> لە باری ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، جیا لەوەی خەڵکی جیهانی بە سەر دوو بەشی دۆست و دوژمن دا دابەش کردوە، کۆمەڵگای نێوخۆی ئێرانیشی بە گشتی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بە تایبەتی بە مەبەستی مانەوەی خۆی بە هەر شێوەیەک بێ دابەش کردوە

پێویستە لە بەرزترین ئۆرگانی ئەم ڕێکخراوە واتە لە کۆنگرەدا داڕێژرێ. بێگومان سەرکەوتنی کۆنگرە بە گشتی و داڕشتنی ڕێباز و بەرنامەیەک بە تایبەتی لە کۆنگرەدا بە هەوڵ و بەشداری دڵسۆزانەی نوێنەرانی کۆنگرەوە گرێ دراوە.

## ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران دا:

بە هۆی گرینگی ئەم پرسە بە درێژایی ئەم ڕاپۆرتە هەوڵ دەدرێ دۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتی ئێران دا گرینگی تایبەتی پێ بدرێ. وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران دا هێندە خراپە کە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دنیا لەم سۆنگەوە تووڕەیی خۆیان بە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەربڕن. لە هەموو ماوەی تەمەنی ٣٠ ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامی بە سەدان جار لەم پەیوەندییەدا لە لایەن ناوەندەکانی چاوەدێری مافی مرۆڤی جیهانی و حیزب و لایەن و تەنانەت دەوڵەتانەوە نیگەرانی سەبارەت بە وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران دا خراوەتەڕوو و ڕێژیمی ئیسلامیدا ئێران بە بێ گوێدان بەم مەحکوومکردن و نیگەرانییە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیانی لە خەڵکی ئێران بە گشتی و بە تایبەتی جیابیران و ڕووناکبیران و ئازادیخوازن تاڵتر کردوە. سیاسەتی سەرکوت و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەم ماوەدا لە ئێران بەرادەیەک زۆر بووە کە ڕێژیمی ئیسلامی وەک یەکێک لە نالەبارترین وڵاتانی دنیا لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئازادیخوازان و زیندانێکی گەورە بۆ جیابیران لە جیهان دا ناسراوە.

لە باری ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، جیا لەوەی خەڵکی جیهانی بە سەر دوو بەشی دۆست و دوژمن دا دابەش کردوە، کۆمەڵگای نێوخۆی ئێرانیشی بە گشتی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بە تایبەتی بە مەبەستی مانەوەی خۆی بە هەر شێوەیەک بێ دابەش کردوە. هەر کەس کە تەنانەت بچووکترین نارەزایەتی بەرامبەر بەم ڕێژیمە لا دەردەکەوێ بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ. ئەم کارەش لە لای ڕێژیم لە کپ کردن و دەستەمۆکردنەوە شێوازەکانی دەگۆڕێ و تا ئاستی بە دڕندانەترین شێوە کوشتن و لەنێو بردنیش هەڵدەکشێ. لایەنێکی دیکەی ڕووانگەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە وڵات دا لەوەدا خۆی دەردەخا کە تەنانەت وەک کەرەستە و ئامرازێک بۆ ڕەوایی پێدان و مانەوەی خۆی کەڵک لە حەشیمەتی خەڵکی ئێران وەردەگرێ. بۆ وێنە لە بۆنەی تایبەتی ئایینیدا هەستی ئایینی دەقۆزنەوە، زۆر جار خەڵکی ئێران لە مەسەلە جۆراوجۆرەکان دا ڕووبەڕووی هێرشی نارەزاییەتییە دەوڵەتییەکان دەکەن و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کار بۆ خراپ تێگەیاندنی خەڵک لە واقعی مەسەلەکان دەکرێ، ڕێژەی بەشداری خەڵکیان لە هەڵبژاردنەکان دا تەنیا بۆ ڕەواییدان بە خۆیان و خۆبادان بە بەرچاوی دنیاوە دەوێ. هیچ نیگەرانییەکیان لەوە نیە کە شەڕی خوێناوی وماڵوێرانکەر تووشی خەڵکی ئێران ببێ، هەر وەک ئەزموون دەریخستووە کە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و ئێراقیان هەر بەم خەڵکە چەوساوە و وەزاڵەهاتووە خوێناویتر کرد.

سەبارت بە ئازادی مەدەنی و تەنانەت ژیانی ئاسایی و تایبەتی و تاکەکەسیش ڕێژیم کۆمەڵێک ڕێوشوێنی داناوە کە نەک ناکرێ سەر پێچییان لا بکرێ بەڵکوو دەقاودەق ڕەچاو نەکردنیشیان سزای زۆر توندی لا دەکەوێتەوە، لە ڕاستیدا ئەمە دیوی پراکیتکی و بەڕێوەبردنی ئەم پۆلێنەکردنە ناسەردەمییانەیە کە ڕێژیم دەست لە شێوە و چۆنییەتی جل و بەرگ و خۆراک و کار و کاسپی و بە گشتی ژیانی ئاسایی خەڵک وەردەدا. ئازادییەکانی کۆمەڵ و تاکەکەسی بەرتەسک کردۆتەوە. پەیوەندی نێوان لاوانی سنووردار کردوە و کەلێنێکی گەورەی خستۆتە نێوان کیژان و کوڕانی وڵاتەوە. ژیان لە وڵاتی ئێران دا لە ژێر سێبەری ئەم دەسەڵاتە بناژۆخوازەدا بە تەواوی مانا دوورە لە مافی سەرەتایی مرۆڤێکی ئاسایی ئەم سەردەمە.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی دەستبەسەرکران و زیندانی کران و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێعدام و توونـد و تیـژی نواندن دژی جیابیـران بـە رادەیەکـی بەرچاو بەرز بۆتــەوە. هــەر لــە پێوەندییــەدا ڕێژیم کەشــێکی پڕ لــە تــرس و نیگەرانی بۆ ئازادیخــوازان و چالاکانــی مەدەنــی و یاسـایی و سیاسـی لــە سەرانســەری ئێران و بە تایبەتی کوردستان پێکهێناوە. ساڵی رابردوو ڕێژەی دەستبەسەرکران و دیاریکردنی سزای ئێعدام بۆ چالاکانی کـورد نارەزایەتـی نێوخۆیی و جیهانی بە دواوە بـوو. هەڵسـوکەوتی خراپ و ئەشـکەنجەدان و ڕەوشـی خراپـی زیندانیـان لە ئێران بەڕادەیەک زۆرە کە نیگەرانی و تووڕەیی ناوەندەکانی مافی مرۆڤی پێکهێنـاوە. هەر لەم پێوەندییەدا بەشـێکی بەرچاو لە زیندانیانی چالاکی مەدەنی و سیاسی کورد لە زیندانەکانی ڕژێیـم لــە کوردسـتان بە مەبەسـتی نارەزایەتی دەربڕین لە ڕەوشی چالاکانی سیاسـی لــە زینـدان دا مانگرتنێکـی بێوێنەیان گرت کە ڕەنگدانەوەی جیهانی هەبـوو. لــە پـاش نارەزایەتـی خەڵکی ئێران دژی کوودەتای ٢٢ی جۆزەردان ڕێژەی دەستبەسـەرکران و سـەرکوت و پێشـێلکردنی مافی مـرۆڤ لە ئێران دا بـە ڕادەیەکی بەرچـاو زیاتر بووە و دۆخی گرتن و سەرکوت هەر ئێستاش بەردەوامە.

**دۆخی لاوان لە ئاستی جیهانیدا:**

بێگومان دۆخی لاوان لە شوێن و ولاتە جۆراوجۆرەکانی جیهـان دا وەک یەک نیـە و شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێک و لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی دیکە دەگۆڕدرێ، بـەڵام لــە هێندێـک لایەنـەوە لاوان لە هەموو شـوێنەکانی دنیـا ڕۆڵ و پێگە و کاریگـەری و تەنانەت چارەنووسـی هاوبـەش و لێکچوویان هەیـە. ڕەوتی بێوچان و تیژتیپەڕی پێشکەوتن لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا لە هەموو شوێنێکی ئـەم جیهانـە کە یەکێکە لـەو لایەنانەی دەکـرێ وەک خاڵێکـی هاوبـەش بـۆ لاوان سەیری بکرێ، دەوری بەرچاوی لاوانـی بەخـۆوە دیـوە. لـە ولاتانـی پێشکەوتوودا لاوان وەک توێژێکی زۆر چـالاک و بەرهەمهێنەری پێشـکەوتنی زیاتـر بەشـداری دەکەن و لـە ولاتانی تازەپێگەیشتوو یان دواکەوتوودا لاوان لە هەموو توێژەکانی دیکە زیاتر ئامادەیە بـۆ گونجان لەگەڵ دیـاردە مۆدێرن و ئەمرۆییەکانی جیهان. پێشکەوتنی سات لە دوای سـات لە هەموو بـوارەکان دا وای لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردوە کە جیهـان بچووکتر بکاتـەوە و مرۆڤ لە بەرامبەر هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا هەڵوێست و هۆشیاری تایبەتی هەبێ کە ئەم بچووکبوونەوە و بەجیهانیبوونەش کاریگـەری بەرچـاوی لە سـەر لاوان هەبـووە. سرووشـتی ئاسـایی ئـەم دیاردەیـەش پێویسـتییەکی گرینگمـان دەخاتـە بـەردەم کـە بریتییـە لەوەی کە لاوان پێویسـتە لـەم دەرفەتە کەڵک وەربگرن و هەنگاوی جیددی و لێبڕاوانە بۆ خۆگونجاندن و تێکەڵبوون بەم ڕەوتە بەسوود و سەردەمییە هەڵێنینەوە.

لێـرەدا بە پێویسـتی دەزانین کە ئاماژە بکەین بە یەکێک لەو ڕووداوە گرینگانەی کە لەو ماوەدا لە ئاسـتی کوردستان دا ڕوویـدا کـە ئەویـش هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانی ولاتی تورکیا بوو کە حیزبی د، ت، پ وەک حیزبێکـی کوردسـتانی بەشـداری لـەو هەڵبژاردنانـەدا کـرد و توانـی دەنگێکـی بەرچاو وەدەسـت بێنێ. بەخۆشـییەوە لــەم ئەزموونە پڕ دەسـکەوتەدا لاوانی ئاگا و بەهەسـتی کـورد ڕۆڵێکـی چـالاک و کارایـان لە سەرخسـتنی ئەو پرۆسـەیەدا گێڕا کە بەختەوەرانە ئەو پرۆسـەیە دەتوانێ لە ئێستا و لە داهاتوودا کاریگەری لە سەر پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکە دابنێ و گوڕ و تینی زیاتـر بە بەئاکام گەیشـتنی خەباتـی نەتـەوەی کـورد ببەخشێ.

**لاوان لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دا:**

دەسـەڵاتی ئیسـلامی لـە ئێـران لـە پـاش هاتنە سـەرکاری توێـژی لاوانی کـردە دەسـتەچیلەی ئاوری شـەڕێکی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵە لەگەڵ ولاتی ئێراق دا کە بە هەزاران لاو لەم شـەڕە ماڵوێرانکەرەدا گیانیان لە دەست دا. هەر لەو سەردەمەدا لە ژێر ناوی «شۆڕشی فەرهەنگـی» زانکـۆ و ناوەندەکانـی

”

ڕەوتی بێوچان و تیژتیپەڕی پێشکەوتن لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە کە یەکێکە لەو لایەنانەی دەکرێ وەک خاڵێکی هاوبەش بۆ لاوان سەیری بکرێ، دەوری بەرچاوی لاوانی بەخۆوە دیوە

“



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

فێربوون و پەروەردەکردن لە ئێرانی بە پێی سیاسەت و بەرژەوەندی خۆی پالاوت و دواتریش بە تێکەڵکێشکردنی ناسەردەمییانەی ناوەندە ئایینییەکان بە ناوەندەکانی ئاکادیمی و پەروەردەیی و گرینگیدانی زیاتر بە ناوەندەکانی فێربوونی ئایینی و پالاوتنی لاوان بۆ دەرچوون بۆ زانکۆکان، جیاوازی دانان لە نێوان کچان و کوڕان، دەستێوەردان لە ژیانی ئاسایی خەڵک و دانانی چەندین ناوەند و شوێنی بە ناو پارێزەری ئەخلاق و خوورەوشتی ئینسانی، سەپاندنی فەرهەنگێکی یەکدەست، دیاریکردنی چۆنییەتی ژیان بۆ خەڵک هەر لە بواری سیاسییەوە تا دەگاتە تەنانەت لەبەرکردنی جل و بەرگ، ژیانیان لە خەڵکی ئێران حەرام کرد و کەشێکی پڕ لە خەفەقان و دواکەوتووییان بە سەر کۆمەڵگای ئێراندا زاڵ کرد کە لە هەموو توێژێک زیاتر بەرۆکی لاوانی گرتەوە.

کۆمەڵگای ئێران یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە بە کۆمەڵگایەکی لاو پێناسە دەکرێ، زۆربەی ئامارەکان بۆمان دەردەخەن کە بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی وڵاتی ئێران لە توێژی لاو پێکهاتووە کە نێونجی تەمەنیان لە ١٥ ساڵ تا ٣٠ ساڵە توانای کارکردن و کارامەبوونیان هەیە. ئەم تایبەتمەندییە بۆ کۆمەڵگای ئێران تایبەتمەندییەکی یەکجار باشە کە بەداخەوە ئێستا بە هۆی نەبوونی سیاسەتێکی گونجاو و لەبار بۆتە گرفتێکی گەورە و مەترسیدار لە وڵاتی ئێران دا کە ئاستی بێکاری بە رادەیەکی زۆر بردۆتە سەر و هەر ئەم دیاردەیەش بۆتە هەوێنی سەرهەڵدانی زۆر مەترسی و دیاردەی دزێوی دیکە کە جێی نیگەرانین. بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن و هۆشیاری لاوان و گرتنەبەری رەوتی هەرچی زۆرتری پیشکەوتنخوازی و بەجیهانیبوون لە نێو توێژی لاوان دا وەک دیاردەیەکی گرینگ سەرنجی دەدرێتێ. توێژی لاوان لە وڵاتی ئێران دا چالاکترین توێژین بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ کۆنەپەرستی و سیاسەتەکانی دژەلاوانەی رێژیمی ئیسلامی لە ئێران. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە رێژیمیش بۆ مانەوەی خۆی هەموو هەوڵێک دەدا کە لە لایەک بەرەی دژبەرانی خۆی لەم توێژەدا لاواز بکا و لە لایەکی دیکەوە هەوڵ دەدا کە هەر لەم توێژە هێزی سەرکوتکەر و شەڕکەر بۆ خۆی درووست بکا. لە وڵاتی ئێران دا توێژی لاوان بەرامبەر بە زۆربەی دیاردە باش یان خراپەکان دژکردەوەی جێی سەرنجیان هەیە و لە هێندێک بواردا ئەکتیڤبوونیان بۆ دیاردە دزێو و ناشیرینەکان جێی نیگەرانین و تێکەڵبوونیان بە دیاردە گونجاو و پێویستەکان جێی دڵخۆشی و هومێدن.

لە راستیدا لەم رێژیمەدا توێژی لاوانیش وەک زۆرێک لە توێژەکانی دیکە پێناسەی تایبەت بە خۆی بۆ کراوە و بە شێوەی جۆراوجۆر دابەش کراوە. ئەو بەشە لە لاوان کە بە جۆرێک لەگەڵ رێژیمە کەمترین کێشەی بۆ نایەتە پێش و زۆر ئیمتیازی دەوڵەتی لەباری هەیە و بە گشتی ئەوەی لەگەڵ رێژیم نیە سەرەڕای بێ بەش بوون لە زۆر ئیمتیاز تەنانەت بە ناو و ناتۆرەی ناشیرین دابەش کراون و بەناشیرینترین شێوە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکرێ.

ئاشکرایە کە بەشێکی بەرچاو لە لاوانی جیابیر و ئازادیخوازانەی کە فریوی فێڵ و هەوڵەکانی رێژیم ناخۆن و ناکەونە داوی ئەم رێژیمەوە، رۆژانە هەموو هەوڵێکیان دەخەنەگەڕ بۆ گۆڕان و یان چاکسازی کە بە تاوانی «سەرەسەری»، «تێکدەر»، «دژی خودا»، «دژ بە ئازادی و ئاسایشی وڵات»، «دژی نیزام و ویلایەتی فەقیە» و.. تووشی چارەنووسی سەرکوت، دەستبەرسەرکران، ئەتککردن و سووک کردن، بێ سەرو شوێن کردن، ئێعدام و هەموو ئەو شێوازانەی کە رێژیم بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان دەیانگرێتە بەر دەبنەوە.

## لاوان و بزووتنەوە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکان:

لاوان لە رەوتی نارەزایەتی دژ بە رێژیمی ئیسلامی لە ئێران دا کە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرەگرتن و بەهێزتربوون دایە رۆڵی سەرەکیان هەیە. بەشێکی بەرچاو لەم رەوتە کە بە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێ، تێکەڵە بە ویست و داخوازی نەتەوەکانی بن دەستی ئەم رێژیمە و بەشێکی دیکەی ئەم نارەزایەتییانە لە کۆمەڵێک ویست و داخوازی سەرتاسەرییەوە سەرچاوە دەگرێ. راستی ئەوەیە کە وڵاتی ئێران چوارچێوەیەکی جوگرافیایی قەراردادیە کە لە شەش نەتەوەی سەرەکی و کۆمەڵێکی زۆر کەمینەی جۆراوجۆری دیکە پێک هاتووە. هەر ئەم راستییەش بە درێژایی مێژوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێرانی هەوڵی حەشاردان و حاشاکردنی بۆ دراوە و هەر لەم رەهەندەشەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە وڵاتی ئێران دا و بە تایبەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا بە شێوەی جۆراوجۆر تاوانبار کراوە و هەوڵی سەرکوتکردنی دراوە، بەڵام ئەمڕۆکە هەموو نەتەوەکانی پێکهاتەی وڵاتی ئێران، زیاتر لە هەمیشە هۆشیاری نەتەوەییان بەرز بۆتەوە و زیاتر لە هەموو کاتێک هەوڵ دەدەن شووناسی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن کە لاوان لە هەموو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەی ئێران دا رۆڵی بەرچاویان لەم هۆشیاربوونەوەیە و شووناسپارێزییەدا گێڕاوە. هەر لەو رەهەندەشەوە نەتەوەکانی پێکهێنەری وڵاتی ئێران باس لە ئێرانێکی دیمۆکراتیکی ئازاد بە مافی وەک یەک و هاوبەش بۆ هەموو پێکهاتە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی ناو وڵاتی ئێران دا دەکەن، بەو واتایە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی تێکەڵ بووە بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سەرتاسەری لە ئێران دا. بە گشتی گەلی کورد وەک یەکێک لە نەتەوەکانی پێکهاتەی وڵاتی ئێران، مێژوویەکی چەندین ساڵەی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ویست و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داخوازییەکانی خۆی تۆمار کردوە. هەر ئەم خەباتەش لە یەکەمین رۆژەکانی هاتنە سەرکاری رژێمی ئیسلامی ئێران، دوژمنایەتییەکی بێ وێنە و لەبڕان نەهاتووی لە لای کاربەدەستانی رژێم درووست کرد کە رژێم بۆ سەرکوتکردنی ئەم خەباتە رەوایە دەستی لە هیچ جەنایەتێک نەبواردوە. هەربۆیەش بە گشتی لاوی کورد، بەرادەیەکی زۆر بەرچاوتر لە لاوانی دیکەی چوارچێوەی ئێرانی بن دەست دا لەگەڵ سەرکوت و سیاسەتی نامرۆڤانە بەرەورووی بۆتەوە. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە درێژەدانی بێ پسانەوە و لێبڕاوانە لە خەبات بۆ وەدیهاتنی ویست و داخوازییەکانیان، رژێمی ئیسلامی ئێرانیان لەوە دڵنیا کردوە کە تا وەدیهاتنی ماف و ویستە رەواکانیان لەم پێناوەدا شێلگیرانە درێژە بە خەبات دەدەن. هەر ئەوەش وای لە کۆماری ئیسلامی کردوە کە نامرۆڤانە و بێبەزییانەترین سیاسەت و هەڵسووکەوت بەرامبەر بە لاوانی کورد لە وڵاتی ئێران دا بگرێتە بەر.

لەم چەند ساڵەی دواییدا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و خوێندکاری لە ئێران دا شێوەیەکی تازەی بەخۆوە گرتووە و لە شێوەی نارەزایەتی مەدەنی، ئاشتیخوازانە، دامەزراندن و پەرەپێدانی رێکخراوە سینفییەکان و نافەرمانی مەدەنی وەک مانگرتن، دەست لە کارکێشانەوە و.. خۆی دەردەخا کە لەم بوارەش دا لاوان رۆڵی بەرچاو و ئەکتیڤیان هەبووە. لەم نێوەدا خاڵێکی زۆر جێی سەرنج ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو ئەو لەمپەر و ئاستەنگ و هەڵاوارتنەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ کچان و ژنانی داناوە، بەشداری کچان و ژنانی لاو لەم بزووتنەوە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی و نارەزایەتییانەدا رۆڵێکی بەرچاویان بووە کە وڵامێکی پڕ بە پێستی بەو روانگە و سیاسەتی بەکەمگرتنی ژنان و هەڵاوارتن و سنووردانانە لە رژێمی ئیسلامی ئێران دا داوەتەوە کە ژنان لە بۆ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤێکی ئازاد و ئاسایی بێبەش کراون. بێگومان ئەم بەشدارییە بەرینەی کچان و ژنان لە سەرکەوتنە بەرچاوەکانیان لە ماوەی چەند ساڵی رابردووەوە سەرچاوە دەگرێ. بە پێی ئاماژەکان دەرکەوتووە کە زیاتر لە ٨٨٪ ژنانی وڵاتی ئێران خوێندەوارن و هەروەها رێژەی دەرچووانی کیژان بۆ خوێندنی باڵا بە بەراورد لەگەڵ رێژەی کوڕان لە ساڵانی پێشوو زیاتر بووە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش نرخی بێکاری بەڕادەیەکی بەرچاو لە نرخی بێکاری پیاوان زیاترە، هەربۆیەش نرخی بەشداری ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاوان زۆر لە ئاستێکی نزم دایە کە ریشەکانی ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی زاڵ و یاسای بنەرەتی وڵات، کەمکردنەوەی فرەچەشنی کار بۆ ژنان، بەرتەسک کردنەوەی کاری تایبەت بە ژنان و کولتووری کۆمەڵگا و خۆبەکەمگرتن و خۆلاوازدیتنی ژنانە.

دامەزرانی سەدان رێکخراوی سەربەخۆ و چالاکییان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا، دەست لە کێشانەوەی هەزاران کرێکار یان کارمەندی دەوڵەتی، بڵاوکردنەوەی چەندین بڵاوکراوە کە هەڵگری ویستێکی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی یان مەدەنی بوون و زاڵبوونی دیسکۆرسی پڕ لە رەخنە لە دۆخی زاڵی هەنووکەیی لە ئێران، هاتنە سەر شەقامەکان و رێپێوانە مەدەنییەکان و رۆڵی بەرچاوی لاوان و بەتایبەتی لەو نێوەش دا خوێندکاران لە نموونە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و مەدەنی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بووە کە هەڵدەگرێ زۆر لەوە زیاتر باسیان لە سەر بکرێ و رۆڵی لاوان تێیاندا دیاری و روون بکرێتەوە.

### لاوان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان:

زۆرینەی توێژی لاوان لە وڵاتی ئێران دا لە چینی ناوەندی کۆمەڵگادا هەڵکەوتوون کە هەر ئەم توێژە زۆرترین و چالاکترین و گرینگترین چینی پێکهاتەی وڵاتی ئێرانی پێکهێناوە ئاشکرایە کە ئەم توێژە بە هۆی رۆڵی بەرچاو و ئەکتیڤ بوونی لە هەموو توێژەکانی دیکە زۆرتر دەکەوێتە بەر مەترسییەوە.

> „ کۆمەڵگای ئێران یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە بە کۆمەڵگایەکی لاو پێناسە دەکرێ، زۆربەی ئامارەکان بۆمان دەردەخەن کە بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی وڵاتی ئێران لە توێژی لاو پێکهاتووە کە نێونجی تەمەنیان لە ١٥ ساڵ تا ٣٠ ساڵە توانای کارکردن و کارامەبوونیان هەیە “



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێکاری، ئیدز، هەژاری، کەم داهاتی و.. نموونەی بەرچاوی ئەو قەیران و گرفتانەن کە خەڵکی ئێران بە گشتی و توێژی ناوەندی بە تایبەتی گرتۆتەوە. یەکێک لە گرینگترین و بنەماییترین گرفتێک کە لاوان لە ئێران دا لەگەڵی بەرەوڕوون کێشەی بێکارییە. رێژەی بێکاران لە ئێران رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرە دەگرێ و بەشێکی بەرچاو لە لاوان بە هۆی بێکارییەوە تووشی کۆمەڵێک کێشەی دیکە دەبن وەک: خۆکوژی، ئێعتیاد، ناهومێدی، نەخۆشییە دەروونییەکان، تەڵاق، کوشتن، ئایدز، لەشفرۆشی، دیاردەی بەرتیلخۆری، گەندەڵی لە هەموو شێوەکانی کۆمەڵایەتی، ئیداری، سیاسی و پەروەردەیی، چوونەسەری تەمەنی پرۆسەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، مین و کۆمەڵێک گرفت و کێشەی دیکە کە لەم راپۆرتەدا هەرچەند کورتیش بێ ئاوڕیان لێ دەدەینەوە و باسیان دەکەین.

## بێکاری و هەژاری:

هێزی کار لە ئێران دا بەرادەیەک زۆرە کە وڵاتی ئێران بە کۆمەڵگایەکی لاو و لێهاتوو ناوزەد کراوە، زۆرترین رێژەی نێونجی تەمەنی ئەم هێزی کارە لە لاوان پێکهاتووە. ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە و کۆمەڵگای ئێران لە خەڵکێکی چالاک و هۆشیار پێک هاتووە کە ئەم دوو هۆکارە خۆیان دەتوانن کاریگەری زۆریان لە سەر پێشکەوتن و ئاوەدانی و نەمانی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە وڵات دا هەبێ. ئابووری وڵاتی ئێران ئابوورییەکی دەوڵەتییە کە کەرتی تایبەتی دەرەتانێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە کە بتوانێ لانیکەم بەشێک لە هێزی کاری وڵاتی ئێران بگرێتە خۆ و هەروەها لە ئاوەدانی و کەمکردنەوەی رادەی بێکاریدا بەشدار بێ. ئەم ئابوورییەش لە لایەک بە پێی کارنامەی سی ساڵەی رێژیم دەرکەوتووە کە پلانی ئابووری لە وڵاتی ئێران دا وڵامدەری چاوەڕوانی و پێویستییەکانی خەڵک نەبووە و لە لایەکی دیکە ئاستی گەندەڵی ئیداری و ماڵی دام و دەزگاکانی رێژیم هێندەی دیکە کاریگەری خراپی لە سەر باری ئابووری وڵات هەبووە.

لە پێوەندی لەگەڵ بێکاریدا هەرچەندە ئاماری جۆراوجۆر لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە دەخرێنەڕوو، بەڵام رێژیم لەمبارەوە لە لایەک هەموو هەوڵی ئەوەیە کە رادەی بێکاری زۆر لەوەی کە هەیە کەمتر نیشان بدا و لە لایەکی دیکەش دەیهەوێ رێژەی کارداتاشینیساڵانە زۆر لەوە زیاتر نیشان بدا کە هەیە، لە حاڵێک دا دەرکەوێ «رێکخراوی کارو دابینکردنی کۆمەڵایەتی» زۆر کەمتر لە چاوەڕوانییەکان کاری نوێ بۆ بێکاران ئامادە دەکا. ئامارەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئاستی بێکاری لە وڵاتی ئێران دا رێژەیەکی یەکجار بەرزە و رێژەی بێکاری زیاتر لە ١٢ میلیۆن کەس دەگرێتەوە، لەم رێژەیەش دەرکەوتووە ٩٪ی خەڵکی ئێران کە ٧ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران دەگرێتەوە دەستکورتە و لە١٧٪ی خەڵکی ئێران کە ١١ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران دەگرێتەوە لە ژێر خەتی هەژاری و نەداریدا دەژین. هەر لەم پەیوەندییەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە نرخی کاڵا و خزمەتگوزاری لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو ٢٠٪ چۆتە سەر و هەر ئەم رێژەی گرانییە کاریگەری خراپی لە سەر باری گوزەرانی خەڵک داناوە. هۆکارێکی سەرەکی بۆ درووستبوونی ئەم قەیرانەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئابووری هەڵەی کۆماری ئیسلامی کە دەتوانین لەم نێوەدا ئاماژە بەم نموونانە بکرێن: تێچوویەکی زۆر لە شتی لاوەکی وەک یارمەتیدان بە گرووپە تڕۆریستەکان، ترۆرکردنی نەیارانی رێژیم، سەرکوتی ئازادیخوازان، خەرجکردنی داهاتێکی نەتەوەیی زۆر بۆ پاراستنی قەوارەی نیزام، پەرەپێدانی دیاردەی بەسیج و سپا و هێزە ئینتیزامی و سەرکوتکەرەکان، کۆکردنەوەی کەسانی دەستەمۆ و گوێ لە مست لە ناو نەتەوە جۆراوجۆرەکان دا، هەناردەکردنی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی و شۆڕشی ئیسلامی و دەیان شتی دیکەی لەم چەشنە. هەر چەندە لە روانگەیەکی کارناسانەوە ریشەی بەشێکی زۆر کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنەوە بۆ گرفتی بێکاری کە لە ئێران دا قەیرانێکی گەورەیە، بەڵام ئاستی بێکارییش لە ئێران دا لە هەموو شوێنێک دا وەک یەک و بە یەک رادە نیە، دەرکەوتووە کە رادەی بێکاری و کێشە و گرفتەکانی بەرهەمی بێکاری لە کوردستان دا زیاتر و بەرچاوترە لە هێندێک شوێنی دیکەی ئێران کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر درووستبوونی کێشەی زۆر جیددی بۆ لاوانی کورد لە هەموو بارێکەوە هەبووە و رەوتی پەرەگرتنی دیاردە دزێوەکانی لە کوردستان بەهێز و خێراتر کردوە.

## ئێعتیاد:

دیاردەیەکی دزێوی دیکە کە لە ژێر سێبەری رێژیمی ئیسلامیدا بە رادەیەکی بەرچاو پەرەی گرتوە دیاردەی ئێعتیادە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەگرتنی ئێعتیاد دەگەڕێتەوە بۆ رێژەی بەرچاوی بێکاری. هەڵکشانی رێژەی تووشبوون بەم دیاردەیە بە شێوەی ستوونییە و هێندە زۆرە کە تەنانەت لە ماوەیەکی کورتی چەند رۆژەدا رێژەی ئەم دیاردەیە پەرەگرتنێکی سەرنجڕاکێش بەخۆوە دەبینێ. هەرچەندە دیاردەی ئێعتیاد پێش هاتنی رێژیمی ئیسلامیش لە وڵاتی ئێران دا هەبووە، بەڵام ئەم دیاردەیە لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەم رێژیمەدا بە رادەیەکی سەرسوڕهێنەر پەرەی گرتووە هەر ئەوەش دەریدەخا رێژیم ئەوپەڕی کەمتەرخەمی و کەمکاری بەرامبەر بە پەرەگرتنی زۆرتری ئەم دیاردەیە نواندوە، بە جۆرێک کە زۆربەی ئامارە دەریدەخەن کە لە وڵاتی ئێران دا نزیک بە ٢٪ حەشیمەتی ئێران تووشی خووگرتەیی بە مادە هۆشبەرەکان بوون کە پیاوان نزیک بە ٩٥٪ ئەم رێژەیە پێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێـن و تەمەنی ٦٥٪ ئەم ڕێژەیە کەمتر لە ٣٥ ساڵە و لەو نێوەشدا کوڕانی لاو بەشێکی بەرچاون لەم ڕێژەیە. دیاردەی ئێعتیاد ساڵانە بەشێکی بەرچاو لە داهاتی نەتەوەیی لەگەڵ خۆی دەبا کە کاریگەرییەکی یەکجار خراپی لە سەر باری ئابووری وڵات بە گشتی هەیە. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە لە پاش هاتنە سەرکاری دەوڵەتی نۆهەم و دەسەڵاتداریێتی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد، ڕێژەی بوودجەی پێشگری لە دیاردەی ئێعتیاد لە ٢٠ میلیارد تمەنەوە بۆ ٢ میلیارد تمەن کەم کرایەوە.

کارناسان سەبارەت بە پەرەگرتنی ئەم دیاردەیە لە ئێران دا بە گشتی نیگەرانن و هەروەها سەبارەت بە کوردستان ئاماژە بەوە دەکرێ کە دۆخی کوردستان هەتا نزیک بە دە ساڵ لەمەوبەر بەرادەیەک باش بوو کە نموونەی خاوێنی و باشی بووە، بەڵام لە ماوەی دەیەی رابردوودا ئەم دیاردەیە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانیش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەرەی گرتووە. سیاسەتی پەرەپێدانی ئەم دیاردەیە لە ناو لاوانی کورددا جیا لەوەی کە مەبەستێکی تەندروستی و ئابووری لە پشتە، مەبەستی لاوازکردنی ویستە سیاسییەکانی گەلی کوردیشی لە پشت بووە. ڕێژیم بە کەمتەرخەمی نواندن بەرامبەر بەو کەسانەی پەرە بەم دیاردەیە دەدەن، هەرزران کردنی نرخی جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان، بە گوێنەدان بە شێوازی بابەتییانە بۆ چارەسەرکردنی تووشبووان بەم دیاردەیە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو پەرەی بەم دیاردەیە داوە.

ئایدز و چەند دیاردەیەکی خراپی دیکە:
دەکرێ نموونەی گرینگترین کێشە و دیاردەی خراپ لە وڵاتی ئێران دا بەمشێوەیە دیاری بکەین: مافی مرۆڤ، بێکاری، ئێعتیاد، ئایدز، تەڵاق، هەڵاتن لەماڵەوە، دزی، خۆکوژی، کوشتن، مناڵ ئازاری، لەشفرۆشی، خراپکاری و کاری نایاسایی جۆراوجۆری دیکە.

ئایدز یەکێکە لەو دیاردانەی کە بەرادەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ماوەی چەند ساڵێک دا لە وڵاتی ئێران پەرەی گرت. ڕیشەکانی سەرەکی پەرەگرتنی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئێعتیاد، پەیوەندی سێکسی، خوێن و بەرهەمهێنراوەکانی خوێنی،گواستنەوەلە دایکەوە بۆ منداڵ . ڕێژەی ئەم نەخۆشیە بە هۆی سرووشتی نەخۆشیەکە و کولتووری تێڕوانینی نەگونجاو بۆ تووشبووان بەم نەخۆشییە وای کردوە کە ئامارێکی راستەقینە لەم پەیوەندییەدا دەست نەکەوێ، بەڵام هەر ئەو ڕێژەیە لە تووشبووان بەم نەخۆشییە لە ئێران دا ڕێژەیەکی بەرچاو پێک دێنن کە جێی نیگەرانییە.

سەرەڕای ئەوە کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دوو جار بەیاننامەی جیهانی دژی پەرەگرتنی نەخۆشی ئایدزی ئیمزاکردوە، بەو حاڵەش تا ئێستا دەوڵەتی ئێران بەرنامەیەکی ئەوتۆی بۆ پێشگرتن بەم دیاردەیە نیە و لە سەرەتادا بۆ ماوەیەکی زۆر لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە ئەو ئیدعایە دەکرا کە هیچ نەخۆشیەکی ئایدز لە وڵاتی ئێران دا نیە، هەر ئەم کەمتەرخەمی و حاشاکردنە بووە هۆی ئەوە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم دیاردەیە زیاتر پەرە بگرێ و ڕێژەی تووشبووان بەم نەخۆشیە تا ئاستێکی بەرچاو بچێتە سەر. دامەزراندنی ڕێکخراوی دژ بەم نەخۆشیە لە وڵاتی ئێران دا تووشی گیرو گرفتی جیددی دەبێ و تا ڕادەیەک ئیزنی دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە پێشگری و چارەسەری ئەم دیاردەیە نادرێ. تووشبووان بەم نەخۆشیە جیا لەوەی کە لە لایەن دەسەڵاتی زاڵ بە سەر وڵاتی ئێران دا هیچ ئاوڕێکیان لی نادرێتەوە و تەنانەت بە ڕادەیەکی زۆر کەم هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان یان کولتووری سازی بۆ پێشگری زیاتر لەم دیاردەیە نادرێ، بەداخەوە لە لایەن خەڵک و کۆمەڵگاوە تووشی ئازاری دەروونی دەبن. لە کولتووری ئێرانیدا نەخۆشی ئایدز بە عەیبێک دادەنرێ و ئەم نەخۆشییە بە نەخۆشییەکی بیانی و بە تایبەتی ئەفریقایی دادەنرێ کە لە باری دەروونییەوە کەسانی تووشبوو بەم نەخۆشیە زۆر ئازار دەدا و گرفتی جۆراجۆریان بۆ پێک دێنێ.

بابەتێکی جێی سەرنجی دیکە ئەوەیە کە

”

کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی کەمتەرخەمی و کەمکاری بەرامبەر بە پەرەگرتنی زۆرتری ئێعتیاد نواندوە، بە جۆرێک کە زۆربەی ئامارە دەریدەخەن کە لە وڵاتی ئێران دا نزیک بە ٢٪ حەشیمەتی ئێران تووشی خووگرتەیی بە مادە هۆشبەرەکان بوون کە پیاوان نزیک بە ٩٥٪ ئەم ڕێژەیە پێک دێنن و تەمەنی ٦٥٪ ئەم ڕێژەیە کەمتر لە ٣٥ ساڵە و لەو نێوەشدا کوڕانی لاو بەشێکی بەرچاون لەم ڕێژەیە

“



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە لایەک پرۆسەی هاوسەرگیری لاوان لە وڵاتی ئێران دا بە هۆی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە رۆژ لە دوای رۆژ ئەستەمتر دەبێ و نێونجی تەمەن بۆ پێکهێنانی هاوسەرگیری بە بەراورد لەگەڵ تەمەنی ئاسایی بەرز بۆتەوە. بە شێوەیەک کە ئەم رێژەیە بۆ کچان لە تەمەنی ١٩ بۆ ٢٤ و بۆ کوڕان لە تەمەنی ٢١ بۆ ٢٩ ساڵ بەرز بۆتەوە. لە لایەکی دیکەوە رێژەی تەڵاقیش لە وڵاتی ئێران دا بە هۆی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە بەراورد لەگەڵ رابردوو چۆتە سەر، هۆکارە سەرەکییەکانی بەرزبوونەوەی رێژەی تەڵاق بریتین لە گرفتی ئابووری و نەخوێندەواری. رێژەی تەڵاق لە کوردستانیش وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی وڵاتی ئێران بەرز بۆتەوە، بە رادەیەک کە ئامارەکان نیشان دەدەن بە تەنیا لە پارێزگای کوردستان نزیک بە ١٥٪ ئەو کەسانەی کە ژیانی هاوبەش پێک دێنن بە هۆی تەڵاقەوە لە یەکتری جیا دەبنەوە کە ئەمەش دەکاتە رێژەی ٧ کەس لە ماوەی رۆژێک دا. جێی سەرنجە لە سەرتاسەری ئێران دا ئەم رێژەیە لە دوای رێژەی تەڵاق لە تاران دووهەمین رێژەی بەرزی تەڵاق وەرگرتنە. ئاشکرایە کە دیاردەی تەڵاق لە بنەماڵەکان دا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێک گیرو گرفتی کۆمەڵایەتی دیکەش کە بۆ وێنە لەو بنەماڵانەی چەندین ساڵە ژیانی هاوبەشیان پێکهێناوە، منداڵەکانی ئەم بنەماڵانە تووشی ئازاری جەستەیی و رۆحی دەبن، رێژەی هەڵاتن لە ماڵەوە بەرز دەبێتەوە و کەمتەرخەمی لە پەروەردەیەکی گونجاو بۆ منداڵی ئەم بنەماڵانە بە روونی دەردەکەوێ.

رێژەی دیاردەی خۆکوژی لە نێو لاواندا رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەچێتە سەر بە جۆرێک کە ئامارەکان دەریدەخەن رۆژانە نزیک بە ٢٠ کەس لە وڵاتی ئێران دا خۆ دەکوژن کە نێونجی تەمەنیان ٢٩ ساڵە. رێژەی پیاوان کە دەست بۆ خۆکوژی دەبن ٨ ئەوەندەی رێژەی ژنانە کە گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی بە سەرەکیترین هۆکارەکانی پەرەگرتنی ئەم دیاردەیە ناوزەد دەکرێ. ئەم دیاردەیە لە کوردستان دا بە بەراورد لەگەڵ سەرانسەری وڵاتی ئێران رێژەیەکی بەرچاو پێک دێنێ، بە جۆرێک کە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام لەو پارێزگایانەن کە زۆرترین رێژەی خۆکوژییان لە وڵات دا پێکهێناوە.

یەکێکی دیکە لەو دیاردانەی کە لە وڵاتی ئێران دا زۆری پەرەگرتوە دیاردەی منداڵئازاری و کارکردن بە منداڵانە. ئەم دیاردەیە کە ریشەی لە نەبوونی باری ئابووری و داهاتی گونجاو و پەروەردەی درووستی بنەماڵەیی دا هەیە سەرنجی زۆر ناوەند و لایەنی جیهانی پشتیوانی لە مافی مرۆڤی بۆ لای خۆی راکێشاوە. بەشێکی بەرچاو لە منداڵئازاری لە وڵاتی ئێران دا لە بنەماڵەکان دا و لە لایەن باوکانەوە روو دەدا کە بە گشتی رێژەی ٥٠٪ خەڵک لە ئێران دا باوەڕیان بە لێدانی منداڵان هەیە و لەم رێژەیەش ٦٦٪ پیاوان دیاردەی منداڵ ئازاری دەگرنە بەر. نەبوونی رۆشنگەری و پەروەردەیەکی گونجاو لەم پەیوەندییەدا هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوە کە هێشتا منداڵئازاری لە وڵاتی ئێران دا تا ئەو رادەیە وەمێنێ. ئازاری جەستەیی منداڵان زۆرترین رێژە لە شێوە بەرچاوەکانی منداڵئازاری لە وڵاتی ئێرانە و ئەم دیاردەیە بە زۆری لە نێو توێژی هەژاری کۆمەڵگا وەبەرچاو دەکەوێ کە رێژەی کارکردن بە منداڵانیش هەر لەم توێژەدا بەرزترین رێژەی بەخۆوە دیوە.

دیاردەی لەشفرۆشی یەکێک لەو دیاردە دزێوانەیە کە سەرچاوەی ئەم دیاردەیە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بێکاری و هەژاری و نەبوونی داهاتێکی گونجاوی تاک کە بتوانێ پێویستییەکانی ژیان و بژێوی ژیانی خۆی پێ دابین بکا و بە پلەی دووهەم پەرەگرتنی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ نالێهاتوویی و بێبەرنامەیی دەوڵەت بۆ ئەم بابەتە. دەرکەوتووە ئەم دیاردەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە جۆرێک پەرەی گرتووە کە رێژەی نێونجی تەمەنی فەساد لە کەمترین تەمەن دا گەیشتۆتە ١٥ و ١٤ ساڵ .

دیاردەی کۆچ و تاراوگەنشینی:

دیاردەی کۆچ و هەڵاتنی مێشکەکان کە لە ئاکام دا تاراوگەنشینی لێ دەکەوێتەوە، وەک رێگاچارەیەک بۆ دەربازبوون لە ژێردەستەیی و دەسەڵاتی سەدەکانی نێوەڕاست لە وڵاتی ئێران دا بە شێوەیەکی بەرچاو سەریهەڵداوە کە ساڵانە بەشێکی بەرچاو لە لاوان ئەم رێگایە دەگرنە بەر و لەم نێوەدا رێژەی هەڵاتنی پسپۆڕان و شارەزایان و کەسانی بەتوانا بە هۆی بێ دەرەتانی و بێکاری و نەبوونی داهاتوویەکی رێژەیەکی بەرچاو لە خۆدەگرێ. هەربۆیەش دیاردەی کۆچ لە ئێران زیاتر بە دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان ناسراوە. هۆکاری پەرەگرتنی ئەم دیاردەیەش جیا لە نەبوونی ئاسایش هۆکاری سیاسی و فشاری دەوڵەتی بە شێوەی جۆراوجۆر، کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی وەک گرفتی پەروەردەیی و راهێنان و نەبوونی دەرەتان بۆ دەرکەوتنی راستەقینە و گونجاوی تواناییەکان لە وڵاتی ئێران دا ئەم رێگایە دەگرنە بەر. دەسەڵاتی زاڵ لە وڵاتی ئێران دا لە هەموو بوارەکاندا جیاکاری و هەڵاوارتنی لە هەموو بوارەکاندا گرتۆتە بەر. بۆ وێنە رێژیم بە گرینگیدانی زۆر بە حەوزە علمییەکان و کەمتەرخەمی بەرامبەر بە زانکۆ و ناوەندە ئاکادیمییەکان، پەروەردەی ئاکادێمی لاواز کردوە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە تواناییە ئاکادێمییەکان لە ئێران وەک پێویست دەرنەکەون. هەروەها بە گوشار خستنە سەر کەسانی بەتوانا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە مەبەستی دەستەمۆ کردن و وابەستەکردن بەخۆیەوە سەرەکیترین پەرە بە هەڵاتنی مێشکەکان و تاراوگەنشینی دەدا. سیاسەتی رێژیم لەم بارەوە بە تەواوی دەوڵەتی کردنی هەموو توانا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاکەکەسییەکانی خەڵکە لە بەرژەوەندی خۆیدا و هەوڵدان بۆ وابەستەبوونی زۆرتر و مەبەستداری تایبەت بە خۆی هەیە. جیاوازیدانان لە پەروەردەکردن و خوێندنی بەرز لە نێوان ئەو کەسانەدا کە تێکەڵ بە دەسەڵاتن و ئەوانەی بێ لایەن یان نارازین وەبەرچاو دەکەوێ. ئەم جیاوازی و هەڵاوارتنە خۆی لە بابەتی هونەری، وەرزش، کار و دامەزران لە ئیدارەکانی دەوڵەتی دا دەردەخا. ڕێژیم بە بێبەش کردن و هەڵاوارتن بەرامبەر بە هەموو ئەو شتانەی کە لە بەرژەوەندی خۆیدا نیە دۆخێکی نالەباری بە کەسانی خۆمانەی سەر بە ڕێژیم و بێگانەی نەیاری ڕێژیم پێک هێناوە. ئەم دۆخە لە هەموو توێژێک زیاتر بەرۆکی لاوان دەگرێتەوە کە گەورەترین هۆکارە بۆ پەرەگرتنی دیاردەی کۆچ و هەڵاتنی مێشکەکان بۆ دەرەوەی وڵات.

ئەرکەکانمان لە ئێستادا:

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە لاوانەوە، کۆمەڵێک ئەرکی جیددی دەکەونە سەر توێژی لاوان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان کە پێویستە یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەکێک لەو ڕێکخراوانە، بە باشترین شێوە بە مەبەستی ڕۆڵگێڕانی ئەکتیڤ بەرامبەر بە کێشەکانی لاوان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی و مەدەنی لە وڵاتی ئێران ئەرکەکانی سەر شانی ڕاپەڕێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەرنامەیەکی گونجاو بۆ زیاتر ڕۆڵگێڕان لە بزووتنەوە و کاریگەری زۆرتر دارێژێ و هەموو هەوڵی خۆی بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بەرنامە و هەڵوێست و پلانانە بخاتە گەڕ.

یەکیەتیی لاوان ئەرکە لە سەر شانی بە مەبەستی یەکخستنی هێز و توانایی و نارەزایەتی لاوانی وڵات ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بدا و لە ڕەوتی وەدیهاتنی ئامانج و داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیمۆکراسی و مافی نەتەوایەتی و هەموو ئەو ویست و داخوازییە ڕەوایانەی کە خەڵکی ئێران دەیانخەنەڕوو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ و پەیوەندی بەهێز لە نێوان خۆی و لایەنە ئازادیخوازەکانی خەڵکی ئێران بە گشتی و بە تایبەتی کوردستان درووست بکا. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە درێژە بەو هەوڵانە بدرێ کە بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوان لە ماوەی کۆنگرەی ٤ تا ٥ بە مەبەستی پێکهێنانی فیدراسیۆنێکی گشتی بۆ لاوانی کورد داویەتی.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی یەکیەتیی لاوان ئەوەیە کە لەمەودوا هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەوە چڕ بکاتەوە کە پەیوەندی زیاتر لەگەڵ لاوانی نێوخۆی وڵات بگرێ و بەرنامەکانی خۆی بە توانایی و هەوڵەکانیانەوە گرێ بدا و هەروەها هەوڵ بدا ڕۆشنگەری پێویست سەبارەت بە دیاردە دزێوەکان و نەخۆشییە مەترسیدارەکان لە نێو لاوان دا درووست بکا. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ پڕنێوەرۆکترکردنی بواری ڕاگەیاندن و تەشکیلات وەک دوو بواری سەرەکی بۆ پەیوەندیگرتنی زۆرتر بدا و لەو چوارچێوە کلیشەیی و کلاسیکە خۆی بێنێتە دەر بۆ ئەوەی کاریگەری لە نێو خۆی وڵات دا زیاتر لە جاران بێ.

هەروەها لە ئاستی جیهانی و نێونەتەوەییدا بە مەبەستی چاکتر گەیاندنی دەنگی لاوانی وڵات و هەروەها هاوپەیوەندی درووستکردن لە نێوان لایەنە ئازادیخواز و ناوەندە مرۆڤدۆست و دیمۆکراتە جیهانییەکان دا هەوڵ بدا و کار بۆ ناساندنی هەرچی زیاتری ڕێکخراوی لاوان لە دەرەوەی وڵات بکا. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ بدا لە ڕێکخراوە جیهانییەکانی تایبەت بە لاوان یان پەیوەندیدار بە لاوان ببێتە ئەندام و دەنگی لاوانی کورد لەوێدا بە گوێی ڕێکخراوە دۆستەکان و بە گشتی ڕێکخراو و لایەنە جۆراوجۆرەکان بگەیەنێ.

■

”
یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی یەکیەتیی لاوان ئەوەیە کە لەمەودوا هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەوە چڕ بکاتەوە کە پەیوەندی زیاتر لەگەڵ لاوانی نێوخۆی وڵات بگرێ و بەرنامەکانی خۆی بە توانایی و هەوڵەکانیانەوە گرێ بدا و هەروەها هەوڵ بدا ڕۆشنگەری پێویست سەبارەت بە دیاردە دزێوەکان و نەخۆشییە مەترسیدارەکان لە نێو لاوان دا درووست بکا
“



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاپۆرتی کاروتێکۆشانی
# یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



بەشدارانی بەڕێز
ئەمڕۆ ئێوە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی یەکیەتی لاوان لە دەورەی یەک کۆبوونەوە تا بەسەرهاتێکی نوێ بۆ خۆتان و ڕێکخراوەکەتان پڕکەنەوە و ئاورێکی گشتی لە ماوەی تێکۆشانی بەڕێوەبەری گشتی لەو ماوەیە دا بدەنەوە.
کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چوارم هێندک بڕیارو ڕاسپاردەی کەوتە سەرشان کە بەردەوام لە هەوڵی جێ بەجێ کردنیان دابووە ویستویەتی لە ئامرازەکانی تەشکیلات و پێوەندیەکان، ئاموزشی کەڵکی پێویست بۆ درێژەدانی ڕێکخراوە کەڵک وەرگرێ و لەم ڕێگایانەوە خزمەت بە توێژی لاوان بکا و هەوڵ بدا ڕەساڵەتی مێژوی ئەو ڕێکخراوە بە ڕێکخراوە تایبەت و هاوشێوەکانی خۆی بناسێنێ و لەو ڕێگای دیالوگ و گفتگوی شارستانیانە دۆست و هاوپیمان بە دەست بێنێ و هەوڵی داوە لەم کەرەستانە بۆ بانگەشەی هاوارو بە پیرەوە چوونی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی بە دژی زوڵم و دیکتاتۆری بە گۆیان دا بچرپێنێ و سەرەرای زۆر ئاستەنگ لەبەردەم ئەم ڕێکخراوە کە هاتۆتە پێش یەکیەتی لاوان خۆی لە کێشەو گرفتەکانی لاوان بەرپرسیار زانیوە و توانیویەتی لە ماوەی ئەم دوو ساڵە دا ئەم ئەرکانە بەم شێوە کە باسیان لە سەر دەکرێ بەڕێوەبەرێ.
چالاکی ڕێکخراو بێ شک نیشانەی بەدەورەوەبوون و لەدەوردابوونی بەشێکی زۆری ئەندامانە کە بە لێهاتوویی و لێوەشاوەیی و هەست بە بەرپرسیایەتی کردن و خەم لە خۆ خواردن قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە دەستیان داوەتە دەستی یەک تا لەم تاقیکاریانە دا ئەزموون دەست بێنن، کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە بە چالاکی نواندن ئەزموونیان بۆ ئێمە وە دەست هێنا لەم ڕێ دا شەهیدی بەنرخمان پێشکەش بە نەتەوەکەمان کردوە چونکە لاوی کورد دەزانێ تا ئەو کاتەی لە ژێر زوڵم و زۆرداری دا بێ هەتا ئەوکاتەی نەتەوەکەی لە ژێر دەستی دا بمێنیەتەوە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی داخوازیە سینفێ کانی شتێکە کە قەت وەدی نایەت بەم بۆنەوە لێرەدا یادێک لە تازەترین شەهیدی یەکیەتی لاوان دەکەینەوە کە

فایلی تایبەت بە کۆنگرە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە خوێنی گەشی خۆی سروودی من کوردم و کوردستانم دەوێ بە گوێ هەمووماندا چرپاند هەر لەم کاتە دا ئەم راپۆرتەکە هەوێنەکەی بەرهەم و ئیرادەی لاوانی شۆرشگێرە کە دەستیان خستۆتە دەست کە بە کاری بە کۆمەڵ وتەفاهوم لە دەوری یەک دا بن پێشکەشە بە تازترین شەهیدمان قادرقادری ئەندامی چالاک و بەرپرسی کومیتەی یەکیەتیی لاوان لە هێزی پارێزگاری وێرای شاد بوونی روحی ئەوو هەموو شەهیدانی یەکیەتی لاوان بەڵێنی نەسروتن تا سەرکەوتنیان بۆ دوپاتە دەکەینەوە و یادیان بەرز رادەگرین.

## ئامادە بووانی بەرێز

بەم شێوە ئەم قۆناغەی یەکیەتیی لاوان لە بەردەم ئێوە خۆشەویستان تاوتوێ دەکەین و ئەم قۆناغەش لە کارو تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان دەخەینە ناو لاپەرەکانی مێژووە.

## لە بواری تەشکیلاتی دا

هەر سازمان و رێکخراوێک یا چووکتر لەوانیش هەر گروپ و دەستەیەک کە دادەمەزرێ پێویستی بە سازمان دان و لێپرسینەوە هەیە. یەکیەتی لاوانیش نەیتوانیوە خۆی لەم ئەرکە گرینگە کە لە ئەسڵ دا دەبێتە دارێژەری قەوارەی رێکخراوەکانی خۆی بپارێزێ بێجگە لەوە تەتبیق دانی بریاراتی ئەم رێکخراوەیە هەر لەم ئۆرگانەدا بەرێوە دەچێ بە واتایەکی تر پردی سەرەکی نێوان بەرێوەبەری گشتی و رێکخراوە چووکەکانی دیکە بووە و بزوێنەری هەموو رێکخراوە چووک و گەورەکان و یەکە تەشکیلاتیەکان لەم رێگەوە کانالیزە دەکرێن.

گرینگترین کارەکانی ئەم بەشە دوای کۆنگرە ئەوە بووە کە توانیویەتی سازماندهی ئۆرگانەکانی خۆی بکات و سەر لە نوێ کومیتەو پۆلەکان رێک بخاتەوە.

ئەم بەشە لە روی تەشکیلاتیەوە پیوەندی بە تەواوی کچ و کورانەوە گرتووە کە ویستویانە لە دەوری ئەم رێکخراوە دا کۆببنەوە. رێکخراوەی لاوان جگە لە کوردستان لە دەرەوەی وڵاتیش نوێنەرایەتی هەیە کە حەڵقەی وەسڵی نێوان کوردستان و وڵاتانی دەرەوەن بۆ نموونە ئێمە لە وڵاتانی سوئید، نورویژ، فنلاند، دانمارک، ئوستراڵیا، کانادا، سویس، ئاڵمان، ئینگلستان یونان کومیتەمان هەیە کە دەستەی نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات ئەرکی ئەندام و ئەندامگیری بەرێوە دەبا و هەوڵیان داوە بە گوێرەی توانا لەو شوێنانەی کە کوردی رۆژهەڵات نیشتەجێ دەبن بە دامەزرانی کۆمیتە یا هەر یەکەیەکی تەشکیلاتی دیکە لە دەوری رێکخراوەکەمانی کۆ کەنەوە.

بێجگە لە کەمپ و ئۆرگانەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی حیزب لە باشوری کوردستانیش پیوەندی بە لاوانی رۆژهەڵاتیەوە گیراوە و لە چەند کۆمیتە و پۆل ئەوانە سازماندراون.

رێکخراوەی لاوان بە هۆی تاراوگەنشینی نەیتوانیوە بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەندام و لایەنگرانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کۆ بکاتەوە لە بەر ئەوە چەند ساڵێکە دەستی بە تێکۆشانی نهێنی کردوە تا لە رێگەی ئەو هێزە مەعنەویە پەیام و ئامانجەکانی یەکیەتیی لاوان بەرێتەوە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستە چەند رێوشوێنێکی کاری تەشکیلاتیمان ئامادە کردوە.

تەشکیلاتی لاوان لە روی سازماندانەوە تەشکیلاتێکی کلاسیکە بۆ سەردەمی ئێستا وەک گونجاوترین سیستم دارێژراوە لە روی قەوارەی بەرێوە بردنەوە تەشکیلاتێکی سازماندراوە کە بە شێوەی ئۆرگانیکی ئەرکەکانی خۆی جێ بە جێ دەکا، لە روی دیموکراسی و دادپەروەری دا مافی ئەندامی لە هەموو بارێکەوە پاراستووە.

ئێستا کە لە بەرەبەری گرتنی کۆنگرە داین و بەشداری ئێوە و سازدانی کۆنگرە لە کاتی دیاری کراوی خۆی دا نیشان دەدا کە ئەم بەشە سەرەرای زۆر گرفت لە بواری ماڵی، سازماندهی..... توانیویەتی خزمەتێکی باش بە رێکخراوەکەی بکا و لە ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی دا توانیویەتی سەرکەووتوو بێ.

## لە بواری راگەیاندن دا

لە دنیای پێشکەوتووی ئەمرۆ کەدا زانیاری پێدان و زانیاری وەرگرتن کارێکی وەهای کردوە کە دنیا بچوک



”
بێجگە لە کەمپ و ئۆرگانەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی حیزب لە باشوری کوردستانیش پیوەندی بە لاوانی رۆژهەڵاتیەوە گیراوە و لە چەند کۆمیتە و پۆل ئەوانە سازماندراون.
“

ببێتەوە و بە تێپەڕینی چرکەکانی بەردەم ئێمە تکنولۆژیا بەرەوپێش دەچێ و بەرەوخێرایی زیاتر هەنگاو و دەنێ. لە کاتێک دا کەماس میدیا بۆتە سەرچاوەیەکی بەهێزیی گواستنەوەی زانیاریەکان نەبوون یا ئاگا نەبوون لەم شتانە قەیران یا خود تەریک کەوتنەوە لە نێوان کۆمەڵ وڕێکخراو پێک دێنێ.

یەکیەتی لاوان بە خوشیەوە ئەم زەرورەتەش وەک خۆی دەرک کردوە هەر چەند ئیمکاناتی بەردەست ئیمە بەو شیوەیە نیە کە لە تەلەڤیزیۆنو رادیو و روژنامە وەک پیویست کەلک وەرگرین ولە تێکۆشانمان دا ئەم شتانەمان لەبەر دەست دا هەبێ کە لە تەلەڤیزیۆن رۆژانەدا بەبوونی بەرنامە و لە رادیۆ بە دەنگی لاوانە و چوون دا و لە روژنامە کە باس لەسەر گیروگرفتی لاوان بکا بەڵام بەو حاڵەش ئەو رێکخراوە لە هەر هەلێک کە بۆی رخساوە دریغی نەکردوەو بەشی راگەیاندنی ئەم ڕیکخراوەپیک هاتووە لەسێ بەش گوڤاری لاوان، سایت، رادیۆ.

گوڤاری لاوان ئۆرگانی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستانە. ئەم گوڤارە ملکێکی گەنجانەیە کە هیچ کات تایبەت نەکراوە بەسەردەستەیەک یا چەند کەسک دا.

لە دوای کۆنگرەی چوار تا ئێستا ٧ ژمارەی(٢٨تا٣٤ ) بە بەرگێکی جوان چاپ و بلاوکراوەتەوە لە رووی قەبارە لە A ٤ دا چاپ دەکرێ و هەر ژماریەک زیاتر لە ٥٠ لاپەری بە خۆوە گرتووە نێوەرۆکی گۆڤارلەسەرمەسەلەی لاوان - گرفتی لاوان - کوچ وئیعتیاد و دیاردە دزیوەکان، ئەدەب وهونەر بووە. کارێکی بەرچاو کە لەم دەورەدا بە تەواوی بەرێوە چووە کردنەوەی دەرگایەک بۆ نوێ قەڵەمەکان بووە و بە چاپی تراکت و بلاوکردنەوە یان بۆ نێوخۆ ئەم بەشە یارمەتی بە ناساندنی رێکخراوە داوە.

دووهەم بەش کە دامەزرانی مالپەرەکانن سایتی ناوەندی یەکیەتی لاوان www.lawan.com کە هەواڵ وزانیاری لاوان و یەکیەتیی لاوانی تێدا بلاو دەکرێتەوە، سایتی ئەسڵی کومیتەی بەرێوەبەری گشتی یە و لە دەرەوەی ولات سەرپەرشتی دەکرێ جگە لەم ماڵپەرە هەریەک لە کومیتەکانی دەرەویولات وەک فنلاند، نروێژ، سوئید و سویس ماڵپەری تایبەت بە خۆیان هەیە باسی رادیوش وەک نمونەیەکی دیکە لە کاری راگەیاندن کرا کە ئیمە لە ئەسڵ دا رادیوی تایبەت بە خۆمان نیە ئێمە لە سەر فرەکانسی رادیو دەنگی کوردستان وەک تریبونێکی خۆشەویست وجێ متمانە ی خەڵک بۆ ئەم مەبەستە کەڵک وەردەگرین کە هەموو حەوتوویەک بۆ ماوەی ٢٠ خولەک بەرنامەی جۆراوجۆر و تایبەت بە لاوانی تێدا بلاو دەکەینەوە .

## لە بواری ئاموزشی دا.

ئەرکێکی هەرە گرینگ لە سەر شانی دامەزراوە جکومی وناحکومیەکان پەروەردەکردن و لە خەم دا بوونی ئەندام. هەر چەند سیستمی پەروەردەیی سیستمێکی ئەمرۆیی بە قووەت بێ لە لایەک پرستێژو متمانە ونفوز و لەلایەکی دیکەوە خۆ بەرپرسیار زانین لە بەرانبەر ئەندام دێنێتە گۆرێ و بوونی ئەو دوو شتە دەروستی دروست دەکا و دەبێتە مایەی دلگەرمی و روتیکردن و بە هەمان شێوە نەبوونی پلان وبەرنامە لە ئامانج دا شکست و روخان دێنێتە گۆرێ.

یەکیەتیی لاوان لە کاتی دامەزرانیەوە تا ئیستا بە کۆکردنەوەی ئەندام و لاێنگر لە دەوری خۆی و بە پێی هەلومەرجی کات و شوێن، بە ناسینو زانیاری لەسەر خولیاو و ئاواتەکانی ئەندامانی و بە لە دەست دا بوونی بودجە بەرێوەبردنی ئەرکی پەروەردەیی لە کوردستان و دەرەوەی ولات هەمیشە هەولی داوە بەرنامەکانی لە خزمەت بە توێژی لاوان دا بێ و بە دانانی خول و کلاسی جۆراوجۆر خزمەتی بە توێژی لاوان کردوە.

یەکیەتیی لاوان لە بوارەکانی خزمەت بە کلتوور و ئەدەب، کردنەوەی خولەکانی وەرزشی و تفریحی یا لە رێگای گەران و گەشتی بە کۆمەڵ، پێک هێنانی سەیران و کردنەوەی خولەکانی فیربوون بە زمانی بێگانە و کامپیوتێر هەولی داوە خزمەت بە ئەندامەکانی بکا.

سەرەرای ئەمانە بە کردنەوەی یا سازدانی پیشانگا، دەستی ئەو لاوە بەهرەمەندو بە توانایانەی گرتووە کە بەهرەکانی خۆیان بە خەڵک نیشان بدەن. بۆ وێنە بە دانانی کلاسی خۆشنویسی یا تەراحی دەستی خاوەن بەهرەکانی گرتووە.

یەکیکی دیکە لە هەولەکانی کومیتەی بەرێوەبەری گشتی وەرزش وگرینگی دان بە کاری وەرزشی بووە ولەو ماوەیەدا بە دەیان دەورەی لە ژێر ناو جۆراوجۆر لە رشتەی فوتبال و پینگ پۆنگ و ریزگۆل کردوتەوە و خزمەتی بە لەش ساغی ئەندامانی کردوە هەروها بەشی ئاموزش بەپێک هێنانی مەراسمی جۆراوجۆر وەک یادکرنەوە لە شەوی یەلدا جێژنی سەری سالی زایینی و رۆژی ڤالانتان لاوانی لە جێژن وخۆشی بێ بەش نەکردوە.

## لە بواری پیوەندیەکان

پیوەندی گرتن لە دنیای پێشکەوتوی ئەمرودا لە بە ناساندن یا زانیاری کۆکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکان یا هاوکاری کردنە کە بە شێوەی جۆراوجۆر هەم پەیام وەردەگری و هەم پەیامی خۆی بەبەرانبەرەکەی دەگەیەنی.

لە ماوەی کۆتایی هاتن بە سەر کۆنگرەی چوارەم تا ئێستا بەرێوەبەری گشتی توانیویەتی لە رێگای پیوەندی گرتن بە رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان یا رێکخراوە هاوشیوەکانی تێکەڵاوی و کۆدەنگی دروست بکا و ئەساسی پیوەندیەکانی ئێمە زۆرتر لە سەر پاراستنی بەها دیموکراتیەکان و قبول کردنی یەکتری و هەروەها پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و سەمبولەکانی یەکتر بووە و بەم شێوەیە لە دەرەوەی کوردستانیش بە نزیک بوونەوە و دانیشتن لە گەڵ رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان یا ئەوانەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن، توانیومانە بە ناساندنی رەوای حەقی نەتەوەکەیان خزمەت بە لاوان کەین.

یەکیەتیی لاوان لە کوردستانی باشور توانیویەتی پیوەندیەکی سالم و دۆستانەی لە گەڵ رێکحراوەکانی یەکیەتیی لاوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ديموكراتی لەكوردستانی عێراق،یەكیەتیی لاوانی دیموكراتی كوردستان، رێكخراوەی ئازادی لاوان، یەكیەتیی قوتابیانی كوردستان و یەكیەتیی گشتی قوتابیانی كوردستان و بزاڤی خوێندكارو لاوانی كوردستان دابمەزرێنە و هەروها لە گەڵ رێكخراوەكانی یەكیەتیی ژنانی دیموكرات و ئەنجوومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی پێوەندی هەبووە و لە گەڵ سەرجەم ئەم رێكخراوە دا بە ناردنی پیام یا بەشداری لە بۆنە ومراسمەكانی یەكتری پەیوەندی گرتووە.

لەم دەورەدا بۆ بە هێزبوونی كۆ دەنگیەكی زیاتر لە نێوان لاوانی رۆژهەلات سەردانی لاوانی كۆمەڵەی شۆرشگێری زحمەت كێشانی كوردستان و كۆمەڵەی زحمەت كێشانی كوردستان كراوە تا ئەم كۆ دەنگیە بێتە بەردی بناغەی پێكەوە ژیان لە كوردستانێكی ئازاد و دیموكرات دا.

هەروها هەوڵدان بۆ پێك هێنانی فیدراسیونێكی كوردستانی یەكێك لە هەوڵە بەرچاوەكانی كومیتەی بەرێوەبەری گشتی بووە كە لە سەر ئەم پێك هاتەیەبە بلاوكراوە مەسەلە پیوەندی دارەكانی خۆمان خستە بەر نەزەری رێكخراوە سینفی یەكان بە خۆشیەوە لە فدراسیونی رێكخراوە مەدەنیەكان لە شاری كۆیە وەرگیراین و ئەوە بە دەسكەوتێكی گرینگ بۆ پێك هێنانی ئاسۆیەكی روون بۆ لاوانی كوردستان و خەباتی ئەوان دەزانین.

بێجگە لە ئەمانە چاوپێكەوتن و سەردانەكانی نوێنەرانی لاوان لە گەڵ رێكخراوەی شەبابی ئوردون بەشداری لە پارلمانی بریتانیا لە یادی شەهید قاسملودا دیدار لە گەڵ وەزیری وەرزش ولاوانی حكومەت لە هەرێمی كوردستان لە سوئید بەشداری لە كوردگالا دیدار لە گەڵ بەرپرسی بەشی كاروباری پەنابەران لە سویس درێژەی كارو باری پیوەندیەكانی ئەم رێكخراوە بوون.

**ئارشیف:**

دامەزراوەكان لە كاتی بەرێوە بردن بۆ درێژە هێشتنەوەی كار وكردەوەكانیان یا هەر بۆپێویستی دروست راگرتنی بەڵگەو دكیۆمێنتەكان و موستەنەدات پێویستیان بە پۆلینە كردن و زیندوو راگرتنی دوای خۆیان هەیە. پاراستنی ئەم شتە تازانە كە لە دوارۆژدا كۆن دەبن و مێژوو دروست دەكەن پێویستی بە بەشێك هەیە بە ناوی

**ئارشیف:**

ئەم بەشە بە دوای كونگرەی چوار بە شێوەیەكی فەرمی دامەزرا لە پێشتردا یەكێك لە ئەندامانی بەرێوەبەری گشتی ئەم ئەركەی وەئەستۆی خۆی دەگرت بەلام سەركەوتوانە نەیتوانی ئەركەكانی خۆی بۆ پاراستنی بەشی ئارشیف بە جێ گەیەنێ. كردنەوەی بەشێك لە ژێر ئەو ناوە زیاتر لە بەر ئەم هۆیە بووە كە ئێمە دوای چەند ساڵ تێكۆشان و لە مەیدان بوون دا ئەگەر ئاورێكمان بۆ مێژوو یا سەرچاوەگەلێكی مێژوویی داباوەبەكەمی پێداویستی یەكانمان بۆ جێ بە جێ دەكرا بۆیە دامەزرانی بەشی ئارشیف ئەركێكی گرینگ وبەرپرسیایەتێكی مێژوویی بووە كە هەموو بەڵگەو دۆكۆمێنتەكانی رێكخراوەكەمانی پاراستووە.

ئەم بەشە بە جویَ كردنەوەی بڕیارنامە و عەكس و فیلم و پاراستنی گوڤار و بلاوكراوەكانی تایبەت بە لاوان خزمەتێكی گەورەی بە ئیستا و دوارۆژی رێكخراوە كردووە و زەحمەت و ماندوویی هاوریانی لاو دەتوانین بڵێن چیدیكە بە فیرۆ ناچێت و ئەم بەشە وەك یادگارێكی پیرۆز هەموو ئەو شتانەی سەرەوەی لە ماوەی دوو كۆنگرە دا پاراستووە. هەروها لەم بەشەداتەواوی وردەكارییەكانی كۆمیتەی بەرێوەبەری و بابەتە پێوەندیدارەكانیش لە خۆ دەگریَ كە دەبێتە مێژووی زیندوو لە داهاتوودا.

**بەشی مالی**

یەكێك لە بنەما سەرەكیەكانمان و پەرەپێدان بە چالاكی هەر رێكخراویك بەستراوەتەوە بە ژێرخانی ئەم دامەزراوە. ئەگەر ژێرخانی هەر پێكهاتەیەك یان گروپێك بە هێزی بێ هێزی بەرێوەبردنیش بە هەمان شێوە لە بەرێوەبردنی كارەكانی دا سەركەوتن وەدەست دێنێ.

بە پێی نێوەرۆكی پیرەوی نێو خۆی داهاتی لاوان لە رێگەی وەرگرتنی حەقی ئەندامەتی ئەندامان یا هاوكاری دۆست و ئاشنایانی یا لە درێژەی كارو چالاكیە فەرهەنگی و هونەریەكانی بە دەست دەهێنێ، ئەو چەند رێگەیە سەرچاوەی سەرەكی ژیانی رێكخراوەكەمانی پێك هێناوە كە باس لە سەر كەمی و زۆری ئەم بەشە ناكەین. جیا لە وانەش لە روی مادیشەوە لە لایەن حیزبی دیموكراتی كوردستان وەك پشتیوانی هەمیشەیی بە شێوەیەكی رەمزی كۆمەكی مالیمان پێكراوە كە ئەم بودجە دیاری كراوە یا بە گشتی بڵێن داهاتی لاوان بەكەم و زۆرەوە خەرجی بەرێوە بردنی مناسبات و بەشەكانی رێكخراوە و هەروها خەرجی كارو راپەراندنی دەورەو و تەفریحی سالم و دانانی كلاس بۆ ئەندامان دەكرێ. نەبوونی سەرچاوە گەلێكی دیكە جگە لەوانەی سەرەوە هێزی لاوان بۆ بەرێوە بردنی لە بەرنامە كەم كردۆتەوە پێویستە یەكیەتیی لاوان لە جێگای بەشی خەرج كردن ببێتە بەشی مالی و سەرچاوەی زیاتر بۆ بەرێوەبردنی ئەم رێكخراوە پێك بێنیَ دەنا ئەم شتە رەمزیانە كە بوونەتە سەرچاوەی ئیرادەو توانای رێكخراوە بە تەنیا بەس نیە و رێكخراوێكی بە ئەزموون كە بیهەوەیَ لە مەیدان دا بیهێنێتەوە و خزمەت بە لاوان بكا پتر پێویستی بە هێزی مادی دەبیَ تا بتوانە بە دانانی كلاس و دەورە كچان و كورانی لاو لە دەوری خۆی كۆبكاتەوە و پەروەردەیان بكا و هێزی مەعنەویان بپارێزێ. ئەم بەشە سەرەرای ئەوەی بودجەیەكی كە لانی نیە بەلام لە روی خەرج كردن دا دەتوانین ئافەرینیان بۆ بنێرین كە هەمیشە دەست پاكانە جولاونەتەوە و خەرجی زیاد كەمهێنانی بودجە و دیارنەمانی پوڵ بە هیچ شێوەیەك تا ئێستا لەم بەشەدا نەهاتوتە گۆریَ وهیچ كات تەوەهومی خراپی لە سەر نەبووە.

■



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامەکان بۆ کۆنگرەی پێنجەم



## بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی(٥)ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بابەت/ بروسکەی پیرۆزبایی

خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین کە ئەمڕۆ بەشدارین لە ڕۆژێکی مێژوویی و پرشنگداری جوڵانەوەی لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر بەم بۆنەیەوەش بە ناوی مەکتەبی سکرتاریەت و سەرجەم کادیر و ئەندامانی یەکێتی لاوانی دێموکراتی لە کوردستانی باشوور پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆمانتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین.

هاوڕیان: جێگای شانازیە کە ڕێکخراوەکەتان بەشێکی گەورەو زەحمەتێکی زۆری بینیوە بۆ داکۆکی کردن لە توێژی لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە هەمان کات دا ناوەندێک بووە بۆ گۆشکردنی گەنجان بە هەستی دێموکراتی و پێشکەوتووخوازی و نیشتمان پەروەری و بەشێک بوون شان بە شانی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ تێکۆشان و جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان. هەر لەم نێوەندەشدا بە هەزاران لاوی کردۆتە قوربانی ئەم خاکە.

بە ئومێدێکی زۆرەوەش دەڕوانینە کارو ئەنجامەکانی کۆنگرەکەتان و ئاواتە خوازین ئەندامانی کۆنگرە بە لە چاوگرتنی کێشە و گرفتەکانی لاوانی کوردستان و بە کۆمەڵێ بڕیارو ڕاسپاردەو پرۆگرامێکی سەردەمیانە کۆتایی بە کارەکانی کۆنگرەکەتان بهێنن.

ئێمە لە یەکێتی لاوانی دێموکراتی لە کوردستانی باشوور خۆمان بە دۆست و هاوکاری ئێوەی بەڕێز دەزانین و شانازی بەو پەیوەندییە مێژووییە دەکەین کە لە نێوان هەردوو ڕێکخراودا هەیە بۆ بەهێزکردنی کارو تێکۆشانی ڕێکخراوەیی و نەتەوایەتیمان.

هەر شادو سەرکەوتوبن
یەکێتی لاوانی دێموکراتی لە کوردستانی باشوور،
مەکتەبی سکرتاریەت.٢٠٠٩/٧/٢٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەڕێز / یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بابەت: بروسکەی پیرۆزبایی

بە بۆنەی گرێدانی(٥) کۆنگرەی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی مەکتەبی سکرتاریەت و سەرجەم ئەندامانی یەکیەتی¬یەکەمان یەکیەتی گشتی قوتابیانی کوردستان گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی خۆمان لە سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەی (٥)ی یەکێتی یە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و هیوا دەخوازین تەواوی کارەکانی کۆنگرە بە لەبەر چاوگرتنی کێشە و گرفتەکانی لاوانی کوردستان و بە کۆمەڵێ بڕیارو ڕاسپاردەو پرۆگرامێکی سەردەمیانە کۆتایی بە کارەکانی بهێنن.

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین
یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان، مەکتەبی سکرتاریەت. ٢٠٠٩/٧/٢٧

## پەیامی هەیئەتی لاوانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

لە/ هەیئەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵە
بۆ/ کۆنگرەی٥ی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان
بابەت/ پیرۆزبایی
وێڕای سلاوێکی گەرم و ماندوو نەبوونی

ئەگەر ڕۆڵی لاوان لە مێژووی خەباتی سەد ساڵی ڕابردووی ئێراندا بەرچاو و دیار بێ، ئەوا پێشەنگ بوونو ڕۆڵی لاوی کورد لە خەباتی حەقخوازانەی کوردستان چەند ئەوەندەیەو دیارترە.

لاوان هەمیشە خوێنی تازەی ناو دەمارەکانی کۆمەڵگاو چەکەرەکانی توخمی نوێبوونەوە و تازەگەری بوون. لەناو ڕیزەکانی خەباتی سیاسی و مەدەنیشدا لە ڕیزی پێشەوە وەستاون. هەموو داواکاری بانگەوازێک بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕووی لە لاوانە و ئەوەش نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە کۆمەڵگا بە چاوی ئومێد و چاوەڕوانییەوە دەڕوانێتە ئەو توێژە گرینگەی خۆی و لە لایەکی دیکەوە لاوان کە دەزانن داهاتوو هی ئەوانەو ئەرک و خەبات و سەختییەکانی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، بەهەستی بەرپرسیارەتییەوە هەڵوێست دەگرن و هەر ئەوەشە ئایندەی گەش دروست دەکا.

لاوان لەم سەردەمە نوێیەدا ئیمکانات و کەرەسەکانی خەباتیان زیاتر لە هەر توێژێکی تر لە بەر دەست دایە، شۆڕشی ڕاگەیاندن و تێکنۆلۆژی، کە لە سەردەمی ئێستا دا ڕۆڵی گرینگ و کاریگەری لە سەر کۆمەڵگا هەیە، پەرەسەندنی پەیوەندیەکان، شکانی سنووری زمان و کلتوور و فەرهەنگە جیاوازەکان، زیاتر لە هەموان، دەرگایەکە کە بە ڕووی لاوان کراوەتەوە.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەم فاکتانەی سەرەوە و هەروەها هەلومەرج و دۆخی خەباتی ئێستای ئێران و کوردستان و ئەو شەپۆلە گەورەیەی سەرکوت و ئیعدام کە کۆماری ئیسلامی دژ بە کۆمەڵگا وەڕێی خستووە، دەبینین بە هێزترین پاڵنەرو کارتێکەرترین توخم لەو شۆڕشەوە و بزووتنەوەیەی ئەمدواییانەدا لاوان بوون.

ئەوان لە تێکۆشانو گەیاندنی دەنگی ئەو بزووتنەوەیە بە دەرەوەی خۆیان، لە فیداکاری و قوربانیدان لە ڕیزی پێشەوەدا بوون و کارەکتەری سەرەکی ئەو قۆناغەی خەبات بوون، هەر وەک لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانیش بە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو ئەو ڕاستیە سەلماوە.

ئەگەرچی دەستکەوتی لاوان لەم قۆناغەشدا بەرچاوە،بەلام بێگومان کارکردن بۆ ڕێکخراوە دەرهێنان و ڕێکخستنێکی هەمەلایەنەی چالاکییەکانیان لە ئێستادا لە هەموو کاتێک پێویست ترە کە دەتوانێت داهاتوویەکی گەش بۆ کۆمەڵگای کوردستان دەستەبەر بکات.

بۆیە ئێمەش بە ناوی لاوانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە هاوکاری و نزیکایەتی هەردوو لا بە زەرورەتێکی هەنووکەیی دەزانین. پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمتان لێدەکەین و هیواداریـن کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتوانە کۆتایی پێبێت.

**هەیئەتی نوێنەرایەتی لاوانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کورستانی ئێران ٢٦ی ژوڵای٢٠٠٩**

## پەیامی دەستەی بەڕێوبەری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

بۆ کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێزان: بەشدارانی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەباتگێرانی ڕێگەی وەدیهاتنی یەکسانی و عەداڵەت و پێشکەوتن!

سڵاوی گەرمی هەموو ئەندامانی ئێمەتان پێشکەش.

بە بۆنەی بەستنی گۆنگرەکەتانەوە جوانترین پیرۆزبایتان پێشکەش دەکەین و هیواداریـن کەکۆنگرەیەکی پڕ لە دەسکەوت و بڕیاری باش بێ بۆ هەرچی زیاتر بەرەوپێش چوونی ڕێکخراوکەتان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بەرێزان: ئێوە لاوانی خۆشەویست و بە هەڵوێستی دیمۆکرات لە کاتێکدا کۆنگرە دەبەستن کە ئاڵوگۆڕەکان لە ئێراندا بە دەستی لاوانی وەزاڵە هاتوو لە زوڵم و سەرەڕۆیی گەیشتۆتە ئاستێک کە ڕەنگدانەوەیەکی جیهانی لێ کەوتۆتەوەو کچان و کوڕان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی خۆ پێشاندانەکاندان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دژ بە دەسەڵاتخوازانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەیاندا.

لە وەها کاتێکدا کە سیاچاڵەکانی ڕێژیم بە جیابیران ئاخنراوان تاکوو بە بیری تەسکی خۆیان کە پێیان وایە بە گرتن یا کوشتنی لاوان و کپ کردنی دەنگی نارازیان دەتوانن درێژە بە دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و زۆری خۆیان بدەن.

لە وەها کاتێکدا ئەرکی ئێو وەک ڕێکخراوێکی خاوەن خەبات، ئەوەیە کە بە ورد بینیەکی زۆرەوە لە کۆنگرەکەتان دا بە دوور لە بەکەم گرتنی لایەنێک یا خود وەلانانی کەسانێک کە روانگە سەلیقەی شەخسیان یەکتر نەگرێتەوە کار بکەن بۆ بەهێز کردنی ڕێکخراوەکەتان بۆ ئەوەی کە بتوانێ جوابگووی پێشەنگی لاوانی کورد بێ. لە وەها قۆناغێکدا کە ئێستا وڵاتی ئێران پێیدا تێدەپەڕێ و لاوان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە دروست کردنی وەها کەشێک کە ڕزگاریی هەموو لایەکی لێ دەکەوێتەوە، ڕۆڵی ئاسایی بگێڕن لە هیدایەت کردنی حەرکەتی لاوان بۆ بە ئاکام گەیشتنی ئەو نارەزایەتیە.

لە کۆتاییدا وێرای دەربڕینی پشتیوانی دووبارەمان بۆ ئێوە وەک ڕێکخراوێکی سینفی دیموکراتیک، هیواخوازین کۆنگرەیەکی پڕ لە دەسکەوت و پڕ لە بڕیاراتی باش بەڕێوەبەرن.

سەرکەوێ خەباتی لاوان و ژنانی دیمۆکرات بۆ وەدیهاتنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پێشکەوتوو.

**دەستەی بەڕێوەبەریی**
**یەکیەتی ژنان دیموکراتی کوردستان**
**١٣٨٨/٥/٢ ٢٠٠٩/٧/٢٣**

## پەیامی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیە سیاسی یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بۆ پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەرێز: کومیتەی ئاماداکاری کۆنگرەی پێنجەم!
بەشداربووانی بەرێزی کۆنگرە!

بە بۆنەی پێکهێنانی پێنجەمین کونگرەی ڕێکخراوەکەتان بە نوێنەرایەتیی لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانیی سیاسی و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی، پیرۆزبای گەرم بە هەموو ئەندامان و لایەنگران و نوێنەرانی کۆنگرە دەڵێین و ئاواتە خوازین کۆنگرە بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی خۆی بهێنێ.

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە خەباتی یەکیەتی لاوان بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خاوەنی چەندین دەیە خەبات و بەرخۆدانە و لە ڕێگای ئازادی گەلێک قوربانی داوە.

هاورێیان: ئەنجومەن بە بایەخەوە دەروانێتە کۆنگرەی پێنجەمی لاوان، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستای خەبات لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی دەیەمین خولی سەرۆک کۆماری لە ئێران نەقشی توێژی لاو بە تایبەتی کچان چەندە بەرچاوو تەئسیر گوزار بوون.

ئەرکی کۆنگرەیە کە بە دارشتنی پرۆگرامێکی گونجاوو سەردەمیانە خۆیان لە جاران زیاتر لە گەڵ خەباتی توێژی لاو لە نێوخۆی وڵات بە تایبەت لە زانکۆکان گرێ بدەن.

هەروها لە پێوەندی لە گەڵ لێک نزیک کردنەوەی ڕێکخراوو ئەنجومەن و هێزەکانی ئۆپوزیسیۆن پێش قەدەم بن.

پیرۆزو سەرکەوتوو بێت کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

**کومیتەی بەرێوەبەری ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان**
**١٣٨٨/٥/٥ برابر بە ٢٠٠٩/٠٧/٢٧**

## بۆ هاوریانی لاوم لە پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وێرای سڵاو و رێز

بە بۆنەی پێکهاتنی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە بەرێوەبەری و ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان بە گشتی و ئەندامانی کۆنگرە بە تایبەتی دەکەم.

یەکیەتیی لاوان لە ماوەی ٣٠ساڵی رابردوو دا هەرچەند وەک ئەم ساڵانەی دوایی سیستماتیک و خاوەن کۆنگرە نەبووە، بەڵام خزمەتێکی بەر چاو و شایانی بە بزوتنەوەی میللی دیموکراتیکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کردوە.

یەکیەتیی لاوان وەک ڕێکخراوێکی مەدەنی لە هەموو راستی یە دەگا..................ئازادی یو دیموکراتیک.....ئاڵقەی پێوەندیی نێوان توێژی لاو و دەسەڵات بێ و وێرای دیفاع لەو توێژە ئیمتیاز لە حکوومەت وەربگرێ،بەڵام لە هەلومەرجی ئەم قۆناغەدا کە دیکتاتۆری بە سەر وڵاتەکەمان دا زاڵە و مافە نەتەوایەتی¬یەکان پێشیل دەکرێن، خەبات بۆ ئازادی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی¬یەکانی توێژی لاوانی کردوتە سەر دێری تێکۆشانی خۆیی.

پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان لـه حالێک دا دەگیـرێ کە ئێران بۆتـە مەیدانی رووبەرووبوونـەوەی لاوان و دەسـەڵاتی کۆنـە پەرست و سـەرەرۆ و شـەقامەکانی تاران بە خوێنی گەشـی کیژان وکوڕانی ئازادیخۆازی وڵاتەکەمان سوور بوون. لاوان هێزی سـەرەکیی ئەم بەربەرەکانیەن. هەڵسەنگاندنی رووداوەکانی ئەم دواییانە پێویسـتە گرینگترین باسەکانی ئەم کۆنگرەیە بن و دەرس و ئەزموونی زۆریان بۆ یەکیەتیی لاوان تێدایە.
جاریکـی دیکە پیرۆزباییتان لـێ دەکەم و هەر بەم بۆنەیەوە سـڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شـەهیدانی لاو لە بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی رۆژهەڵاتی کوردستان دا.
سـڵاو دەنیرم بۆ لاوانی ئازاو ئازادیخوازی کوردسـتان بە تایبەتـی و ئێـران بە گشـتی کـە ژیرانە و بوێرانـە لە دژی دەسەڵاتی کۆنەپەرست و دیکتاتۆر هاتوونەتە مەیدان.

**مستەفا مەعرووفی**
**١٣٨٨/٥/٥**

## بۆکۆری گەرمی لاوانی دڵ گەرم؟

سـڵاوتان لێ بێ وماندوو نەبـن. هەمووتان لە ئامێز دەگرم، بۆ تێکۆشـانی رابووردووتان رێزتان دەگـرم و بۆ خەباتی داهاتووتان هانتان دەدەم و پشتتان دەگرم.
لە رێگای تێکۆشـەر کاک سمایل زارعی سکرتێری یەکیەتی یەکەتانەوە ئاگادار کرام کە هەوڵی گرتنی پنجەمین کۆنگرەی خۆتـان هەیـە. بە بیسـتنی ئـەو هەواڵە خێـرا گەرامەوە بۆ سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٠ی زایینـی کە شـانازیی کردنەوەی یەکەم کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانم بەنسیب بوو. لە هەمان کات دا بیرم بۆ سـاڵەکانی پێشـتر و بۆ ئەو کاتانە رۆیشـت کە خۆم وەک لاوێکی چالاکی ریزەکانی یەکیەتیی لاوان خەباتم دەکرد. لەو ە بۆدواوە گەران و پێداچوونەوەیە دا بیری خەیاڵ هەڵی گرتم و قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی خەباتی لاوانی هێنایـەوە پێـش چاوم . ریگام بدەن ئیوە خۆشەویسـتانیش دەگەڵ بەشێک لەو وەبیر هێنانەوانەی خۆم شەریک بکەم.
وەبیرم هاتەوە چۆن لە جەنگەی بەرخۆدانی کۆمەڵانی خەڵکی ئیران بە دژی رێژیمی پاشـایەتی دا لاوان هێزی سـەرەکی بوون هێنامەوە بەرچاو ئەو رۆژانەی لاوانی شـار و گوندی کوردستان دەستە دەستە و پۆل پۆل، یەک دەنگ ویەک ریز دەڕژانە شـەقامەکان و خوازیاری ئـازادی و رزگاریی گەلە چەوسـاوەکەیان بوون. ئەو کاتانەم وەیاد هاتەوە کە لاوانی کورد هەر زوو دوای سـەرکەوتنی شـۆرش دیسـان ناچار کران خەباتی نەپساوەی خۆیان دژی سەرەڕۆی درێژە بدەن و ئەمجارەیان بەڵام لێبڕاوتر و رێکخراوتر لە پێشوو. خەیاڵ بۆ ئەو رۆژانەی گەراندمەوە کە فەزای شارەکانی کوردستان مەیدانی چالاکیی سیاسی و باس و جەدەل لە سەر چونیەتیی درێـژەدان بـە خەبات بوو. هـەر لەو دەورانـەش دابوو کە یەکیەتیی لاوان شکڵی گرت و پێی نایە مەیدانی تێکۆشانی بە کردەوە. هەر لە یەکەم هەنگاوەکانیشـی را دیار بوو کە ئەم رێکخسـتنەی لاوان لێبراوە پشـتی شۆڕشی رزگاریخوازیی نەتەوەکـەی بگرێ و چالاکانە تێیدا بەشـدار بێ. ئای چەندە سـەنج راکێش بوون ئەو مانۆڕ و خۆدەرخسـتنانەی لاوانی کـورد لەو دەور و زەمانەیە دا، ئینسـان هەر حەزی دەکرد بەشـێک لەوان بێ و بتوانێ خۆی دەگەڵیان رێک بخا. ئەدی بۆ باسـی ئەو کاتانەتـان بۆ نەکەم کە ئەنـدام و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان ناچار بوون پۆل پۆل شارەکانی کوردستان جـێ بێڵـن و ڕوو بکەنە بنکـە و بارەگاکانیان لـە دێهات و چیا و دۆڵەکانی کوردسـتان؟ بەراسـتی دۆسـتان قەڵەم لە باسـی بەرزیی ورە و ئیرادەی پتەو و تێگەیشتنی دروستی ئـەو لاوە خوێن گەرمانە لـە هەلومەرجی خەباتی ئەو کاتی کوردسـتان دەستەوەسـتانە. من کاتێک لە رێگای خەیاڵەوە ئـاوڕ لەو قۆناغەی شـۆرش دەدەمەوە شـاییم بە خۆیە کە شـەپۆلێک لەو دەریا خرۆشاوەی لاوان بووم کە لێبرابوون هەتـا تەختـی بێـدادی تێکەوە پێچـن و دنیایەکی ئـارام بۆ نەتەوەکەیـان بنیـات بنێن. وەبیرم دێتەوە کـە لاوان خۆیان بۆ بەشـداری لە قۆناغێکی سـەختی خەبات ئامادە دەکرد و شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەشی هەرە زۆری ئەوانیـش هەر لاو بوون. چەکـی بەرگری لە ئازادی یان هەڵ دەگرت.
دەسـت پێکردنـی خەباتـی چەکـداری، یـان باشـترە بڵێم هەڵگرتنـی چەک بۆ بەرگری لە فەوتان، درێژەی ئەو خەباتە بەربڵاوو هەمە لایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە دژی سەرەڕۆیی دەسەڵاتی تازە دامەزراو لە ئێران بوو کە بڕیاری کـورد قڕانـی دابوو. لـەو دەورەیە دا لاوانی نێـو ریزەکانی یەکیەتیی لاوان بە کچ و کورەوە فیداکاری و ماندوو بوونی زۆریان لە خۆ نیشـان دا و لە راسـتی دا بەڵێنی خۆبەخشی لـە پێنـاو ئازادیی گەلەکەیـان باش بردە سـەر. هەر کە بیر لـەو هەموو گەنجە خوێن گەرمـەی نێو ریزەکانی ئەو کاتی یەکیەتیی لاوان دەکەمەوە کە چۆن لە بوارە جۆربە جۆرەکان دا چالاکـی یان دەنواند، بەخۆم نیە تاوێک سـەر دادەخەم و بۆ ورەی بەرزیان ئافەرین دنێرم. دۆسـتان، رەنگە بەشـێی زۆر لە ئێوەی خۆشەویست نەک هەر شانسی بەشداری لەو هەرەوەزە نەتەوییەتان نەبووبێ، بەڵکوو وێدەچێ بەشێکتان هەر وەبیریشتان نەیە،بەڵام باوەڕم پێ بکەن وەبیر هێنانەوەی ئەو دیمەنە سرنجراکێشـانەی بەشـداریی لاوان لەو خەباتە سـەختەدا کوڵی دڵ دادەمرکێنێ. خۆزگە دەکرا منیش وێرای ئێوە تێکۆشـەران لەو کۆنگرە پیرۆزەدا وەک میوان بەشدار بوایەمو لەنزیکەوە بڕێک لەو بیرەوەریە قەت لەبیر نەکراوانەم بۆ باس کردبان. بەڵام کە ئەو شانسەم بە نسیب نەبوە دەڵێم ببورن کەبە پەلە بەسەر رووداوەکان دا تێپەر دەبم.
باسی ئەوەم کرد کەخەیاڵ هەڵی گرتم و بۆ رۆژە سەختەکانی خەباتـی لاوانـی گەڕاندمەوە. دیارە ئـەو دەورەیە هەرچەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەختی و چەرمەسەری زۆری تێدا بوو کەچی پڕیش بوو لەخۆشی و شیرینی و دۆستایەتی و برایەتی. ئەوانەی لەو خەباتە دا بە شدار بوون بە جۆرێک ئۆگری یەکتربووون کە وەک لەشێکی تاقانەیان لێ هاتبوو.

خۆیان لە خەم و شادی و بوون و نەبوونی یەکتر دا بەشەریک دەزانی و هەموو وەک ئەندامانی یەک بنەماڵەی گەورە دەگەڵ یەک دەجۆلانەوە. لاوانی ئەو سەردەم بە نێو خەڵک دا دەگەڕان و کەڵکیان لە ئەزموونەکانیان وەرگرت و شتی تازەی خۆشیان دەدانێ. ئەوان هەمیشە کتێب بەکۆڵەوە و رادیۆ بە لا گوێچکەوە ئەم دێ و ئەو گوندیان دەکرد و لە هەر کوێ مەجالیان بۆ رەخسابا کلاسی دەرس و دەورەی فێربوونیان دەکردوە. ئەوان نە ئیمکانی دەستراگەیشتن بە مۆبایلیان هەبوو نە دەیان توانی کەڵک لە ئینترنێت وەرگرن. ئەوان لە قوتابخانە و زانستگا بێ بەش بوون و ئیمکانی سەفەر بە ماشێنیان نەبوو. ئەوان نەیان دەتوانی بە حەفتەش لیباس بگۆڕن و ئەگەر دەشیان گۆڕی هەر جلە کۆنەکان بوو کە دوای شۆردن دەبەریان دەکردەوە. ئەوان بە دەگمەن بە دیداری بنەماڵە شاد دەبوون و تەنانەت بەشێکیان حەسرەتی دەئامێز گرتنی دایکیان بردە ژێر گڵ. بە هەمووی ئەوانەشەوە لاوانی ئەو سەردەم دڵیان بە خەبات خۆش بوو. دڵیان پڕ بوو لە هیوا و هومێد و بەدایم باسی بەرەو پێشەوە چوونو سەرکەوتنیان دەکرد. هەمیشە لە باسەکانیان دا پلانی ئەوەیان دادەنا کە دوای سەرکەوتن چی دەکەن و چ رێگایەک بۆ خزمەتی زیاتر هەڵدەبژێرن. ئەوان هاتبوون خەبات بکەن و بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتەش بە راستی مایەیان دادەنا. هەر لەو بۆ دواوە گەرانەوەم دا، هەموو ئەو شەهیدە سەربەرزانەی ریزەکانی یەکیەتیی لاوانم هاتنەوە بەر چاو کە سەردەمایەک هاوسەنگەر بووین و بۆ مەبەستێکی هاوبەش تێدەکۆشاین. هەموو ئەو لاوە بەجەرگانەشم هاتنەوە بیر کە زەمانێک لە ریزەکانی لاوان دا تێدەکۆشان و پاشان دوای خۆپێگەیاندن لە ریزەکانی پێشمەرگە دا جێ یان دەگرت. بە خۆشی یەوە ئێستاش بەشێکی بەرچاو لەو تێکۆشەرانە هەرماون و لە رێگای جۆراوجۆرەوە درێژە بە خەبات دەدەن.

هاورێ یان، بەرەبەرە وەختی ئەوە هات ریزەکانی یەکیەتیی لاوان وەک کاری دایمی بەجێ بێڵم، بەڵام باوەڕم پێ بکەن قەت نەمتوانی بە دڵ لێی دووربم. هەر بۆیە دواتریش پێوەندیم دەگەڵ ئەندامان و بەرێوەبەرانی هەر پاراست و تەنانەت بۆ کاری گۆڤاری لاوان هاوکاریم هەر درێژەی پەیدا کرد. ئێستا کە بیر لەو سەردەمانە دەکەمە کە چەندەها سەرمایەی بە نرخ لەو ئۆرگانە را کەوتە بانکی زەخیرەکراوی گەل، دیسان بەخۆم نیە سوکناییم دێتێ و دڵم بە داهاتوو خۆشتر دەبێ.

ئەو کاتەش کە شانسی بەشداری لە کۆنگرەی یەکەمی رێکخراوەکەتانم بە نسیب بوو ئەو هەستەم تێدا بەهێزتر بوو کە بەڵێ ئێمە خاوەن سەرمایەیەکی بەنرخین و بە بوونی ئەو سەرمایەش پێویستە بەداهاتوو گەشبین بین .

دۆستانی لاو یان لاوانی دۆست، ئێوە لە کاتێک دا پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتییەکەتان دەبەستن کە هەم هەلومەرجی خەباتتان گۆڕاوە و هەم ئیمکاناتی بەردەستتان. ئێوە هەڵگری کۆڵێک زەخیرەی مەعنەویی دەورانی پێشوون کە پێویستە بە باشی کەڵکی لێ وەرگرن. دڵنیام ئەگەر ئیمان و وەرەو سەداقەتی لاوانی ئەو سەردەم تێکەڵ بە زانیاری و تێگەیشتنی لاوانی ئەم دەورەیە بکەن شانسی ئیدامە کاری و یەکگرتوویيتان سەت هێندە دەبێ و هەر بەو پێ یەش مەجالی خۆ نواندن و رێکخستنی زیاترتان بۆ دەرەخسێ. خەباتی نوێ، بیری نوێ و رێکخستنی نوێ و لێکدانەوەی نوێی دەوێ. ئێوە کە زەمانێکی نوێن، دەبێ باش لە ئیمکاناتی نوێ بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتەکەتان کەڵک وەرگرن. خەباتی ئێوە خەباتێکی رەوایە و هەر بۆیە دەبێ هیوادار بن تێیدا سەردەکەون.

کاتێکی شاد و کۆنگرەیەکی سەرکەوتووتان هەبێ.

**دڵسۆزی ئێوە: هەیاس کاردۆ**

**ئوسترالیا.٦ی جوولای ٢٠٠٩ ی زایینی .**

# بە ئیمان بە سەربەستی و ئازادی

بەرێز ئەندامانی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی
بەرێز ئەندامان و میوانانی بەشداری کۆنگرە

لە دوورەوە رێز و سڵاوم بۆ گشت لایەکتان هەیە ودەستتان دەگووشم و پیرۆز باییتان لێ دەکەم، بەرێزان زۆر بەداخەم کە ژیانی دەست و پێگری ئوروپا ئەو هەلەی لێ ستاندم کە ئەمرۆ لە تەنیشت ئێوە دابنیشم وشانازی بەشداری ئەم کۆنگرەیەم بە نسیب بێت. بۆیە وێرای سوپاس و پێزانینم بۆ گشت ئەندامان و بەرێوەبەرانی لاوان، داوای لێبوردنیش لە کومیتەی بەرێوەبەری گشتی لاوان لە کوردستان و هەروەها کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی دەرەوەی وڵات دەکەم کە نەمتوانی بەشداری کۆنگرە بم.

من هیوادارم کە ئەندامانی کۆنگرە بە وردی دەست نیشانی خاڵە لاوازەکانی کارکردی یەکیەتیی لاوان لە مەودای نێوان دوو کۆنگرە دا بکەن و بە پێشنیارو دروست کردنی بریاری بە کەڵک یەکیەتی لاوان لە داهاتوو دا ئەکتیڤ و چالاکتر بکەن.

**رەحیم دەستیار**

**ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات**

**بریتانیا/لیبدز-٢١ جولای ٢٠٠٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیام بۆ کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات

بە بۆنەی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتی¬یەکەتان لەلایەن هێزی پارێزگاریەوە گەرمترین پیرۆزبایتان پێ دەڵێین. هیواداریین کە کۆنگرەی پێنجەمتان لە بەرەو پێش بردنی هیوا و خواستەکانی لاوانی وڵاتەکەمان دا سەرکەوتوو بێت.

لێرە دا جێی خۆیەتی کە یادیک لە شەهیدی نەمر قادر قادری بکەینەوە کە لە هێزی پارێزگاری دا لە گەڵمان ئەرکی حیزبی رادەپەڕاند و هاوکات ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوەکەتان بوو. هیواداریین کە یەکیەتیی لاوان، لاوی پێ گەیشتووی وەک شەهید قادری زۆر بێت.

**هەر سەرکەوتووبن.**
**لەلایەن سابیر سەلیم زادە**
**بە نوێنەرایەتی هێزی پارێزگاری**

# بۆ یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێزان ئەندامی کۆنگرەی یەکیتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای سڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانە، هیوادارم کۆنگرەیەکی سەرکەوتوتان هەبێ.

بەڕێزان زۆرم پێ خۆش بوو بتوانم یارمەتییەکی باشی کۆنگرەتان بکەم بەڵام بەداخەوە هەر ئەو ٥٠ دۆلارەم لە دەست دێ کە ئەوەش لە ڕێگەی هاورێی خۆشەویستم وەستا کامیلەوە دەینێرمە خزمتتان.

براتان

ڕێبوار ڕۆژهەڵاتی
ئەندامی نەهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان
١٣٨٨/٥/٧

# پەیام بۆ کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات

بابەت: پیرۆزبایی
بۆبەڕیز: یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
پاش سڵاوێکی لاوانەی گەرم...

ئێمە وەک دەستەی کارگێری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان سەنتەری کۆیە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕیز دەکەین بە بۆنەی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەتان هیواخوازین کە ئەم کۆنگرەیە نوێبونەو بێت لە گەشت بوارەکاندا دووبارە هیوای سەرکەوتنتان بۆدەخوازین.

لەگەڵ ڕێـــــــــزدا...

**ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان**
**سەنتەری کۆیە**
**٢٠٠٩/٠٧/٢٧**

# کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز/کۆیە

پەیامی پیرۆزبایی
بەناوی کۆمیتەی باڵا و ناوەندی کۆیەی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز گەرمترین پیرۆزبایی سەوزتان ئاراستە دەکەین. هیواداریین کۆنگرەی پێنجەمتان سەرکەوتوو بێو ئەندامی چالاک بێتە پێشەوە بۆ سەرکەوتنی کارەکانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
هەر پیرۆزو پایە داربن لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

**برابچوکتان دکتور رزگار نقە سلیم، ئەندامی کومیتەی باڵا و لێپرسراوی ناوەندی کۆیەی کۆمەڵەی کوردستانی سەوز.٢٠٠٩/٧/٢٧**

# زۆر بەڕێز : یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بابەت/پیامی پیرۆزبایی
سڵاوی نوێ خوازی......

بە بۆنەی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیەکەتان، یەکیتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەختەوەرین کە بتوانین بە ناوی((فیدراسیونی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کۆیە)) گەرمترین پیرۆزبایتان بۆ بنێرین و لە ناخی دڵمانەوە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بۆ بخوازین.

کۆنگرە مانای نوێ بوونەوە و گۆڕانکاری لە تاکو کەسایەتیەکان ناو ڕێکخراوە و گۆڕانە لە پێرو و پرۆگرامی ڕێکخراوەکەتان لە پێناوی دارشتنی بەرنامە و پرۆگرامی نوێ ترو گونجاو لە گەڵ خەباتی ئەم قۆناغەی ڕێکخراوەکەتان، دواجار هیوا خوازین ژیرانە و لاوانە و ئازایانە وبە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاکی زروفی تایبەتی کاری ڕێکخراوەکەتان هەڵسەنگێنن و بەرژەوەندی گشتی لاوان بخەنە سەرەوەی بەرژەوەندی تاکە کەسیەکان کە دڵنیاین هەر وادەبن.
دووبارە سەرکەوتوبن.

**سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدنیەکانی کۆیە.**
**دسزگار فقە سلیم.٢٠٠٩/٧/٢٧**

# سکرتێری پەروەردە سەنتەری چالاکی گەنجانی کویە

بـۆ گشـت ئەندامانی کۆنگـرەی یەکیەتی لاوانـی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان
بابەت: بروسکەی پیرۆزبای
سـەرەتا بـە نـاوی گەشـت کارمەنـدوو گەنجانی سـنوری سـەنتەرەکەمان بەسـتنی «پێنجەمین کۆنگرەتان» لَی پیروز دەکەیـن و جوانترین چەپکە گوڵـی باغەکانی ئۆمەر خوچان و حەمامـوک و شـیوی ڕەزان ئەچنیـن و ئەیخەینـە یەخەی ئەوگەنـج و لاوانە کە بـە درێژای تەمەنیان گشـت کاتەکانی ژیانیـان تەرخان کـردووە بۆ خزمەت کـردن و ئازاد کردنی نیشـتیمانەکەیان. و سـەری ڕێـزو نـەوازش دائەنوێنیـن بۆ ئـەو لاوانەی گیانی خۆیان لە پێناو ئازاد کردنی کوردسـتان بەخشـیوە. هیواداریـن لەم کۆنگرەیە ئـەو لاوانە بێنە مەیدان کە وا پسـپۆرن لە بوارەکانی لاوان و بتوانن بەشـێکی زۆری کێشەو گرفتەکانی لاوان و گەنجان بخەنەڕوو لە گەڵ دارشتنی بەرنامەی تۆکمەو بەهێزی بۆ چارسەر کردنی.
و هیوادارین لە کونگرەی داهاتوو دا گشت لاوان و گەنجانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەیەکەوە پرۆگرامێکی سەرانسەری دابرێژین بۆ بەدیهێنانی هیواو خواستەکانی لاوان و گەنجان بەگشتی...
هەرسـەرکەوتوبن بـۆ ڕزگارکردنـی هـەر چوارپارچـەی کوردستان....
لەگەڵ ریزدا...

**امیر احمد**
**بەرێوەبەری سەنتەری چالاکی گەنجانی کۆیە**
**٢٠٠٩/٠٧/٢٧**

# بەرێوە بەرایەتی ڕادیودەنگی دیموکراسی

بابەت / بروسکەی پیرۆزبایی
بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی (٥)ی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتانەوە ڕێکخراوی(یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان) بەناوی سـەرجەم سـتافی کارمەندانی ڕادیوی دەنگی دیموکراسی جوانترین و قەشەنگترین چەپکە گوڵی ڕێز و پیامی خۆشەویستیتان پێشکەش ئەکەین.
بە هیوای ئەوەین کۆنگرەی پێشنهادات کۆنگرەی بە دیهێنانی داواوو خواست و خۆزگە و مافە سەرەتاییەکانی لاوان بێت لە جیهان و کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئازیز بە تایبەتی.
هەرشادو سەر کەوتوبن

**بەریوەبەرایەتی رادیو دەنگی دیموکراسی**

# بۆ بەرێز... یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان

ب/پیرۆزبایی
سلاوی هوشیاری.....
بەسـتنی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی کوردسـتانتان پیرۆز دەکەین، بەسـتنی کۆنگرە بە مانای کەشـێکی کاریگەر بۆ کەشێکی کاریگەرتر بەرێوە بروات هەر وەک چۆن دەبینین لاوانـی هەرکونجێکـی ئەم دونیایـە لەگـەڵ گۆرانکاریەکانی سەردەم هەنگاو دەنێن، دەبینین لاوانی وڵاتی کوردەواری پێ بەپێی هەلومەرجی سیاسـی و ئابـوری و کۆمەڵایەتی ...هتد.. هەنـگاو بـە هەنگاو شـان بە شـانی ئـەوان دەرۆن بەرێوە، هیوامـان بەوە هەیە کـە بتوانن هەرچی ڕۆڵـی لاوان زیاترە بـرەوی پێبدرێـت لـەم کۆنگرەیە بۆ ئەوەی پێشـەنگی لاوان گەشاوە بێت هەروەک گەشاوەیی پێوە دیار بووە.
بەهیـوای کۆنگرەیەکـی هاوچـەرخ بـەرەو پێش چـوون بۆ خواستەکانی لاوان.
هەر شادو سەرکەوتویی کۆنگرەتان بۆ دەخوازین.......

**سەنتەری چالاکیە ڕۆشنبیریەکان**
**دەستەی باڵا/ لە کۆیە**

■





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەردانی هەیئەتێکی «یەکیەتی لاوان» لە مەکتەبی سکرتاریەتی «یەکیەتی لاوانی دیموکرات لە کوردستانی عێراق» لە هەولێر

دوانیوەرۆی رۆژی پێنجشەممە هەئیەتێکی یەکیەتی لاوان کە پێک هاتبوو لە بەرێزان مەنسور سەمار سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوان و عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور جێگری سکرتێرو بەرپرسی راگەیاندن، سمکۆ عوسمانی بەرپرسی تەشکیلات و دیاری میراوەیی ئەندامی چالاکی کۆمیتەی زەوی سپی یەکیەتی لاوان بە بۆنەی ٣٧ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی لاوانی دیموکرات لە کوردستانی عێراق سەردانی رێکخراوی ناوبراوی کردو لە لایەن بەرێز سمکۆ رەشید سکرتێری گشتی و دەستەیەک لە هاور ێیانی پێشوازیان لێکرا.





# بەیاننامەی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان بە بۆنەی لە سێدارەدانی لاوی کورد ئێحسان فەتاحیان



رۆژی چوارشەممە رێژیمی دژی لاوو ئازادیو دیموکراسی کۆماری ئیسلامی ئێران لاوی کورد ئێحسان فەتاحیانی لەسێدارەدا، لە سێدارەدانی لاوی کورد ئێحسان فەتاحیان لە کاتیک دایە کە ناوبراو سەرەتا حوکمی ١٠ ساڵا زیندانی بەسەر دا سەپا بوو بەلام لە پێداچوونەوە بە حوکمەکەیدا بۆی کرا بە سزای لەسێدارەدان و رۆژی چوارشەممە گیانیان لەو لاوە کوردە ئەستاند.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی سەلماندی کە هەمیشە ئامادەگی ئەوەی تێدا هەیە کە بە هەر پاساوێک بێ لە دژی رۆلەکانی کورد تاوان بخولقێنێ. ئەوە لە حالێک دایە کە بەر لە بەرێوەچوونی ئەم حەکمە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان‌و کەسوکاری ناوبراو زیندانیانی سیاسی لە چەند بەندیخانە نارەزایەتیەکی بەرینیان وەرێ خستبوو، بەلام بێگوێدانە ئەو نارەزایەتیانە حوکمەکەیان بەرێوە برد.

یەکیەتی لاوان لە رێگای پێک هێنانی رێپێوان‌و چالاکی تەبلیغی لە ناوخۆ دەرەوە هەروەها بە پێوەندی گرتن بە رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ‌و ئاگادار کردنەوەیان لە سەر بارودۆخی کۆمەلێک زیندانی سیاسی دیکەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بۆ ریسوا کردنی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەموو هەولی خۆی وەگەڕ دەخات تاکوو چیدیکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ تاوانی لەوچەشنە دووپات بکاتەوە

یەکیەتی لاوانی دیمووکراتی رۆژهەلاتی کوردستان سەرەرای مەحکوم کردنی ئەم تاوانە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزی ئێحسان فەتاحیان دەکات‌و هیوای ئازاد بوون بۆ هەموو بەندکراوانی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان دەخوازێ.

**کۆمیتەی بەریوەبەری گشتی**
**یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

UNESCO

# پەیامی سکرتێری یۆنیسکۆ، «کۆئیچیرۆ ماتسوورا» بە بۆنەی رۆژی جیهانی لاوان

لە گەرمەی قەیرانە چاوەروان نەکراوەکان دا کە ژیانی لاوەکانە هەموو جیهانی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، دروشمی ئەوساڵ ی رۆژی جیهانی لاوان بە سەرتیتری بەردەوامی: «چالشەکانی ئێمەو داهاتووی ئێمە» زۆرتر لە هەموو کاتێک واتا پەیدا دەکات.

بەردەوامی پەیوەندی هەیە بە سێ لایەنی ژیانی ئەمرۆ کە تووشی گۆران بووە: ژینگە، کۆمەڵگاو ئابووری پێویستە ئێمە بە خێرای ملّملانێکانی ئەو سێ بوارە روبەرووی لاوان دەکاتەوە، تاوتوی دەکەین. دەنا هەلی لاوان بۆ ژیانێکی باشترو ئەمن تر و هاوپێوەندی خستومانەتە مەترسییەوە.

لاوان، کە ١٨ لە سەدی ژمارەی دانیشتوانی جیهان پێک دێنن، توانایەکی زۆریان هەیە تاکوو بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ قەیرانەکانە سەرەوە هاوکاری بکەن: لاوان لەگەڵ ئەوەیدا کە ژیرترینو خوێندەوارترین نەوەی ئەمرۆن، هەر لەوکاتەدا خەیالاویو نەرمنو دەتوانن خۆ لەگەڵ ئەو راستیانەی کە خەریکە دەگۆرێن دوگونجێنن. لەگەڵ ئەوەشدا داهاتیان رۆژی کەمتر لە دۆلارێکیشە، ٨٨ میلیۆن بێکارن ١٦٠ میلیۆن تووشی بەدخۆراکی بوونو ١٣٠ میلیۆن نەخوێندەوارنو بەداخەوە ١٠ میلیۆنیان هەڵگری ڤایرۆسی HIV (ئیدز)ن. ژنانی لاو هەروەها لەگەڵ بەربەست گەلێک لە زۆرێک لە رووەکانی پێشکەوتن بەرەو روون.بە سەرنج دان بە تێروانینی ئەو هەلانەی کە لە خوێندنەوەی ژمارەی لاوان بەدەست هاتوە، پێویستە هاوکاری لاوان بکەین وەک شەریکێک کە خاوەنی شوێنگەیەک یەکسانن بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ملّملانێکان.

یۆنیسکۆ لە رێگای هاوکاری کردنی دەوڵەتەکان، رێکخراوەکانی لاوان، کاناڵەکانی لێکۆلینەوەو کۆمپانیا ناسراوو چالاکەکان لە بواری گەشەپێدان کە لە کەرتی تایبەتن، لە هەوڵی ئەوە دایە تاکو ژینگەیەکی فێرکار بۆ نمەنە رێبازێکی هەڵ رەخسێن بۆ گەشە کردنی لاوان بۆ پشتیوانی لە کردەوەگەلێک بە رێبەری لاوان پێناسە بکات.یونێسکۆ ئەم ئامانجەی بە بەهێز کردنی وەدەست خستنی زانستو بەرێوەبەری پرسگەلی لاوان ئەنجام دەدات کە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی لێکۆڵینەوە گەلێک سەبارەت بە رێبازەکانیشو هاندانی بەشداری کردنی لاوان لە بڕیادردان.

بە مەبەستی بەلێنی دووبارەی یۆنێسکۆ بە لاوان، ئەم رێکخراوە «کۆمەڵەی لاوان»ی وەک بەشێک لە کۆنفرانسی گشتی دامەزراندووەو بە سەرنج دان بەوەی کە کۆنفرانسی گشتی یۆنێسکۆ بەرزترین سەرچاوەی بریاردانی رێکخراوە ئەم ئەنجومەنە دانیشتنێکی بە نێوی «تاوتوی کردنی قەیرانەکان بە مەبەستی وەدەست هێنانی ئاکامەکان: رۆڵی لاوان چیە؟» لە یەکەم تا سێهەی ئۆکتۆبر پێک دێنێ. دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لاوانی وڵاتانی ئەندام بە شێوەیەکی چالاک لە بەرەو پێش بردنی کارەکانیو بەرنامەکاندا بەشداری بکەنو هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە بیرو راکانیان سەبارەت بەو بابەتە گرینگەی سەرێو رۆڵی یۆنیسکۆ لە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو کێشانە باس بکات.

بە بۆنەی رۆژی جیهانی لاوان بە پێویستی دەزانم داوا لە دەوڵەتاەکانو کۆمەڵگای مەدەنی و کەرتی تایبەت بکەم زۆرتر زۆرتر لە جاران هاوکاری خۆیان لەگەڵ لاوان باشتر بکەن تا لاوانی ئەورۆ بتوانن زاڵ بن بەسەر ئەو کێشانەی کە دێنە بەردەمیانو هەروەها هەموو لاوان هان بدەن تاکوو هێزو داهێنەری خۆیان لە رێگای پاراراستنی ئاشتیو پارێزگاری کردن لە بەردەوامی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەکار بێنن.

■


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# تایبەتمەندیەکانی
# شەهید صادق شەرەفکەندی

ئا: رەحیم قادری

شـەهید دوکتور صادق شـەرەفکەندی لە یەکـەم پلیۆمی دوای شـەهید بوونی دوکتور قاسـملوو دا بـە تێکرای دەنگی ئەندامانـی کومیتـەی ناوەنـدی بـە سـکرتێری گشتی حیزب هەڵدەبژێردرێ و لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبیشەوە هەتا کاتـی شـەهید بوونـی (٢٦ خەرمانانی ١٣٧١ی هەتـاوی ١٧ی سـپتامبری ١٩٩٢ی زایینی) ئەرک و بەرپرسـایەتی قوورسـی سـکرتێری گشـتی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی بەرێوە دەبرد. خەباتگێری مەزنـی گەلەکەمان دوکتور صادق شـەرەفکەندی لە ماوەی ئەو ١٢ سـاڵەی دوایی دا تا کاتی شەهید بوونی هەمیشە رۆڵێکی بنەرەتی لە رێبەرایەتی حیـزب و جوڵانـەوەی گەلەکەمـان دا هەبوو. یەکێک لە بەوەجترین و شـارەزا ترین رێبەرانی نێو ریزەکانی بزوتنەوەی میللـی دێموکراتیکـی گەلەکەمان بوو بە حـەق بڵێین کـە قوتابیەکی لێوەشـاوەو یارێکـی وەفاداری دوکتور قاسـملووی نەمر بوو پاش دوکتور قاسملووش بوو بە مامۆستای ئیدامەکاری درێژە دان بە رێبازو رێگای قاسـملوو، بـە لێهاتوویی و لێوەشـاوەیی خـۆی نەیهێشـت بـێ قاسملوویی بـەم جـۆرە کە ئـاوات و ئامانجـی دوژمنانی بزووتنـەوە بوو بە حیزبەوە دیاربێ.

تایبەتمەنـدی و کەسـایەتی دوکتـور شەرەفکەندی

تێکۆشـەری نەمـر دوکتـور صـادق، ئینسـانێکی بوێـر و شـوجاع، بـەورە، بـە ئەخـلاق، راسـتگۆ و دروسـت کار و بـە راسـتی صـادق بوو. لـە حەق و عەداڵەت پشتیوانی دەکرد لە هەموو ئەو تایبەتمەندی یانە لە سیاسەت و کردەوە دا کەڵکی وەردەگرت. ئینسانێکی پر کار بوو، ماندوویی نەدەناسی، هەموو کاتی خۆی بۆ جێ بەجـێ کردنی ئەرکە حیزبیەکان تەرخـان کردبـوو، شۆرشـگێرێکی بـە تەواو مانا و دێموکراتیکی واقیعی بوو کە لە هەموو کاروکردەوادا و بە هەڵوێستی دا ئەو تایبەتمەندیانە خۆی دەنواند.

بڕوایەکی قووڵی بە دێمۆکراسی و مافی گەلانی ئێران هەبوو، هەر بۆیە لە روانگەی ئـەوەوە پێوانـەی هـەر جوڵانەوەیەکی خەباتگێرانـە لـە ئێران و کوردسـتان دا بریتی بوو لە تێکۆشـان بۆ سەقامگیری کردنی ئازادی و دێمۆکراسی وەدیهێنانی مافـە رەواکانـی گەلی کـورد و گەلانی ئێران. سیاسـەت و تاکتیک بۆ دوکتور صـادق زاراوە و دەسـتەواژەی خەیاڵی و زەینـی نەبـوون لە روانگـەی ئەوەوە سیاسـەت کـردەوەی خەباتگێرانە بوو. هـەر بۆیەش بە حەق و بە کردەوە ببوو بـە ئاوێنـەی تایبەتمەندییەکانـی حیزبی دێموکراتی کوردستان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوکتور صادق رێبەری حیزب

هەر لە سەرەتای هاتنە ریزی رێبەرایەتی حیزب یەکێک لە داریژەرانی سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. لە سەر پاراستنی ئووسوول و پرەنسیپەکانی حیزب شێلگیرو پێداگیر بوو. ئەو کادرو وپێشمەرگەکانی حیزبی خۆش دەویستن، بەڵام ئەو خۆشەویستی یە هەرگیز شوێنی لە سەر هەڵسەنگاندنی واقیع بینانەی کادرو پێشمەرگەکان و کارو باری ئەوان دا دانەناوە. دڵپاکی و بێ غەرەزی کاک دوکتور سەعید بۆ هەموو هاورێ یانی حیزبی دەرکەوتبوو هەربۆیەش ئامۆژگاریەکانی بە دڵ و بە گیانەوە وەردەگیران . نەخشی گرینگی تەشکیلاتی لە حیزب و بزوتنەوە دا زۆر بە باشی هەست پێ کردبوو، بەڵام هەرگیز تەشکیلاتی لە جێی خەڵک دا نەناوە و لە دەمارگرژیو سکتاریتی بە دوور بوو. چۆنکە ئەو تەشکیلاتی حیزب و خودی حیزبیش بۆ رێبەرایەتی کردنی خەباتی گەل دەویستن.

## سیاسەتی دوکتور سەعید

دوکتور سەعید لە باری سیاسی یەوە درێژەدەری رێگای شەهید قاسملو بوو. بۆیە هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی لەو رێبازەدا هیدایەت بکا کە لە کاتی سکرتێری دوکتور قاسملوو دا دیاری کرابوو، هەر وەک لە پەیامی ئەمەگناسی بۆ خەڵکی کوردستان کە بە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا رایگەیاند: بە زانیاری یەکی تەواوە،پەیمانمان داوە کە تەواوی هێز و ئیرادەی خۆمان تەرخان بکەین بۆ درێژە پێدانی رێگای قاسملوو یانی بەربەرەکانی یەکی ماندوونەناسانە لە رێگای ئازادی دێموکراسی و مافی مرۆڤ. لەو رێگایە دا کە رێگای سووری شەهیدانە یان سەردەکەوین و یان بە شانازی یەوە هەر وەک شەهیدە عەزیزەکانمان سەر دادەنێین.

## دوور ئەندیشی دوکتور صادق

دوکتور سەعید وەک رێبەرێکی دوورئەندیش هەر ئەوەندە نەبوو کە چاوەدیری بە سەر بەشە جۆراجۆرەکانی کاری حیزب دا دەکرد و زەحمەت وماندوو بوونی زۆری دەکێشا، بەڵکوو زۆریش بیری لە دوا رۆژی حیزب و جووڵانەوەی دەکردەوە و بۆ ئەو مەبەستەش زۆر تێدەکۆشا پێوەندی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە شۆرشگێرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان پتەوتر بکا. ئەو لەو باوەرە دابوو مادام کە ئێمە داوای خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران دادەکەین پێویستە لە گەڵ حیزبە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران دۆستایەتیەکی پتەو دامەزرێنین و باوەر و متمانەی ئەوان رابکێشن بۆ ئەوەی لە کاتی ئێستا دا لە دژایەتی لە گەڵ ریژیم یارمەتیمان بدەن و لە داهاتووی ئێران دا وەکو دۆستێکی بە وەفای گەلی کورد بمێننەوەو لە سرینەوەی ئەو تەبلیغاتە ژەهراوییەی کە رێژیمەکانی پاشایەتی وکۆماری ئیسلامی دژی گەلی کورد کردوویانە و مێشکی هاونیشتمانانی دیکە مانیان پێ ئاخنیوە، یارمەتیمان بدەن هەر بۆیە گرینگی زۆری دەدا بە نێزیک بوونەوە و باس کردن لە گەڵ ئەو حیزبانە وەک دیتمان هەر کاتی دانیشتن لە گەڵ ئەوان بوو کە شەهید کرا.

هەڵکەوتووی گەل و بروای قووڵی بە هاوکاری گەلانی ئێران

دوکتور صادق ئینسانێکی خاکی و خەڵکی و بە توازع، بوو بەڵام هەر ئەوەندەی کە لە راست دۆستان و هاورێیانی دا روو خۆش بوو و بە گوزەشت بوو، لە راست دوژمنانی حیزب و گەل دا بە توندی و بێ لێبوردن بوو، قوورسی و قایم لە بەرامبەریان دا رادەوەستا و زەرەیەک نەرمی وهەنگاوێک گەرانەوەی بۆ نەبوو، ئەو خەڵکی کوردستانی بەرەگ وپێستەوە خۆش دەویست هەر بۆیەش گیان و ژیانی بۆ خزمەت بە وان تەرخان کردبوو ئەو لەو سیاسەتمەدارانە نەبوو کە خەڵکیان وەک ئاوازی بردنە پێشی مەبەستەکانی خۆیان دەوێ. ئەو بۆ خۆی پێشرەوی خەباتی خەڵکی کوردستان بوو جگە لە قازانج و بەرژەوەندی یەکانی گەل هیچ قازانج و بەرژەوەندییەکی شەخسی بەلایەوە گرینگ نەبوو. شەهید دوکتور صادق بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب هەر تەنیا سکرتێر نەبوو. ئەو دۆست و

دوکتور سەعید وەک رێبەرێکی دوورئەندیش هەر ئەوەندە نەبوو کە چاوەدیری بە سەر بەشە جۆراجۆرەکانی کاری حیزب دا دەکرد و زەحمەت وماندوو بوونی زۆری دەکێشا، بەڵکوو زۆریش بیری لە دوا رۆژی حیزب و جووڵانەوەی دەکردەوە و بۆ ئەو مەبەستەش زۆر تێدەکۆشا پێوەندی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە شۆرشگێرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان پتەوتر بکا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاواڵی هاوڕێ یان بوو. بەرادەیەک کە لە گەڵیان تێکەڵاو بوو. کە هەر هاوڕێ یەک بە راشکاوی دەیتوانی پرێسکەی دڵی خۆی لەلای هەڵرێژێ و لە ڕێنوێنی یە بە کەڵکەکانی کەڵک وەربگرێ.

کاک دوکتور صادق بروایەکی قووڵی بە هاکاری گەلان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران هەبوو، لەو بروایە دا بوو کە رووخانی رژیمی ئاخوندی بەبێ نێزیکی و هاوکاری و هاو پێوەندی هێزە نیشتمانپەروەرو خەباتگێرەکانی ئێران کارێکی مومکین یان لانی کەم هاسان نی یە، هەر بۆیە لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی وەردەگرت و بە کردەوە هەوڵی بۆ دەدا و سەرەنجام لەو رێ¬یەدا گیانی بەختی ئازادی ئێران و خودموختاری کوردستان کرد.

**ماهییەتی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆر کردنی دوکتور سەعید دا**

روداوی تیرۆری دوکتور سەعید لەو بارەوە کە زیاتر لە هەر روداوێکی دیکە رووی دزێو و راستەقینەی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی دنیا ئاشکرا کرد، لە گرینگترین رووداوەکانی ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەژمێردرێ. تا کاتی تیرۆری دوکتور سەعید و بە دوای ئەویش دا کۆماری ئیسلامی ژمارەیەکی زۆر لە سەر کردەکانی رێکخراوەکان و کەسایەتی یە هەڵسورو ناسراوەکانی ئازادیخوازانی ئێرانی بە پیلانی جۆراوجۆر لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات دا تیرۆر کرد. هەر چەند هەموو ئێرانی یەکان و زۆر لە دەوڵەتان و حیزبەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی سەبارەت بە عامیلانی ئەو تیرۆرانە کە کۆماری ئیسلامی ئێرانە گومانیان نەبوو، بەڵام ئەو رژیمە هەمیشە ئەو راستی یە ئاشکرایەی حاشا لێ دەکرد، بەو ئەزموونە زۆری ئەو کە لەو کارانە دا بە دەستی هێنابوو جێ پەنجەی بە رەسمی دەر نەدەکەوت. یان ئەگەر دەرکەوتبا بە سات و سەودا و ئیمتیاز دان بەو دەوڵەتانەی کە تیرۆرە کانیان تێدا بەرێوەچوو بوو مەسەلەکەیان پوش بە سەر دەکرد و درێژەیان بە پیلانەکانی خۆیان دەدا. وەک ئەوەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن و دوکتور شاپوری بەختیار لە پاریس دیتمان. بەڵام کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دژی دوکتور سەعید و هاوڕێ یانی یەکەم تیرۆر بوو کە لە لایەن دادگای بێرلین وەک دادگایەکی رەسمی و عادڵانەی بێ لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە قاودا و ئەو رژیمەی لە بەرزترین پلەی دەسەڵات دا بە دارێژەری تیرۆرەکە بە دنیا ناساند. دەورەی ئەو دادگایە لە تەعقیب و موحاکمەی بەرێوەبەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستی یە بۆ ماوەی نیزیک بە ٣ ساڵ لە کۆتایی دا راگەیاندنی بوێرانەی ئاکامی دادگا، زیاتر لە هەموو کاتێک سیاسەتی تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و خەباتی حەق خوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی بە دنیا ناساند. بەم چەشنە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەو خەیاڵەی کە خوێنی دوکتور سەعید وهاوڕێ یانیشی وەکو خوێنی دەیان سەرکردەو شەخسییەتی سیاسی دیکەی ئێرانی دەتوانێ بکاتە وەسیلەی سات وسەودا لە گەڵ دەوڵەتە قازانج پەرەستەکان، ئەو جارە بە شێوەیەک کە چاوەروانی نەدەکرد کەوتە داوو. زیندووترین بەڵگەی تیرۆریست بوونی خۆی دا بە دەستەوە.

یادو ناوی شەرەفکەندی مەزن هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە و خەبات و تێکۆشانی پرشنگداری لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد و خەڵکی ئێران و تایبەتمەندی یە شۆرشگێرانەکانی دوای نەمانیشی رێنوێن وئیلهامدەری تێکۆشەرانی حیزب و شۆرشگێرانی وڵاتەکەمان دەبێ.

سەرچاوە: بڵاوکراوەکانی نێوخۆیی حیزبی دیموکرات.

■

”

شەهید دوکتور صادق بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب هەر تەنیا سکرتێر نەبوو. ئەو دۆست و هاواڵی هاوڕێ یان بوو. بەرادەیەک کە لە گەڵیان تێکەڵاو بوو. کە هەر هاوڕێ یەک بە راشکاوی دەیتوانی پرێسکەی دڵی خۆی لەلای هەڵرێژێ و لە ڕێنوێنی یە بە کەڵکەکانی کەڵک وەربگرێ.

“



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لەگەڵ ڕژیمی ئێران چ دەبێ بکرێ؟

ئەکبەری گەنجی
و.چیا (عەبدوڵلا عەبدوڵاپوور)




کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لەنیوەی سیهەمی سێپتامبر پێک دێ. خەڵکی ئێران لەو بڕوایە دان کە مەحمودی ئەحمەدی نژاد بە ساختەکاریەکی چەند میلیۆنی بە سەر کۆماری ئێران داندراوە. وڵامی حکومەتی ئێران بە نارەزایەتی ئێرانیەکان لە شەقامەکاندا تەقەو کۆشتنیان بوو. هەزراران کەس بازداشت کرانو دەیان کەسیش شەهید بوون. موخالیفەکانیان لە زینداندا ئەشکەنجە کردووەو دەست درێژیان کردۆتە سەر زۆرێک لە کچەکانو کوڕەکانی ناو زیندان. مەحمودی ئەحمەدی نژاد دێتە نیۆیۆرک تا بە نوێنەرایەتی خەڵکی ئێران قسە بکات، لە کاتێکدا کە خەڵک ئەو بە سەرۆک کۆماری خۆیان نازانن. بڵاو کراوە ڕۆژئاوایەکان گرینگیان بە چەند پرس (پرۆژەی ناوەکی ئێران، لەناو بردنی ئیسرائیل، نکۆڵی کردن لە هۆلۆکاستو...) داوەو سرنج نادەنە پێشێل کردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێراندا. ئێرانیەکان زۆر توورەو داغدارن. بەڵام بڵاوکراوەکانی جیهان گرینگی نادەن بە بۆچوونی خەڵکی ئێران. ئەگەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بگەڕێنەوە سەر قسەکانی دیموکراسی خوازەکانی ئێرانو بزووتنەوە سەوز، دەبینن کە ئەوان لەم خاڵەدا هاوڕان کە بوونی ئەحمەدی نژاد بە قازانجی بەرژەوەندیو سیاسەتەکانی ئیسرائیلو بە زیانی ئێرانو ئێرانیەکانە.

ئەگەرچی ڕێژیم توانیویەتی لە ڕێگای بەردەوام بوونی سەرکوتو جینایەت تا ڕادەیەک بە سەر بارودۆخەکەدا زاڵ بێتەوە، بەڵام هەر ئەم گۆرانکاریانە کۆمەڵگای ئێرانی بەرەو پێش بردوووە ئێستا کەسایەتی ناودار لە هەمبەر عەلی خامەنەیی ڕاوەستاون. نامەگەلێک لە ئێراندا چاپ بوون کە لەواندا بە شێوەی ئاشکرا ڕخنەی لێگیراوە. گۆڕانی سیاسەتی دەرەوە ئەمریکا بە هۆی ئۆباما، ئەو ئەوەی بۆ دیموکراسی خوازەکان ڕەخساند کە لە نەبوونی هەڕەشەی هێرشی چەکداریو تەحریمی ئابووری چالاکیەکانیان زیاتر بکەن، و ڕێژیم لە گەڵ قەیرانگەلێکی گرینگ ڕووبەڕوو بکەنەوە. عەلی خامنەیی بۆ دەرباز بوون لە قەیرانێک کە خۆی پێکهێنەری بوو، ڕێگایەکی جیا لەوە نیە کە درێژە بە ناکۆکی پێوەندی ئێران لە گەڵ ڕۆژئاوا (بە تایبەتی ئەمریکا) بدات. بەردەوام بوونی ناکۆکیەکان، شەڕە قسەو گەورە کردنەوەی پرسە لاوەکیەکان وەک پرسی سەرەکی، ڕێکارگەلێکی کە دەتوانێ سەرنجی خەڵکی ئێرانو جیهان لە پێشێل کردنی سیستاماتیکی مافە بنەرەتیەکانی خەڵکی ئێران دوور بکاتەوە. پرۆژەی ناوەکی لە ڕووی ناوخۆییەوە ناتوانێ بە خاڵی لاوازی ڕێژیم بژمێردرێ. خامنەییو لایەنگرەکانی دەتوانن بە هاندانی هەستی نەتەوەیی خوازانەی خەڵک، ڕێکەوتنێکی بەربڵاو بۆ ئەم بابەتە پێک بێنن. پێشێل کرانی بەربڵاوو سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، گرینگترین خاڵی لاوازی ئەم ڕێژیمەیە. ئاشکرا کردنی ڕاستیەکانی ئێران لەو ڕووەوە، هەرچی زووترو زووتر خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە دوور دەکاتەوە. عەلی خامنەیی ناتوانێ لەبەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، کۆمەڵەیەک بە قازانجی ڕێژیم پێک بێنێ. کردەوەی سەرکوتکەرانەی ڕێکخراوانەی ڕێژیمی ئێران هەر ئەو شتەیە کە دیوانی نێونەتەوەیی جینایی ئەوان بە «جینایە دژی مرۆڤایەتی» دادەنێ. ئەگەرچی ئێران، هەروەکوو ئەمریکاو ئیسرائیل، ئەندامی دیوانی نێونەتەوەیی جینایی نیە، بەڵام لە ڕێگای شۆرای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم فایلە بدرێتە دیوان، ئەو کارەی کە لەگەڵ عمرالبشیر ڕێبەری سوودان ڕووی دا. ئێمە دەتوانین بە بەڵگەی جێی پەسنی پارێزەرە نێودەوڵەتیەکان پیشان بدەین کە ڕێبەرانی ئێران ٥ خاڵیان لە ١١ خاڵی جینایەتەکانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام داوە. خەڵکی ئێران پێویستیان بە پشتیوانی ئەخلاقی ـ مەعنەوی کۆمەڵگەی جیهانی هەیە. گرینگترین هەنگاو لەو بارووودوخەی ئێستادا، هاوکاری کردنی ئێرانیەکانە تاکوو بتوانن فایلی «جینایەت دژی مرۆڤایەتی» ئەم ڕێژیمە لە بڵاوکراوەکانی جیهانیدا بێننە گۆڕێو بەو شێوەیە ئەو بکەنە گرینگترین پرسی جیهان لەگەڵ ئێران. ئێمە بەدوای ئەوەیین کە بە کردنی ئەو پرسە بە پرسێکی جیهانی، کارێک بکەین کە ڕێبەرانی ئێران نەوێرن لە وڵات بچنە دەر،و ڕێبەرانی وڵاتانی دیموکراتیک، لە ڕووی ئەخلاقیەوە نەتوانن دەست لە نێو دەستی ئەحمەدی نژاد باوێن.

*ئەم بابەتە لە سیتی CNN دا بلاو بۆتەوە.

”
ڕێژیم توانیویەتی لە ڕێگای بەردەوام بوونی سەرکوتو جینایەت تا ڕادەیەک بە سەر بارودۆخەکەدا زاڵ بێتەوە، بەڵام هەر ئەم گۆرانکاریانە کۆمەڵگای ئێرانی بەرەو پێش بردوووە ئێستا کەسایەتی ناودار لە هەمبەر عەلی خامەنەیی ڕاوەستاون. نامەگەلێک لە ئێراندا چاپ بوون کە لەواندا بە شێوەی ئاشکرا ڕخنەی لێگیراوە.
“



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لەبارەی سیستمی پەروەردەی ئایدۆلۆژیک لە وڵاتی ئێران



بــە هۆی ئەوی کە لە ئێران ســەرەتای ســاڵی خوێندنی نوێیەو بەرە بــەرە قوتابخانەو زانکۆکان بەرەو کرانەو دەرۆنو بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە وڵاتی ئێران زاڵەو دوای ئەو لێدوانانەی کە رێبەری نیزام سەبارەت بە رشتەکانی زانستی مرۆڤایەتی داوییەتی و ئەو کەشە ئەمنیەتیەی کە ئێستا لە دانیشگاکاندا زاڵەو پرسەکانی پێوەندیدار بە سیستمی پەروردەی ئایدۆلۆژیک لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا وتووێژێکمان لەگەڵ بەرێز ناسر سیمایی مامۆستای زانکۆ سازداوە

سازدانی: لاوان

**پ ـ وەک یەکەم پرسـیار دکتور ناسـر پێم خۆشــە بزانم لە روانگــەی ئێوو زۆر کەس باس دەکەن و دەڵێن سیستەمی پەروردەی کۆمــاری ئیســلامی دوور لــە ســتاندارد جیهانیەکانــە دەکەوێتە خانــەی پەروردەی ئیدئۆلوژیــک ئــەو بنەمــاو فاکتەرانــە کــە سیستەمێکی پەروردە دەبەنە ئەو خانەو بە بڕوای جەنابتان چیە؟**

هــەروەک دەزانیــن پــەروردە یەکێــک لــە گەورەترین پێوەر(شاخص)کانی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانە ئەگەر ئەوەمان قبوڵ بێت دەبێ بزانین پێشــکەوتنە رەسەن و بنەماییەکانی سسیستەمی پەروردە جگە لە هەشت وڵاتی پیشەســازی گەورەی دنیا لە ولاتانی¬تردا تــازە خەریکە پەرە دەســتێنێ تەنیا هەندێ ولات سەر کەوتوو بوون لە پەرە پێدان بەو بــوارە چونکــە لە ئەســڵ دا بنەمای هەموو سیستەمەکانی تری گۆمەڵگا لە پەروردەوەیە کە مۆهەندیس و پزیشک و نیزامی ئەنواعی پیشــەکانی¬تر پەروردە دەبن. هونەرمەند، فیلســووف و هەموویان لە پەروردەوە دەر ئەچــن بۆیە «جان دیۆئــی» کە تا رادەیەک لە بنیات نەرانــی پەروردەی دێموکراتیک و فەلســەفەی پەروردەی دێموکراتیکی ئێستا دێتە ئەژمار لە ١٩٥٠ بیردۆزەکانی خۆی بلاو کردوئەڵێ پەروەردە ژیانە بۆیە هەتا ئاستەنگو ئەســتەم لە بەردەم گەلان و گرووپەکانو لە بەردەم تاکدا زیاتر بێ هەر بەو نیســبەتەش سیستەمی پەروەردەکەی دواکەوتوو ترە. با من سەرەتا هەندێک تایبەتمەندی سیستەمی داخراوو میلیتاریستی و سەربازیتان پێ بڵێم کە چۆن خۆی پیشان دەدا. ژاپون و ئەڵمان پێش دەست پێکردنی شەڕی جیهانی دووهەم هەر دووکیان لە تایبەتمەندیەکانیان ئەوە بوو وەزیرێکــی فێرکــردن و پەروەردەیان بوو زیاترین جەختــی کردووە کە ئەبێ بەیانیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له دوعایەکی بەیانیان یا پارانەوە کە بەیانیان لـە مەدرەسـە دا ئەکرا حەتمـەن بیانوتبایە «ئێمە رەگەزی سەرترین ئێمە پێویستمان بە چەکی قورسـتره ئێمە پێویستمان بە خاکی زیاتـره بۆ ئیدارەی دنیا گەلی ئێمە شـیاوی زیاتـره لەسـەر گـۆی زەوی» واتـە ئـەو شتانەی راست ئێستا ئەمان دی لە هەندێ لە سیستەمی پەروردی جیهانی سێهەم وەکوو لیبـی دەورەی قەزافیـو عێراقـی دەورەی سەدامو ئێرانی ئێستا هەر ئەم شتانە کە ئەی بینیـن بە عام لەم سیسـتەم پەروەردەییانە ئەبینرێـت ئەو تایبەتمەنـدی پەروەردەیەکە کە هەموو شـتێک بەرەو سـەربازی گەری یـان بـەرەو ئایدۆلـۆژی دەباتـو هەروهـا کۆمەڵناسێکی فەرانسەوی بەناوی گۆرویچ ئەڵێ: لە سیستەمی پەروەردەی ئەم ولاتانە پێداگـری کردن لە سـەر هەندێـک بایەخی ئەخلاقی وەک دەست پاکیو راست وێژی، بە شێویەکی تەسەننوعی بەشێوەیەکی(تصنعی) لە هەموو لاپەرەی کتێبەکاندا ئەبینرێت. یەکی تر لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی پەروردەی داخراوو نادێموکراتیک حەز ناکەم راستەوخۆ بلێم سیسـتەمی پەروردەی فا شیسـتی کە ئەویـش پێناسـەو تایبەتمەنـدی تایبەت بە خۆی هەیـە، یەکێـک لـە تایبەتمەندیەکانی تری ئەوەیە کە لە نێو یەکێتییە سـینفیەکان و رێکخراوەکان و کۆمەڵگەدا مامۆسـتایان هیچ جـۆرە ئـازادی و توانایەکیان بۆ پەرە پێـدان بـە دەسـەلاتی خۆیـان نیە. بەشـی تایبەتـی پەروردەیی ئەگەر دەکرێتەوە تەنیا لە پێناو پارە دایەو هیچ پەرەپێدانێکی زانستی نیـە تواناو دەسـەلاتێکی تایبەتیـان نیە بۆ پەرەدان بە خۆیان. دەسـەلات هەرکات پێی خۆش بێت بەشـی تایبەتی بچوک دەکاتەوە یان ئەیبەسـتێت، هەم لـە زانکوکاندا هەم لە پـەروردەی گشـتی داو هەروهـا هەندێـک تایبەتمەندی-تر کە ئەبینین لە رووی کتێبی دەرسییەوە ئێمە(تنوع)یکی ئەوتۆمان نیە بە دەگمەن پێنج ساڵ تا دە ساڵ دەبینی لە کتێبی زمانی ئەدەبیاتی فارسی یا لە کتێبی زیست شناسی دەبیرستاندا گۆڕانکارییەکی چکولەی پۆزەتیڤ روو دەدا ئەوی دیکەی سیستەمێکی داخراو پێناسەکراوو سەپێندراوە،و یەکێ لە تایبەتمەندیەکانـی تر کە ئەیبینین ئەوەیە کە وەزارەتی پـەروردەو فێرکردن، وەزارەتێکە کە بەگشتی قەرزاربارترین وکەم بودجەترین وەزارەتە،وەزیرێک کە هەڵدەبژێرن بەگشتی وەزیرێکـە کە لە تـەواوی دەورانـدا لە ناو وەزیرەکانی تردا کەسـایەتیەکی ناسراو نیە کەسایەتیەک نیە کە ناوبانگێکی هەبێ لە ناو وزیرەکانی تردا پێگەیەکی تایبەتی کۆمەلایەتی نیـە. ئەگەر هەمووی ئەم تایبەتمەندییانە کۆ بکەینەوە دەتوانێ پیشـاندەری ئەو راستیە بێ کە سیسـتەمی پەروردەی ئێران زۆر لە سیستەمی پەروردەی ولاتانێک وەکوو لیبیو کۆریای باکوورو عێراقی دەورانی سەدام و ئارژانتینی دەورەی ملیتاریسـتەکان ئەچێتو شـتێکی زۆر کراوی تێدا نابینین. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانـی تری ئەویە کە بە جێگای وەی شـانازی بکەی کچەکانـی گۆندەکانی مەریوان و زاهیدان سەرکەتوو بن و هانیان بـدەی کە دەرس بخوێنن و بە لای شـوانی وکشـت وکاڵەوە نین، ئەبێ شـانازی بکەی کـە چەنـد خوێندکارێکـت لە ئۆلەمپیـاد دا میداڵیان هێناوەتەوە. ئەوەشـیان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو سیسـتەمە پەروردە داخراوانـەی دەورەی ئیسـتالین و کوبـا و ئالمانی رۆژهەلاتو لیبـی، واتە رەهەندێکەو رێگایەکە بۆ شـانازی کردن. واتە پەروردە بەگشتی ژێرخانەکەی وێرانە زۆربەی خەڵک شەهرییەی منالەکانیان پێ نادرێ، زۆربەی ماموستاکان خانوویان نیە، زۆربەی مەوادی دەرسی ئازاد نیە، ئازادی ئیدئۆلۆژیک، ئازادی زمانـەکان نیە لە پـەروردەدا، بـەلام دەبێ شـانازی بکەی کە هەرچی سـالە یا بە دوو ساڵ کەرەتێک دە دوازدە کەس خوێندکاری ئێرانی لە ئۆلەمپیادە جیهانییەکاندا میدالیان لە بواری فیزیک و کامپیوتێرو ئەو جۆرە شتانە هێناوەتەوە. ئەو جۆرە کە گۆرویچ کەیەکێکە لـە کۆمەڵناسـەکان باسـی دەکا یەکێک لە نیشانەکانی داخراوبوون و مەیلەو فاشیستی بوونی ئەم نیزامانە شانازی کردنە بەو بەشە لە سیستەمی پەرودەوە.

**پ - واتە لەم سیسـتەمانەدا لەم ولاتانەدا کە ئاماژەتان پێکردو ناوی چەندین ولاتتان هێنا سیسـتەمی پەروردەو سیسـتەمی خوێندن تەنیا وەکوو نەهادێـک وەکوو ئامرازێک لە بەردەسـتی دەوڵەتدا ئیش دەکاتو لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی هەر وەک ئاماژەتان پێکرد بۆ بـار هێنانی کۆمەڵێک سـەربازی وفادار بەو ئایدۆلۆژییـە لەو چوارچێوەیەو لەو خانەیەخارج نیە؟**

ناتوانین بڵێین خارج لەوە نیە بەلام بار گرانی سقلی کردارەکانو بەرنامەکانو پروگرامەکان هەر لەو بوارە دایەو ئەگەر شتی تری لێبێتەو هەمووی بە زیانی کۆمەڵگایە. بۆ نمونە ئەگەر



ناسر سیمایی

> ”
> لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی پەروردەی داخراوو نا دێموکراتیک واتە سیستەمی پەروردەی فا شیستی کە ئەویش پێناسەو تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوەیە کە لە نێو یەکێتییە سینفیەکان و رێکخراوەکان و کۆمەڵگەدا مامۆستایان هیچ جۆرە ئازادی و توانایەکیان بۆ پەرە پێدان بە دەسەلاتی خۆیان نیە
> “



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

خوێندکاری زۆر زۆر باشی کامپیوتێرو گۆفتار دەرمانیو کۆمەڵناسی لێهەڵکەوێت هەر زوو من و جەنابیشتو وەزیریشو مۆدیری گشتی پەروردەو فێرکردنی پارێزگاش دەزانین کە دوو ساڵ، سێ ساڵیتر کۆچ دەکاو دەچێ بۆ ولاتێکی تر. ئەو سیستەمە بەهرەی تریشی هەیە، چونکە ئێران ولاتێکی گەورەیە، ولاتێکی بەفەرهەنگەو ولاتێکە خاوەنی شارستانییەتەو ولاتێکە کە لە هەموو شارو گوندێک دا کۆمەڵێک بلیمەت خەریکن لە رۆژدا لەگەڵ منالەکانیان دا کار دەکەن کۆمەڵێک پیاوی رووناکبیر، ژنی رووناکبیر، ژنی با شعوور خەریکن لە گەڵ منالەکانیان ئەوانەش دەبنە بەشێک لە بەرهەمی سیستەمی پەروردە. بەلام بەداخەوە ئەوانە کەسانێکن کە بەشێکی کەمیان لە سەدا ٥ تا ١٠ یان، دوایی سەر لە زیندان دەردێنن بەشێکی زۆریان دەزانین بە زوویی کۆچ دەکەن دەچنە وڵاتانی تر کە هەڵاتنی مێشکەکانی پێ¬دەڵێن یان ئەوەی کە ئەگەر لە ئێرانیشدا بمێننەوو بۆ سیستمی پەروردەیی ئیش ناکەن بۆ پەروردەو رووناکبیری گشتی کۆمەڵگا بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا ئیش ناکەن بەڵکوو دەچنە باری بازرگانیو تجارتیشەوە بۆ نمونە دەبنە دوکتورێک کە تەنیا لووتو خاڵی ژنە دەوڵەمەندەکان جراحی دەکاو نەشتەرگەری دەکاتوو پولێکی زۆر وەر دەگرێت، بنیادەمێک دەبێت بێ هیوایەت راستە کە بلیمەتێکی زانستی یە بەڵام هیچ بەرپرسارەتییەکی نیە ئەو سیستمە بەهرەی تریشی هەیە بێجگە لە سەربازی وفادار بەڵام بەهرەکانی سوودێکی ئەوتۆی بۆ کۆمەڵگا لێ ناکەوێتەو .

**پ-باشە کاک ناسر لە ولات گەلێکی ئایدۆلیزە کراوی وک ئێران کە ئایدۆلۆژی دەستی بە سەر هەموو بنچو بناوانی ژیانی مرۆڤەکان داهاویشتووە دەبینین ئەو ئایدۆلۆژییەی لە ولاتی ئێران رەنگە تۆزێک جیاوازتر بێ لەو نمونانەی کە ئیشارەتان پێ کرد ئەو نمونەی ئایدۆلۆژیەی ئیسلامی لە سەر بنەمای مەزهەبی شیعە کە زاڵە لە ولاتی ئێرانو لە سیستمی پەروردەی کۆماری ئیسلامیش دا رەنگدانەویەکی بەرچاوی هەبووە لە هەموو مادە دەرسییەکانو هەر لە سەرەتاییەوە لە دەورانی سەرەتایەو کە خوێندن دەست پێ دەکا بۆ تاکێکی کۆمەڵگای ئێرانی تا ئەو کاتەی کە باڵاترین قۆناغەکانی خوێندن دەبڕێ ئەو ئایدۆلۆژیای ئیسلامی شیعە جیا نابێتەوە لە سیستمی پەروەردە رۆڵو دەوری نێگەتیڤی سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی کە لە سەر ئەو بنەمای شیعەگەرییە دامەزراوە لایەنە نیگەتیڤو مەنفیەکانی چین؟**

و. هێندێک کەس رەخنە دەگرن کە بەهەر حاڵ ئێستا ئەو باسە لە ئارادایە بە تایبەت ئە گۆرانکارییانەی چەند ساڵی رابردوو ئەو ساڵ بە تایبەتی ئەو هاوینە لە ئێران دا بوو زانیمان کە سیستمی دەسەڵات ئەو کەسەی کە وەزیرەکان دادەمەزرێنێتو پوڵیان دەداتێ وپشتیوانیان لێ دەکاتو مەشرووعییەتیان پێدەدات ئەوەندەش پابەند بە ئیسلام و(تشیع) نیە، بەڵکوو زیاتر راگرتنی دەسەڵاتەکەی خۆی بەلاوە گرینگە من کەسێکی سیاسی و حیزبی نیم کە لەو بارە پسپۆریم هەبێ بەڵام تەنیا روانگەی پەروەردەییەکەی کە بۆتان باس بکەم کێشەیەکە پەروەردەی ئەوتۆ دروست دەکا کە لە کاتێکدا کە ئاژاویەک روو دەدا شلوقیەک روو دەدا کە وەکوو ئەو هاوینەو سەرهەڵدانێکی خەڵک رووئەداتو کۆمەڵگا دەکات بە دوو پارچەی جیاوازو ئەم دوو پارچەیە لە پۆلیش دا لە کلاسی دەرس دا کۆمەلێک خویندکار دەکا بە لایەنگری دەسەڵات ولایەنگری شۆرشو لە ناو مامۆستاکان هەر ئەو دوو شەقیە دروست دەکا، وختێک ئەو دوو شەقییە دروست بوو ئیتر کاری گروهی فێرکاری بەباشی ئەنجام ناگرێت، یەکێک لە کێشەکانی تر کە ئەم بەها دانی زۆر بە ئایدۆلۆژیو بە سیاست لە پەروەردە دروستی کردووە لە وڵاتانی وەکوو ئێرانو لە هەموو وڵاتانی وەکوو ئێران ئەوەیە کە گرینگی بە لایەنی زانستییەکە نادرێت من جارێکی لە گەڵ پەروەردەو فێرکردنی سنە قسەم کرد بەرێوەبەری گشتی دانیشتبوو لە ئوستانداری کەسانێک بوون لە رێکخراوە ناحکومییەکان کەسانێک بوون، وتم ئێستاش لە سەر هیچ بانێکی دەبیرستانی سنە ئێمە تەلەسکۆپێکمان نیە کە خوێندکار تەماشای سەر سەری بکاو لەو ئەستێرانە تێ بگا خوێندکار هاندەدەن دەڵێن شارەداری مەدرەسە هەڵبژێرێ دەڵێن برۆ ناو بەسیجو دەڵێن برۆ حیزب دروست بکەو برۆ لە هەڵبژاردن حەتا جاری وایە هێندێکان ئەڵێن خوێندکار دەبی بەرپرسایەتی سیاسی هەبێت خوێندکاری زانکۆ ئەوندە بۆ ئەوە هان دەدەن بۆ نمونە لە دەورانی سەرکۆماری خاتەمی دا خوێندکاریان هاندەدا بۆ وتووێژی شارستانییەتەکان رەخنە گرتن لە مەسەلەی دێموکراسی لە کۆمەڵگاو هەر ئەو کاتە من پارادۆکسێکم دەدی لەو شتەو بە پێچەوانەی ئەوە دەمگوت کە بۆچی ئێوە خوێندکار هان نادەن بۆ زانست بۆ زانستی رووت ئەگەر خوێندکار زانستی رووت باش فێر بوو یانی زیست شناسی و زەوی ناسی وکۆمەڵناسی فێر بوو بەرەبەرە لە خوێندنی زانست و توێژینەوەکانو وەختێک بوو بە لێکوڵەر بوو بە نوسەر ئەم جار خۆی ئەگەرێتەوەو رەخنە لە کۆمەڵگا دەگرێ بە دیدێکی کراوەترو بە توانایەکی زیاترەوە، خۆتان ئەزانن کە ژێرخانی هزرو ژێرخانی ژیری¬و هۆشو بەهرەی هۆشو بەهرەی ئێمە بیرکارییە بۆ چی ئێمە لە مامۆستاکانی بیرکاریمان ئەوەندە بە دەسەڵات نەبن ئەوەندە بە توانا نەبن کە مەدرەسەکانی پەراوێزو دەوروبەری شار منالەکانمان ئاستی دەرسیان بچێتە سەرەوە کە ئەو وختە بگەرێنەوەو خزمەتی کۆمەڵگا بکەن خزمەتی سیاسیو خزمەتی فەرهەنگیو خزمەتی دینی هەر خزمەتێک کە پێیان خۆش بێت هەر خەباتێک کە پێیان خۆش بێت ئەو کاتە دەتوانن باشتر بیکەن ئێمە ئێستا لە حاڵێک داین کە حەوتوویەک یان دە رۆژ لەوە پێش کە بەرپرسی فەرمی وەزارەت وتی ئێمە ٢٣٪ دابەزینی خوێندنمان (افتی تحصیلی) هەیە ٢٣٪ لە شاگردەکان هەموو ساڵێک دەبنەوە دوو ساڵەو سێ ساڵەو لە ٢٣٪یان یان سەدا هەشتیان هەموو ساڵێک بە تەواوی خوێندن بەجێ دێڵن بێ ئەوەی هیچ پلان و بەرنامەیەکیش بێ بۆ ئەوەی کە ئەگەر خوێندنیان بەجێ هێشت یا ئەگەر لە هونەرستان یا جێگەیەک (فارغ التحصیل) بوون دامەزرێن لە شۆنێیک کارێکی پیشەیی سووک بکەن کارێکی پیشەیی پێویست بۆ کۆمەڵگا بکەن بۆ بەرهەم هێنان لە بواری کشتو کاڵو پیشە سازیو بوارەکانی تر بە بێ ئەو ئەو پلانانە لاوەکانی ئێمە وێڵ دەبن بە سەر شەقامەکانو ئەو هەموو کێشەی ئیعتیادو کێشەکانی تر کە لە کۆمەڵگا دروست دەبێتو هەروەها زیانی کۆمەڵایەتی تر لە لایەنی دروناسی و تەندروستییەوە کە هەموومان دەزانین ساڵ نیە کە تۆ لە رۆژنامەکانە ئا لەم یەک دوو مانگی مهرە تۆ نەیخوێنیتەوە کە کچێک دوو کچ پێنج کچ لە شاریک دا لە پارێزگایەک دا لە سەر پرسی حیجابو ئەوانە بێ حورمەتیو بێ رێزی پێ نەکرابێ بە داخەوە مودیرە ژنەکانیش ئەو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاره دەکەن دێتەوە نەوت دەکا بە خۆی داو خۆی دەسووتێنێ لە ئیلام لە کوردستان لە زاهیـدان لە گیلان لە مازنـدەران هیچ فەرق ناکا لە تەواوی ئێـران ئەوەیە کە زیانەکانی پەروردەیەکـی داخـراو پەروردەیەکـی بێ بەرنامـە یا پەروردەیەکی کـەچ بەرنامە کە بەرنامەکانـی دژە بەرنامەن زیاتر کۆمەلیک زیانی لـێ دەکەوێتەوە من بـا بیرەوریەکی خـۆم بگێڕمەوە خوێندکارێکـی خۆم کە لە پەروەردەی مامۆسـتایانی سـنە دەرسـی دەخوێند لە بواری فیلم هەتا رۆژێک برواتان هەبێ بە حاڵەتێکی گریانـو لەرزینەوە هات وتی مامۆسـتا ئەو رێنمایەمـان بۆ هاتووە کوتوویانە بۆ دەرسـی ئینشـا ئێـوە بۆتان نیە بابەتـی کۆمەڵایەتیو قوڵـو ئەوانە بێننە بەر باس تەنیا ئیختساسـی دەن بە رێزمانو پرسـی دەستووری زمانو نامە نیگاریو ئەو شـتانە. وەکوو قەدیم حەقتان نیە لە دەرس ئینشـا بدەن بە شـاگرد بنوسـێ مەسەلەن زانست باشترە یا سامان بنوسێت کە ئەگەر لە پاییـزدا بە جیگای فەقیرک بوایەن چیتان دەکرد بنوسـێت ئەگەر باوکتـان لێ نارازی بێـت چۆن لـە گەڵی ئاشـت دەبنـەوە یانی رەسـمەن بەخش نامە هاتووە هەشت ساڵ لەوە پێـش لە ئێران کە بۆتان نیە دەرسـی ئینشـا ئاوا پەرە پێ¬بدەن خۆ ئەمە زیانێکە کە لە فەرهەنگو ئەدەبیاتی وڵاتێک دەکەوێ لە لایەکەوە تۆ بەربەستت داناوە مەنعت کردووە شـێعرەکانی شـاملو، فروغـی فەرۆخزادو داسـتانەکانی گوڵ شـیریو ئەوانـە بێنە ناو کتێبی ئەدەبیاتو لە لایەکی ترەوە بەخش نامە ئەکەی کە دەرسەکانیش بەربەست لێدەدەی و لە هەزار لای ترەوە کۆی ئەو زیانانەو ئەو زەرەرانە سـەدها ساڵ لە سەر پێشکەوتنی وڵاتێـک کاریگەری دادەنێ لە دنیایەک دا کە تۆ بۆت نیە هەڵەیەکی چوک بکەیت بۆت نیە پێنج خولەک لە ٢٤ کاتژمێر دا کارەبات نەبێ بـۆت نیە لە کۆبوونەوەیەکـی جیهانی یا لە رێکخراوی نێودەوڵەتی یونێسـکۆ بۆت نیە قسەیەکی لاروو لەویر بکەیت ئیشتەباهاتێکی ئەوتۆ برواتان هەبێ سەدان ساڵی دەوێ تا قەرەبووی کەیتەوە.

**پ ـ کاک ناسـر ئەگـەر بمانهـەوێ باس لە نەتەوەکانـی ئێـران بکەیـن نەتـەوە غیـرە فارسەکان شەرایتی ئیستادا کە بۆیان نیە بە زمانـی زگماکی خۆیان بخوێنن لە حالێک دا بە پێی ئەسلەکانی ١٥و١٩ ی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسـلامی هـەر تاکێکی کۆمەڵگای ئێران سەربەسـتە، موختارە کـە بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێو ئەوە لە سەرەتاییترین ئەرکەکانـی دەوڵەت و سیسـتمی پەروردە دێتە ئەژمار کە ئەو مافە دابین بکا و مەجال برەخسێنێ نەتەوکانی دیکەی ئێران خاوەن هـەر زمان و کلتووریکـن بتوانن بەو زمانە بخوێنن و پەروردەی خۆیان بەو زمانە ببینن دەبینین لە وڵاتانی ئیسـکاندیناویدا تەنانەت سـوئید نەتەوەی لێیە زۆر بـە کەمی لەوێ دەژیین سـەد کەسو دووسـەد کەس بەڵام ئـەو مەجالە لە وڵاتیکی وەکوو سـوئید بەو کەمە نەتەوانـە دراوە کە وەکوو پەناهەندە، وەکوو مهاجرلـەوێ حوزوریان هەیە بەڵام لە وڵاتی ئێران ئەو مافە پێشێل کراو و نزیک بە ١٢ ملیۆن کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان یـان نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی لە کردەوەدا ئەو مەجالەیان پێ نەدراوە لە لایەن کۆماری ئیسـلامی،و ئەو هۆکارانەی کـەوا دەکا کە نەتەوە غێرە فارسەکان ئەو مەجالەیان پێێ نەدرێ ئـەو ئیمکانەیان بـۆ (مهیا) نەبێ کە بخوێنن بە زمانی خۆیان و لەو مافە بێبەش بـن لە دیـدو روانگەی ئێـوە چینو کۆماری ئیسلامی لەوکارە چ مەبەستێک دەپێکێ؟**



و ـ من بابناغەی رووخانێک کە لەو سیستمە دروسـت بووە عەرزتان بکەم لە ١٩٦٠ەوە سندوقی نێونەتەوەیی پوڵو سازمانی ملل بە هاوکاری یەکتری تەحقیقاتێکیان دەست پێکرد لـە ئافریقا لە وڵاتانێک دا کـە جەزیرەیەکی بچوکـدا دە دوازدە زمانی تـەواو بێگانە لە گـەڵ یەکتری تێدا دروسـت ببـوو بە هۆی ئیستعمارو ئەوانە لە هەموو ئەو تحقیقاتانە کە لە ١٤ وڵاتی ئافریقاییو لە ٨ وڵاتی ئامریکای باشوور و چەند وڵاتێکی ئاسیایی کرا هەموو ئەو توێژینەوانە نیشانی دا لە هەر شوێنێک بایەخ بـە زمانی دایکی درابوو پێشـکەوتی خوێندەواری بەرزتر بوو دەسـکەوت زیاتر بوو(افـت تحصیلی) کەمتر بـوو یانی ئەمە کتیبـە کە لـە کتێبی فێـرکارو پرسـی دوو زمانەیی یونسـکۆ هات چاپی کردو هەموو ئامارەکای داو هـەر لەو لاو لەو بەروارەوە لە هەموو کۆنفرانسـەکانی سازمانی ملل و یونسکۆ گوتراوە کە زمانە دایکەکان گەنج و خەزێنەی نەتەوەکانن و هەموو گۆی زەوی بیان پارێـزەن با تێدا نەچن بچوک نەبنەوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوازیان مەکەن، بەهێزیان کەن و هەروەها لە بواری پەروەردەییش دا بە پسپۆڕایەتی ئەمە شتێکی سەد دەرسەد سەلمێندراوە کە ئەوە دابەزینی ئاستی خوێندن کەم دەکاتەوە هەتاکوو تۆ بە زمانی دایکی بابەتێک بێنیە بەر باس، لە بواری دەرون ساغیش دا تۆ هەر وای بۆ نمونە تۆ دەتهەوێ لە سەر سەف خوێندکاری دواناوەندی رێنوێنی بکەی پێی بەڵێی سیگار مەکێشە بە زمانی دایکەکەی خۆی قسەی لە گەڵ کەی کۆمەڵێک (مفهوم) لە سەر ئەو زمانە هەیە کۆمەڵێ باری زمانیو (لغوی) ¬و کلتووری خەوتوو، کلتووری ناوشیار فەرهنگی ناباوانیو دایکو باوکی ئاباو ئەژدادی تێدایە لە هەر کەلیمەیەکی تۆ ئەو کاریگەرییە زیاتر دەکا تا تۆ بتهەوێ بە زمانێکی رەسمی زمانی دووهەم و زمانی سێهەم بتهەوێ قسەیان بۆ بکەی بۆیە ئەم کێشە گەورەیە لە ئێران هەروا هەڵپەسێردراو ماوەتەوە کە جاروبار لە بەر ئەوەی نەختێک دەنگی نارازی خەڵک بخەوێنێتو کۆمەڵێک مامۆستای تورکوکوردو و بلوچ تا ئێستا لە سەر ئەو شتە زیندانی کراونو سزا دراون لەبەر ئەوە جوابێک بەوان بدەنەوە دوو سێ ساڵ چوار ساڵ پێنج ساڵ جارێک وەزیرێک پەیدا دەبێ کە ئەڵێ من بۆ نمونە ئیجازە دەدەم کە لە دانیشگا واحیدەکی ئیختیاری زمانی دایکی بخوێنرێ یان ئیجازە دەدەین بەشێکی بچوک لە پەروەردەو فێرکردن دا لە کەنارەوە بێ بۆ زمانی کوردی یا بۆ زمانی تورکیو زمانەکانی تر ئێستا ئێمە کوردەکان بە نسبەت هاوڵاتیانی ئازەری کەمتریشینو گرینگی زمانەکەشمان لەوان کەمترە، زمانەکەمان کەمتر عالەمیشە تا زمانی ئەوان، ئەوان زوڵمێکی زۆر گەورەتریشیان لێچووە بەهەر حاڵ دەبێ فکرێکی بۆ بکەنەوە بەڵام هۆکاری ئەوە کە کەسێک کە زۆر زۆر دەسەڵات خوازە دەسەڵاتەکەشی زۆر بەپەلەو هەمووشی بۆ خۆی دەوێ لە بچوکترین گۆڕانکاریەک دەترسێ و وادەزانن کە ئازاد کردنی ئەو زمانانە دەبێتە هۆی پارچە پارچە بوونی ئێران یا هەر شتێکی تر لە حاڵێک دا کە تۆ ئاخۆنەتەوەیەک لە ناخو فەرهەنگی خۆی پارچە پارچە بکەی ئاخۆ باشترە یا ئاخۆ خاکەکەی بەشێوەیەکی فیزیکی پارچە پارچە بێت بۆچی ئێمە پارچە پارچە بوونی سوڤیەتمان نەدی، یەکیەتی سۆڤیەت پارچە پارچە بوو کە هەندێک لە کۆمارەکانی وەکوو ئەرمنستان وەکوو قەزاقستان، ١٥ـ٢٠ کۆماریان هەیە ئێستا ژیانیان خۆشترە ئێستا سەربەسترن ئێستا روو بە پێشرەفتن تۆ سیری قەزاقستان بکە جیا بۆتەوە مەگەر چی بەسەرهات؟ و بەهەر حاڵ ئەو ترسانە هەیە بەڵام من دەمهەوێ بە تایبەت ئاماژەیەک بەوەش بکەم کە نەکا ئەو ترسانە لە بواری تریش دا دووبارە ئێخەمان بگرێتەوە یانی ئێمە زەمانێک کە خۆمان بیر لە زمانی خۆمان دەکەینەوە لە زمان و وردە زمانی بادینانی و هەورامی و شکاکی و ئەمانە بترسین هەر ئەو ترسە دووبارە ئەو ناوەند گەراییەی زەمانێک ئەگەر دەستمان رۆیشت بڵێین ئەو زمانانە بچوکەن پێویست بە پەرەپێدانیان ناکات دەبێتە هۆی پارچە پارچە بوونمان و هەر لە ئێستاوە ئەمە رەوندێکە رەوتێکە کە حەتمەن ئەپێورێتو زەمانێک بە ئازادی زمانی خوێندن لە ئێرانیش دەست دەدرێ هەر بەم زوویانە ئەم حکومەتە بێت یان هەر حکومەتێکی تر دەبێ بەرنامەو پلانمان هەبێ بۆ ئەو کاتە مەنتقێکی تایبەتمان هەبێو بزانین بۆچی وا دەکەین لایەنی دەرون ساغیەکەی کە هەروەک کوتم جیای دەکەینەوە ئێمە بۆ پەروەردە یانی بۆ ئەرکی پەروەردەییەکەمان بۆ ئەرکی فێرکاریەکەشمان هەروا ئەمانەمان لێک دابێتەوەو بۆ هەر کامێکی رەهەندێکی توێژینەوەمان هەبێت و پلانمان هەبێتو بەرنامەمان هەبێت و لە کاتی خۆشی دا بەبێ باوک سالاری بە بێ خۆد تەوەریو بەبێ دیکتاتۆریەت کار بکەین ئێستا راستیەکە هەنووکە ئەوەیە کە ملهوڕی و دەسەڵاتداری رێگا نادات زمانە دایکیەکان لە شوێنی خۆیان بخوێندرێن.

**پ ـ بەڵێ دوکتور ئەو شێوە سیستمە پەروەردەیە تاک دەخاتە نێو ئاخێوێکی دوالیستی نێو قەیرانێکی ناسنامەوەو هێورهێور لەو بایەخ و نۆرمانەی کە بە لای خۆی و نەتەوەکەی پیرۆزەنو گرینگن دا دەبڕێ و بە پێی خوێندنەوەی کۆمەڵناسی ئەو جۆرەی کە فارسەکان دەڵێن تۆشی جۆرێک (خود بیگانگی) یا ئەوەی پێی دەڵێن «نامۆ بوون لە خۆ» تۆشی ئەو حاڵەتە دەبن دوای سی ساڵ تاقی کردنەوە وکەڵک وەرگرتن لەو مێتۆدە کۆماری ئیسلامی کە لە هەمبەر نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەکاری هێناوە کە زمانی جیاواز تەنانەت زۆربەیان ئاینی جیاوازیشیان هەیە سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی کە ئایین تێیدا وک ئامراز رۆڵی گێراوە چەندە تێیدا سەرکەوتوو بووە؟**

و ـ دەتوانم بڵێم لەو بوارانە سەرکەوتوو بووە کە بۆتە هۆی کۆچاندنی ئیستعدادو بلیمەتەکان و بژاردەکانی کۆمەڵگای ئێرانی لە ئاستی خۆی سەرکەوتوو بووە یانی ئەگەر بڵێن سەرکەوتوو نەبووە ئەی ئەو ئاماری زۆری موعتاد و خۆکوژیو تەڵاق و مهاجرەت و کۆچ و کە دروستی کردووە لەو بوارە تا بڵێی سەرکەوتوو بووە بەڵام لە بواری ئەوەی کە بڵێم مێشکی گەنجەکان ئەو جۆرە کە پێان خۆشە تەواو بیشۆرنەوە لە هێندێ جێگادا دەبینین کە قەرەبوو دەبێتەوە چونکە مرۆڤ بونەوەرێکی خۆ رێکخەرە مرۆڤ بوونەوەرێکە کە لانی کەم بە قەد کامپیۆتێر هۆشی هەیە لە پێشەوە خۆی ئیسلاح دەکات و ئەمانە تەماشا دەکەین لە بیرمە شەش حەوت ساڵ لەوە پێش ئێمە لە سنە بووین کاتیک فەردین مرد کە هونەر پیشەیەکی قەدیمی سینەمای رەش وسپی ئێران بوو، نیوەی گەنجەکانی کوردو فارس بۆی عەزادار بوون کە تیشەرتەکەیان لەبەر دەکرد و شەوانە سەیری فیلمەکەیان دەکردو تەسلییەتیان بۆ یەک ئەنارد، ئەمە دیار بوو کە تۆ وەکوو سیستمێک کە بتهەوێ قالبیک دانێی بۆ مێشک و بیروباوڕی خەڵک و ئەمانە هیچ سەرکەوتوو نەبوویی بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەو پارانە کە سەرفیان کردو ئەو تووندو تیژیانە و زەبروزەنگی¬ بە کاریان هێناوە لە سیستمی پەروەردەو فێرکردنی ئێراندا ئەو کەسە ناشیاوانە کە لە شوێنی باش دایانناون ئەو کەسە باشانە کە لە پەراوێزیان خستوون ئەوە کاریگەری خۆی کردووە یانی کۆمەڵێک زیانی کۆمەڵایەتی دروست کردووەو کۆچی دروست کردوە ئەگەر بڵێین سیستم لەوەدا سەرکەوتوو نەبووە پێموابێ هەڵەمان کردووە.

**پ ـ کاک ناسر تایبەتمەندی سیستمێکی پەروردەی پێشکەوتوو و ئیستاندارد بارهێنان وپەروردە کردنی تاکی بەرهەم هێنەرە، تاکێک کە لە کۆمەڵگا کاریگەری پۆزەتیڤی هەبێ، بەرهەم هێنەر بێ و بەس بەکار هێنەر نەبێ دەست پێراگەیشتن بە سیستمی پەروردەی لەم چەشنە پێویستی بە چ باکگراوەندو پێش زەمینەیەک هەیە و پێتان وایە چەندە مەجال هەیە بتوانین لە**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ولاتێکی وەکوو ئێران ئەو شێوە سیستەمە دابەزرێنین یان پیادە بکەین؟**

و ـ ئیستا کە من لە پەرودەوە دەست پێبکەم حەتمەن کۆمەڵ ناسەکان رەخنەم لیدەگرەن دەلێن کۆمەڵگایەک کە ئابورییەکەی کەیەک بەرهەمیە و لە سەر پایەی نەوت فرۆشتنە ئەو کۆمەڵگایە زاتەن بەرهەم هێنەر نیە ئەوە بەشێک لە کێشەکەیە ژێرخانی ئابووری ئێمە لە سەر ئابوریەکی بەکارهێنەری دامەزراوە، تەنانەت ئێستا وامان لێهاتووە کە بە نیسبەت ١٥ ساڵ لەوەپێشیش هەر بە نیسبەت دەورانی جمهوری ئیسلامیش کە خۆی پیشەسازیەکی پێک هێناوە بەرنامەی گەشە پێدانی پێنج ساڵەی یەکەم و دووهەم بە نیسبەتی ئەوەی زۆربەی کارخانەکانمان تەعتیل بوو حەزدەکەین لە بەرهەمەکانی چین وهێند و تورکیە و لە ئارایش و لیباس و لە خواردن و لە هەموو شتێک کە دێتە ولاتمانەوە کەڵک لەوانە وەربگرین و بە شانازیشی دەزانین و بە هیچ شێوەیەک بە لای بەرهەمەکانی خۆمانەوە ناچین ئەوەیە کە ئێمە فەرهەنگێکی ئابووری باشمان پێویستە وەکوو هێندێک لە وڵاتان کە بەراستی دەزانن چی دەکرن بۆ چی دەیکرن ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو لە خۆنامۆییە ( ئێلناسیۆنە) کە پێشتر ئاماژەتان پێکرد کە پەروردە مرۆڤەکانی لە خۆ بێگانە کردو ئەو(عرق)و هەڵواسراوی بۆ خاک و نیشتمان و نەتەوەو هۆزو زمانی دایکی خۆیان نەما ئەمجار لە بواری ئابووریشدا تەماشا ناکەن کە بزانن چی بەکار دێنن و ناهێنن کە ئەوەشیان نەکرد بە عام دەبن بە بەکار بەر، دەبن بە بەرە خۆر و کاتێک بە جێگای بەرهەم هێنەر دەبن بە بەرەخۆر بە داخەوە دەبینین کە بەشێک لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانیش مان کۆچ دەکەن دەچن لە ئورووپا، لە ئامریکا، لە ئەفغانستان لە عێراق ئێمە هەنووکە دەبینین هەر لە پیشە سازی بیناو ئەوانە زۆرکەس لە ئێران کاریان گیرناکەوێ هەڵدەستن لە هەریمی باشووری کوردستان و لە عێراق ئیش دەکەن بە گشتی ئەوەش بواریکە کە بە هەرحاڵ سیستەمی پەروردەی ئێران سیستەمێکی پێشکەوتوو بوو کاتی خۆی ئێمە پەنجا ساڵ چل ساڵ لەوەپێش رۆژو حەفتەی مەشاغلمان بوو یانی دەیان هێنا لە مەدرەسە رۆژێک دەیان ناساند بە خوێندکار کە ئەم پیشەیە چیە تایبەتمەندیەکەی چیە هانیان دەدا ئێمە کارخانەهایەکمان بوو لە دەوروبەری تاران کە پەنجا ساڵ لەوەپێش سەهمیەیان هەبوو دەبوو حەتمەن دەرسەدێک لە ئەفرادی کەروڵاڵیان وەکوو کارگەری خۆیان دامەزراند بایە کە کەرو لاڵەکانیش بەرهەم هێنەر بن و حەیسیەتی خۆیان هەبێت و حاسڵی دەست و بازووی خۆیان بخۆن وخاوەن ئیحترامێک بن لە کۆمەڵ داو ئێران لەو بوارانە وڵاتێکی زۆر پێشکەوتوو بوو بەڵام بەرەبەرە چی بەسەر هاتوو و ئیتر چ ئیشتەباهاتێک کرا لە سیستەمی پەروردەو فێرکردن، رەنگە هێندێک پێش شۆرشیش دەستی پێکردبوو بە هۆی گرانبوونی قیمەتی نەوت و یەک بەرهەم بوونی ئابووری و ئەوانە و تەقریبەن ئەتوانین بلێن لە ٤٠ تا ٥٠ ساڵی رابردوو بەردەوام ئێران لەو زەمینەیەدا تووشی کێشەی زیاتر بوو لە کۆمەڵگای تەولیدی بوو بە کۆمەڵگایەکی بەرە خۆرو بەکارهێنەر هەرچەند کە ئێستا بەو بارودۆخەش هێندیک لە وڵاتانی دراوسێ پێویستیان بە بەرهەمەکانی ئێران، وەکوو سیمان و وەکوو بەرهەمەکانی خواردەمەنی و وەکوو هێندێک شتی تر هەیە بەڵام رێژەیەکی ٧٠تا ٨٠ ملیون نەفەری بەو هەموو سەرچاوەوە کە هەیەتی دەبوو زۆر زۆریش بەرهەم هێنەرتر بووایە دەبینین ئەمەش بەرزی و نزمیەکی تێدایە کە لەم باسی پەروردەیە ناگونجێ بەهەر حاڵ تۆ کارێک دەکەی یا کارێکت کردووە دانیش ئاموز خوێندکارو مامۆستای پیشەسازی سەیری کۆمەڵگا دەکەن تەماشا دەکەن گەیشتوونە بارودۆخێک کە لە پایی دە ساڵ لەوە پێش لاستیکی ماشین و برنج و هێندیک شت کە دەینارنە دەرەوە ئێستا دەیانهێنێتە ناوەوە تۆ کە تەماشای ئەوانەت کرد ئیتر فەرهەنگی پیشەییەکەت فەرهەنگی ئابووریەکەشت هەر دەچێتەوە بەرەو قۆناغێکی بەکار هێنەری و رۆژ بە رۆژ باوەر بەخۆ بوونت زیاتر لە دەست دەدەی یانی ئەتوانین بلێن کە لەو بوارە تا ئیسلاحاتێکی ژێر خانی ئابووری روو نەدات بە دور دەزانم کە پەروردە بە تەنیا خۆی بتوانێ خوێندکارەکان و کۆمەڵگای پەروردەیی مامۆستاو مودیرەکان و دایک وباوک و هەموویان بکێشێتەوە بۆلای بەرهەم هێنەر بوّن.

**پ ـ دەبینین زۆر جار باس دەکرێ کاریگەری رشتەکانی زانستە مرۆڤیەکان زۆر زیاترە لە رشتەکانی وەکوو فەنی و سەنعەتی، رشتەکانی زانستە مرۆڤیەکان لە**

”

لە هەموو کۆنفرانسەکانی سازمانی ملل و یونسکۆ گوتراوە کە زمانە دایکەکان گەنج و خەزێنەی نەتەوەکانن و هەموو گۆی زەوی بیان پارێزەن با تێدا نەچن بچوک نەبنەوە، لاوازیان مەکەن، بەهێزیان کەن و هەروەها لە بواری پەروەردەییش دا بە پسپۆرایەتی ئەمە شتێکی سەد دەرسەد سەلمێندراوە کە ئەوە دابەزینی ئاستی خوێندن کەم دەکاتەوە هەتاکوو تۆ بە زمانی دایکی بابەتێک بێنیە بەر باس، لە بواری دەرون ساغیش دا تۆ هەر وای

“



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ولاتانی پێشکەوتوو زۆر گرینگی تایبەتیان پێی دەدرێ وەکوو دەزانین لە ئوروپای غربی ودنیای رۆژئاوا کاریگەری یەکجار زۆریان بە سەر کۆمەڵگاوە هەیە و زۆرتر خوێندکارەکانی کە لە ئاستی سەرەوەدان ئەو رشتانە هەڵدەبژێرن بۆ خوێندن بەڵام لە کۆمەڵگای جیهانی سێهەم رەنگە وا نەبێ رەنگە لە کۆمەڵگای جیهانی سێهەم ئەو گرینگەی کە بە زانستە مروڤیەکان دەدرێ لە رۆژئاوا و کۆمەڵگای جیهانی سێهەم دا وانیە خۆی لە خۆی دا زەعفی زانستە مروڤیەکان لەو ولاتانە دەبێتە هۆی دواکەوتوویی چ لە بواری فەرهەنگی و چ لە بوارەکانی دیکە بە بڕوای ئێوە چەندە دەتوانێ راست بێ و چەندە کاریگەری رشتەکانی زانستە مروڤیەکان بە سەر کۆمەڵگاوە دیارە پێم خۆشە ئەوە گرێ بدەینەوە بە قسەکانی ئەو دواییانەی عەلی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان باسی ئەوەی دەکرد هێندێک لە بنەمای فەلسەفەی رۆژئاوایی و ماتریالیسم زاڵە بە سەر رشتەکانی زانستە مروڤیەکان بە سەر زانکۆکانی ئێران دا و خۆی لە خۆی دا ئەو رشتانەی بەرەو جۆرێک دووربوون لە دین و ئایدۆلۆژی ئیسلامی و دژایەتی لە گەڵ نیزام بردووە پێم خۆشە ئەو دووانە پێکەوە گرێ بدەن و وڵامی پرسیارەکەمان بدەنەوە؟**

و - من یەکەم عەرزتان بکەم ئەو دیوار دانانە لە بەینی زانستە مروڤیەکان و تەجروبی تۆزێک سەخت بۆتەوە، زۆر لە فرۆکەوانەکان ساڵها لەوە پێش دەیانگێڕاوە ئێمە کاتێک کە لە سەر گۆی زەوی بە فرۆکە هەڵدەفڕین بە جێگای وردبینیئەندازیاری جاری وایە جوانیەکان دەبینین، وەکوو شاعیرەێک سەیری پەڵە هەورێک دەکەین سەیری دەریاچەو جەنگەڵ و دارستانەکان دەکەین و هەروەها زانایانی زانستە مروڤیەکان، ئیستە ئێوە تەماشا کەن پیشە سازیەکی وەکوو موهەندیسی ئێمە لە موهەندیسی عومران دا لە دانیشگاکانی ئێران رەوانشناسی وهونەریمان هەیە دروست کردنی ئەو دیوارە زۆر غەڵەتە لە بنەرەتدا زانستەکان پێکەوە هاوکاریان هەیە ئێمە پەژوهێشی چەند رشتەییمان هەیە توێژینەوەی چەند ئیختساسیمان هەیە کە پێویستت هەیە ئابووری وموهەندیسی و پزشکی و... پێکەوە تحقیق بکەن رشتەهایەکمان هەیە وەکوو موهەندیسی پزشکی کە ژێرخانەکەیان دەبێ لە سەر جوانی و لە سەر ئەو جورە شتانە بێ خودی زانستی پزشکی کە لەگەڵ روح و رەوانی مرۆڤ سەرو کاری هەیە پزشک دارو ناس فرماکۆلوژیست روح و رەوانی نەخۆش باش نەناسێ ناتوانێ دەرمانی باشی بۆ دابین بکا تەنانەت ئانتیبیۆتیکەکان تۆ کە لە بارودۆخێکی روحی باش لە نەخۆشخانەیەک کە جوان و شاعیرانە رازاوتەوە بیبەی کاریگەری زیاترە تا نەخۆشخانەیەکی تر هێندێک نەخۆشی زۆر پێشکەوتوو وەکوو سەرەتان و ئیدزو ئەوانە دوای ئەگەرێنەوە بە چاوەدێری رەوان دەرمانی چارە سەری کۆمەڵ ناسی بە دروست کردنی گروە بە دروست کردنی چالاکی هونەری دەرمانیان باشتر دەکرێ ئەو دیوارە دروست کردنە کاری بنیادەمی پسپۆرە کە بڵێ ئێمە تا ئێستا گرینگی زۆرمان داوە بە زانستە مروڤیەکان با ئیتر گرینگی بە علومی تەجروبی بدەین ئەمانە پێکەوە هاوکاریان هەیە پێکەوە ژێر بەنای گۆرانکاریەکانی پزشکی و نجومی پێک دێنن ئەوانە لە ئوروپاو لە رینسانسدا فیلسوفەکان دروستیان کرد رۆسو، ڤۆڵتر،مونتێسکیوو دیدرۆ...هتد بوون کە بوونە هۆی ئەوەی کە ویلیام هارۆی بێ نەخەشەی دڵ بکێشێ ئازایەتی ئەوە پەیدا بکا دێکارت بێ لە بینی دوو چاو غودەی هیپۆفیز پەیدا بکا ببێتە هۆی گەشە کردنی زانست و پزشکی و ئەمانە فیلسوفەکانیان بوون کە ئەو کارەیان دەکرد و لە هەموو ئاڵمان باشترین زانکۆی ئاڵمان ٣٠ خوێندکار لە باشترین خوێندکارەکان هەڵدەبژێرێ هەرچی ساڵە بۆ رشتە و فەلسەفەی خۆیان و هەروها لە کۆمەڵناسی دا وەکوو ماکس وێبێرو هەبووە کە لە موهەندیسیەوە چوتە کۆمەڵناسی، لە پزشکیەوە هەستا هاتە دوای پەرەی بە رەوانشناسی دا لە رەوانشناسی وجامعە شناسیەوە چۆتە رشتەیەکی پیشە سازی لە هونەرو کارگەردانی سینمای نیشان دەدا لەو رۆژانە لە ئامریکا لە کاری هونەری را گەڕاوتەوە سەر پیشە سازی دیجیتاڵ و داهێنانێکی زۆری لە سەر سەنعەتی کومپیوتێری ئامریکا دەکرد ئەوەیە کە سنور دانانێکی دەستکرد لە بەینی ئەم زانستانە بێگانە کردن و ناخۆشەویست کردنی زانست و لە بەر چاو خستنی ئەسلەن لە سەلاحییەتی رەهبەری هیچ وڵاتێک دا نیە لە سەلاحییەتی هیچ فیلسوفو عالمێکیش دا نیە رێگای زانست زۆر خۆشەویست و جوانترە لەوەی کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە کە کەسێک بتوانێ زانستێک ناشیرین بکات یان زانستێک بکات بە شتێکی ئیزافەو شتێکی خراپ، بۆ نمونە بڵێ ئەم تاقمە لە زانست ئەم گروپە لە زانستەکان ئیتر بەسەو ئیتر ئەوندە خۆشەویست نین قەزیەکە زۆر لەوە قوڵترە کە کەسێک بتوانێ و هەر کەسێک لەو بوارە نەزەر بدا، بە راستی تەنیا خۆی خراپ دەکا خۆی کەم بایەخ دەکا من پێموابێت ئێمە لە ئێرانێ لە زەمینەی علومی تجروبی و فیزیک و...هتد کەسانی وەک دوکتور حسابی و کەسانی دیکەشمان هەبوو کە بلیمەت بوون لە کۆمەڵناسی دوکتور ئاریان پور، کۆمەڵناسی گەورەمان هەبوو لە ئێران کە لە دنیا دا پلەو پایەو مەنزەڵەتێکیان بۆ خۆیان هەیە لە فەلسەفەش دا کەسانی وامان هەبوو زۆر لەوە شایانتر بوون کە بچن لە باشترین زانکۆکانی ئامریکا و ئوروپاش دا دەرس بڵێنەوە، رێزمان بۆ هەموویان هەیە لە هەموویانەوە شت فێر بووین من خۆم کە لە خزمەتتان دا هەم علومی تجروبیم خوێندوە هەم زانستە مروڤیەکان لە فوقە لینسانس و لیسانس دا و لە مەقتەعی دوکتوردا دا هەموویان بوو ئێمە یەک ئێحترام و یەک رێزیان هەیە بەشەر پێویستی بە هەموو ئەوانەیە ئەگەر مرۆڤ لە سەرەتاوە پێویستی بە ئەمانە نەبوایە پەرەی بە هەموویان نەدەدا ئەو دیوارەو دەستکردە قەت لە وڵاتانی پێشکەوتوو دروست نەکراوە هەرچەندە کە سیاسەتمەدار جاری وایە بە پێی پێویست سەفیرێکی ئامریکا لە بریتانیا ١٣٠ ساڵ لەوە پێش نامە ئەنوسێ بۆ وزارەتی پەروەردەو فێرکردنی خۆیان ئەڵێ جیلی یەکەمی منداڵەکانی ئێمە دەبێ ئەندازیاریو موهەندیسی جەنگ بخوێنن کە جیلی دووهەممان بەباشی ئابووری بخوێنن کە جیلی سیهەممان بتوانن کۆمەڵناسی و دەروننناسی و هونەرو فەلسەفە و ئەوانە بخوێنن ئەو مەبەستی ئەوە بوو کە ئەبێ یەکەم ئێمە کۆمەڵە لە کەسانێکمان هەبێ کە سەروەت بۆ وڵات کۆکاتەوە، سامانێکی بۆ کۆ بکاتەوە. کە سەرمایە کۆ بۆوە دوای ئەو پێگەی زانستی بۆ هەموو زانستەکان دابنێن و پەرەیان پێبدەین تەماشای ئەو دیدەی ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بکەن و ئەو دیدەی ئێمە، ئێستا کە تازە بەم هەموو پارەی نەوت و گازە کە ئێران هەیەتی چ پێویستی بەوەیە زانستێک رابگرێت و زانستێکی تر پەرە پێ بدا، ئەوندە پارەو ئیستعدادو جیاوازی ئاو و هەوایی جیاوازی نەتەوەیی، دەوڵەمەندی هەموو شتێک لە ئێران هەیە کە ئەتوانی تۆ هاوکات پەرە بە زانستی تەجروبیش بدەی هاوکات پەرە بە زانستە مرۆڤیەکان بدەی و هیچ کێشەیەک لە هیچ بوارێک دا نیە و لە هەمووشیان دا ئێمە مامۆستای باش کە تاقیامەت دەبێ ممنوونیان بین ئی ٧٠سال، ٨٠سال، سەد ساڵ لەوەپێش وئی حەوسەد ساڵ هەشسەد ساڵ لەوەپێش مەگەر شانازی ناکەن ئەڵێن ئەبو رێحانی بیرونیمان هەبووە «تحقیق ملل هیندی» نووسیو غەزالیمان هەبوو ...هتد. لە ئیبنی سینا ئەمانەو لە فەرهەنگی ئیسلامی لە فەرهەنگی ئێرانی گەورە کە ئەو کات ئێران ئیمپراتوریەتێکی گەورە بوو تۆ ئەسڵەن دەبێ نکۆڵی لەو بەشە لە سەرمایەکەشت بکەی نکۆڵی لە وانیش بکردبایەو بیگوتبا ئەوانیش غەڵەتیان کردو بە غەڵەت دا چوون بۆیە ئەم نەزەرانە من پێموابێت شتێکی لاوەکی و زۆر زۆر کەم بایەخن پێموابێ گەورەی نەکیەنەوە باشترە با خۆیان لە جیهانی خۆیاندا گەورەی بکەنەوە، بەڵام کەسێک کە لە دوورەوە سەیر دەکات ئەوندە گرینگی بەو شتانە نادات رێگای زانست زۆر لەوە پیرۆزو گەورەترە کە تاک بتوانێ یان تاقم یان گروپێکی ئایدۆلۆژیکی چکۆڵە بتوانێ ئەو رێگایانە بەلارێدا بەرێ.

**پ ـ دوکتور ناسر وک دوایین پرسیار بە پێی ئەو شناختەی کە جەنابتان لە کۆمەڵگای ئێران بە تایبەت لە زانکۆکانی ئێرانتان هەیە چ لە ئاستی شارە گەورەکان و مەتروپۆلەکانی ئێران و چ لە ئاستی کوردستان دا پێتان وایە ساڵی خوێندنی تازە لە وڵاتی ئێران و ئەو کەشەی کە ئێستا لە سەر شەقامی ئێران بوونی هەیە و ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی کە لە سەر شەقامی ئێرانی بە نێوی بزوتنەوەی سەوز هاتۆتە ئاراوەو خەریکی بەربەرەکانێ لە گەڵ باڵی دەسەڵاتداری رژێمە، پێتان وایە ئیمکانی هەبێ ئەو کەشە بکێشرێتە نێو زانکۆکان و پۆشپەڕی ٧٨ ی دیکە شاهید بین یا بەو شێوەیە ململانێیەکان سەر هەڵبداتەوە یا کۆماری ئیسلامی هێندێک رێکار بگرێتەبەر کە ئیجازە بەوە نەدا، بڕوای جەنابتان لەو بارەوە چیە؟**

و ـ هەروک دەزانن چەند ساڵێکە لە ئێران دوورم ئەوەندە شارەزای راستەوخۆ نیم بەڵام بە پێی ئەو زانیاریانەی کە وەریان دەگرین لە هاتووچۆ کەسانی نزیک و لە پێوەندییەکانی ترەوە و لە میدیاکانەوە لە ئینتێرنێت و ...هتد. وادیارە ئێران تەقریبن وەکوو وڵاتێکی لوبنان دوو شەقەبوونێکی چەند ساڵە لە پێش دەمی دایە و بەو ئاسانیە ئەم دوو شەقە پێک نایێ و حەتمەن لە کۆمەڵگاو لە سەر شەقام ئەگەر ئەوشتە روو بدا لە کۆمەڵگای پەروەردەییش روودەدا تۆ لە خوێندنگایەکدا ٢٠٠ خوێندکارەت هەیە خۆ هەر ئەو ٢٠٠ خوێندکارە نین ئەوانە دایک و باوک و کەس وکاری یان هەیە هەرچیەکیان لە گەڵ بکەی لە کۆمەڵگا دا دەنگ دەداتەوە و لە کۆمەڵگاش دا، هەرچی ئەبێ لە گەرەکەکەیان چی روو دەدا دەیهێننەوە نێو مەکتەبو ئەوەی کە حەتمەن ئەو دووبەرەکییە گەورەیەی کە لە ئێران دا دروست بووە و هیوا دارین هەرچی زووتر یەک لابێتەوە بە لای ئاشتی و عەدالەت و بەلای دیموکراسی، بە لای مرۆڤایەتی دا بشکێتەوە و هەر لایەک ئینسانی ترە ئەزانین کێن ئەوانە هیوا دارین کە بتوانن دووبارە یەک پارچەیی لە ئێران دا دروست بکەن جارێک ئەو شتەی کە لە داهاتوو دا ببینین پێموابێ چەند مانگ یا چەند ساڵی داهاتووە پێموانەبێ وەکوو پۆشپەڕی ٧٨ یش بێ کە ئاماژەتان پێکرد ئەمە ئێتر تەقریبەن سەرەتای بوونی تارانە بە بەیروتێکی تازەو لوبنانێکی تازە تەقریبن بە هێندێک موشەخەساتی جیاوازەوە ئەو دووبەرەکییەی پۆل پۆلی زانکۆو مەدرەسەکانی ئێرانە بە هەر حاڵ هیوادارین هەتا ئەکرێ توندوتیژی کەمتر تێدا بێ شتەکان بە ئاشتی و وتووێژ چارەسەر بکەرێن بە کەمترین تەلەفاتی ئینسانی و بە کەمترین توندو تیژییەوە بەڵام دڵنیام ئەو دووبەرەکییە زۆر زوو خۆی لە سیستەمی پەروردەش دا نیشان دەدات.

**زۆر سپاس د. دوکتور ناسری سیمایی بۆبەشداریتان لەو وتووێژە.**

منیش سپاسی ئێوە دەکەم، سەرکەوتوون.

■



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# فیدرالیزم وپلورالیزم لە کانادا




**ئامادە کردن وبە دوا داچوون رەحیم قادری**

زۆربەی پسپۆرو شارەزایانی فیدرالیزم ئەزموونی فێدرالییەت لە کانادادا بە یەکێک لە سەرکەوتووترین سیستمە فێدرالییەکانی جیهانی رۆژئاوا لە قەڵەم دەدەن. فرەکلتوری و کولتوری جیاواز، جوانی و دەوڵەمەندی و رەنگاو رەنگی دەبەخشنە کۆمەڵگا.

کانادا وڵاتێکی فیدراڵی و فرەکلتوری یە کە لە (١٢) هەریم و ناوچە یەک پێکهاتووە، هەموو هەرێمەکان لە سەر بنچینەی فیدرالیزم و یەکێەتی ئارزوومەندانە بە حکومەتی فیدراڵ بەستراونەتەوە. هەرێمە فیدرالیەکانی ئەو وڵاتە پێشترکۆلێنکراوی بریتانیا بوون و لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمە(١٩) و بریتانیا جۆرە ئۆتۆنۆمیەکی نوێ پێدان کە پێی دەگوترێتself governmenc بۆ ئەوەی کە هەرێمەکان بتوانن حوکمرانی خۆیان بکەن و ئەگەر بیانهەوێت لە رێگای رێفراندۆمەوە دەتوانن جیاببنەوە و وڵاتی سەربەخۆ رابگەیەنن. لە هەرێمی(کیوبیک) کە بە زۆرینە فەرەنسییەیین و هەر بەم زمانەش دەئاخەڤن و لە ئاستی کاناداش زمانی دووهەمینە ئەگەر کانادایيەک داوای کارێک لە فیدراڵ بکات دەبێت زمانی ئینگلیزیش بزانێت، لەگەڵ ئەوەی هاوکات خەڵکی کیوبیک کەمایەتین لە کانادادا، بەڵام زۆر جار سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە خەڵکی کیوبیکە. بۆ نموونە لە ساڵی١٩٦٨ تا١٩٨٤ pieretradean و لە ساڵی ١٩٩٣تا ساڵی٢٠٠٣ jeanjhretien بووە. شایانی ئاماژە پێکردنە کە هەرێمەکانی کانادا لە بەرئەوەی هەستیان بە مەترسی دەکرد کە وڵاتێکی بەهێزی وەک ئەمریکا لەدراوسی یان بووهێرش بکاتە سەروڵاتەکەیان ولە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی ئەو پێشکەوتنە ئابوورییەی ئەمریکا لە سایەی فیدرالیزمداوە دەستی هێنابوو.بەم جۆرە کانادایيەکانیش بۆئەوەی کەلەگەڵ رێرەوکاروانی پێشکەوتنی ئابووری پێشبرکێ بکەن پێویستیان بەیەکگرتنەوە وسیستمێکی ناوەندی هەبووەلە ماوەیەکی کورت خایەندا لە سەر یاساودەستوری فیدراڵی رێککەوتن، بەڵام لە بەرئەوەی کە کانادا پەرلەمانی نەبوو وبەشێک بوولە کۆمۆنویلسی بریتانیا پرۆژەی یاساکەیان ناردەپەرلەمانی بریتانیا ولەوێ بە شێوەیەکی فەرمی بووبە یاسا«thebritisnorcnamericact»بەم نێوە نێودێرکرا.ئەوە بوو لە ساڵی١٨٦٧ ئەم یاسایە لەلایەن پەرلمانی بریتانیاوە پەسەند کرا وبەم پێیە سیستمی فیدراڵی لە کانادادا پیادەکرا بە هەر(١٢)هەرێمەکە بەم چەشنە کانادا زۆربە هێز دەبێت وتوانی رووبەرووی هەمووئەو مەترسی یانەی کە لەدەرەوەی سنوورەکان دەهاتە ئاراوە، بەرەنگاربێتەوە. وڵاتی کانادا بە هەڵبژاردنی سیستمی فیدرالی توانی هەنگاو بەرەوپێشەوە بهاوێژیت ولە رووی ئابووریشەوە گەشە بکات وبەڵگەش بۆئەم راستیە ئەوە یە کە دوای تێ پەربوونی زیاتر لە دوازدە ساڵ بە سەرپیادە کرانی سیستمی فیدراڵی ولەم چەند ساڵەی دواییدا بەرێوەچوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ریفراندومێکی گشتی وجەماوەریان وەریٚ خست ودەرکەوت کە زوربەی هەرەزۆری دانیشتوانی کیوبیک لە گەڵ یەکیەتی فیدراڵیدا بوون وبە لە بەرچاو گرتنی سەرەرای ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کیوبیک فەرەنسیین وپتر پەیوەندیان بە فەرەنساوە هەیە ئەوەش بەڵگەیە بۆسەرکەوتنی سیستمی فیدراڵی لە کانادادا.زۆربەی یاساناسانی گشتی وشارەزایانی بواری سیاسەت چەندایەتی (فرەیی) لەم وڵاتەدا بە مەرجێکی دیکەی سەرکەوتنی فیدرالیزم لەم وڵاتەدا لە قەڵەم دەدەن ودووپات دەکەنەوە.

هەرێمی(province)کە خاوەنی دەستوورو حکومەتی هەرێمی خۆیەتی وسەربەخۆییەکی زۆری هەیە بە تایبەت لە بواری داراییدا. بەڵام لە کانادا دا باجەکان وەکو یەک بە یەکسانی دابەش دەکرێنەسەرگشت هەرێمەکان بەبیٚ جیاوازی بە خاڵیکی دیکەی سەرکەوتنی فیدرالیزم لە قەلەم دەدرێت.لە بواری دەستووری کاتیش خۆی کێشەوگرفتە سیاسی یەکان دەبوایە(ئەنجومەنی تایبەتی بیلان) ی بریتانیا بریاری لە سەردابا.بەڵام لە ساڵی(١٩٤٩)(saoremcolot)ی کانادایە خۆی بریاری کۆتایی لە سەر هەموو کێشەکانی دەدا چ لەناوخۆی هەرێمەکان یاخودلە گەڵ حکومەتی یەکگرتوودابێت. سەرەرای ئەوهەموو تایبەتمەندیانەی کە سیستمی فیدرالی لە کانادا داهەیەتی هێندێک لە پسپۆران وشارەزایانی فیدرالیزم رەخنەشیان لێگرتووە،بەڵام دواتر گەیشتونەتە ئەوقەناعەت وبروایە کە هەرچەندە لەرووی دەستووری یەوە دەڵێن فیدراڵی کانادا لاوازە بەڵام لە رووی(پراکتیک وە)زۆربە هێزە وبەهای هەردەستوریک لە جیبەجیٚ کردنی دایە.

*پلۆرالیزم لە کانادا*

سیستمی حیزبایەتی لەکانادادا هاوشێوەی سیستمەکەی بریتانیایە چونکە بریتانیا لە ساڵی ١٧٦٣ بە دواوە هەموو داگیرگەکانی فەرانسەی لە ئامریکا وەرگرت و لەژێر حوکمرانی ئەودا بەرێوە دەچوون،بۆیە دوای رزگاری بوونی ئەودەوڵەتانەش هێشتا کاریگەری وڵاتی داگیرکەریان بە روونی لە سەردامابوو.هەڵبەت کاناداش یەکێک بوولەو وڵاتانەی دوای ئەوەی لە ١٨٦٧ دابووە دەوڵەتێکی فیدراڵ،بەڵام لە رووی سیستمی حیزبایەتی یەوە زۆر وەک بریتانیا دەچیٚ،لە سەر ئاستی سیاسی دووهێزی سەرەکی وەک دوو حیزبی سیاسی لە گۆرەپانی سیاسی دا بوونیان هەیە وحیزبی سێیەمیش ئەگەر چی هێندەی ئەوان بە هێزنییە بەڵام هەمیشە فاکتەری هاوسەنگیکردنی هێزە لای ئەم دوو حیزبە،دابەشبوونی دەنگدەران ولاینگرانی ئەوحیزبانە لە ژێرکاریگەری ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو فرەرەگەزی ونەتەوایەتی ئەو کۆمە ڵگایانە وفرە کلتوری وفرە دینی کۆمەڵگای کاناداییدایە.هەریەکێک لەو فاکتەرانە کاریگەری خۆیان هەیە لە سەرئاستی بە دەستهێنانی دەنگی دەنگدەران.

* پارتی پارێزگار*

ئەم پارتە هەر لە سەرەتاوە لە ژێر فەرمانرەوایی حوکمی بریتانیادا دروستبونی، لە رووی هەست و سۆزەوە زۆر لە بریتانیاوە نیزیکە و دژ بە ئامریکایە و لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی کانادادا نیزیکەی سیٚ یەکی سەدەیەک لە ماوەی نێوان(١٨٦٧-١٨٩٧¬)حوکمی گرتە دەست و لەو ماوەیەدا داوای پێکهێنانی پیشەسازی نیشتیمانی دەکرد. بەڵام دواتر بە هۆی بەشداریکردنی لە شەری جیهانی یەکەمدا وگرتنە بەری سیاسەتی بەزۆر خزمەتی سەربازی پێکردن پارتەکە ئاستی نفوزوجەماوەری دابەزی. دواترلە ماوەی جەنگی جیهانی دوومدا هەوڵیدا جارێکی دیکە هێزی سیاسی خۆی وەریگریتەوە بۆیە لە گەڵ پارتی پێشکەوتندا یەکیگرت وپارتی پێشکەوتنی پارێزگاریان پێکهێنا ودوای ئەوە بووە دوومین حیزبی سیاسی دوای حیزبی لیبراڵ وتوانی لە هەڵبژاردنەکاندا لەساڵی ١٩٨٤دا٧٥٪ ی دەنگەکان بە دەست بهێنیت.واتە ٢١١ کورسی پەرڵمان،چونکە ئەوساڵە کیوبیکەکانیش دەنگیان دا پێی. (یەکیک لە کێشە مێژووییەکانی ئەم پارتە ئەوە بوو کە نەیدەتوانی پالێوراوێک بۆ پۆستی سەروکایەتی کە لە توانایدا بێت فەرەنسی بزانێت وخۆی بە خەڵکی فرانفۆن دانێت).لە سەرئاستی جەماوەر پارتەکەزۆرینەی لایەنگرانی خەڵکە دەوڵەمەند وسەرمایە دارەکەیە ولەسەر ئاستی ئایینیش پرۆتستانەکان ولەسەر ئاستی تەمەنیش خەڵکە بەتەمەنەکە زیاتر دەنگی بۆدەدات.سیاسەتەکانی حیزبیش خۆی لە چوارچێوەی کەمکردنەوە ونەهێشتنی بیروکراسی وئجامدانی پرۆژەی بازەرگانی ونەهێشتنە بێکاری وهاندانی سەرمایەی دەرەکی و،لەسەرئاستی دەرەکیش هەوڵی پێکهێنانی سوپایەکی بە هێزی کانادایی وهاوکاری وپێوەندیکردن بە هاوپەیمانێتی باکووری ئەتڵەسییەوە(ناتۆ) بەرفرەوانکردنی هەوڵی بەرقەرارکردنی ئاشتی لە جیهاندا دەبێت.

*پارتی لیبراڵ IPC*

تەنها پارتێکە لە ناوکانادا دا کە هەوڵی ئەوەی دابێت رێکخستنەکانی خۆی لە شێوەی ستراکتۆرێکی نەتەوەییدا رێکبخات وەک لەویٚ لە سەربنەمای فیدراڵی یەکێک لی سیمای هەرە دیاردەکانی ئەم پارتە ئەوەیە کە هەمیشە بەشێوەیەکی دەوری پالێوراوی پۆستی سەرۆکایەتی لە نێوان هاووڵاتیانی ئینگلیزو فەرەنسییدا رێکدەخات واتا هەرجارێک لە یەکێک لەولاینانە(چونکە کانادا لە دوونەتەوەی سەرەکی پێک دێت ئەوانیش (ئینگلیزی یەکان وفەرەنسییەکانن)لەگەڵ چەندل لایەنانە کەمینە نەتەوەیی تردا.ئەم پارتە لە بەهێزترین پارتەکانی سەرگۆرەپانی سیاسی ئەم سەدەیە دادەنرێت.هەرچەندە لە هەشتاکان بە دواوە لەت بوون وپەرت بوون لەناوخۆی حیزبەکەدا روویداوە وکەمێک لاوازتربووەودوای سەرۆکایەتی کردنیشی لە لایەن تێرنەرەوە باڵی راستی پارێزگاربەسەریدا زاڵ بووە.لە راستیدا شکستی باشیشی لە هەڵبژارنەکاندا بە خۆوە بینیوە ولە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٤ دا تەنها ٤٠ کورسی بەدەست هێنا کە ئەوکارەکارەساتێکی گەورە بوولە مێژووی ئەم پارتەدا. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٤ دا توانی پلەی یەکەمین بەدەست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




بهێنێ بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتە نێوخۆییەکانی لە ریفۆرمی ئابووری وکۆمەڵایەتی ونەهێشتنی بێکاری ودژبە خوێندنی ئایینی ودژ بەسیاسەتە سواوەکانی پارێزگاکاندا خۆی دەبینێتەوە ولە سەرئاستی دەرەوەش داوای چاکردنە وەی پەیوەندیکانی نێوان کانادا وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوهاوپەیمانێتی باکووری ئەتڵەسی(ناتۆ)دەکات.

*پارتی دیۆکراتی نوێ NDP

رەگ وریشەی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆسالی ١٩٣٣،بەلام دوای ئەوەی کۆمەڵێک لە پارتە بچووکەکانی خاوەن بیرورای سوسیالیستی وریفۆرمیستەکان لە سالی ١٩٦١ یەکیان گرت ئیدی لە وکاتەوە بەپارتی دیمۆکراتی نوێ ناسراوە وهێزی جەماوەری خۆی لە کرێکارورێکخراو وسەندیکاکانی کرێکاران وناوەندە کشتوکاڵیەکانەوە وەردەگریت.بەلام لە ناوهەرێمی کیوبیکدا زۆربەکەمی لایەنگری هەیە،دروشمەکانی پارتەکە میانرەوەن،بەلام زۆربە گومانەوە لە ئەمریکا دەروانن ویەکێکە لە سەرسەخترین پارتە دژە کانیتی.

تێ بینی:

١ـ کاناداش پەیرەوی لە فیدرالی ناوچەیی دەکات چونکە بە پێی دابەشبوونی جۆغرافیای نەتەوەیی دانیشتوانەکەی پەنای بردۆتە بەر ئەم جۆرە فیدرالییە زۆربەی ئەو هاوولاتیانەی لە هەرێمی کیوبیک نیشتەجێن ئەوانەن کە بە فەرەنسایی دەدوێن بەلام لە هەرێمی ئۆنتاریۆ ontraio زۆربەی دانیشتوانەکەی بە ئینگلیزی دەدوێن.

٢پەرلەمانی کانادا لە٢ ئەنجومەن پێک دێ: ئەنجومەنی پیران، لە دیاریکردنی نوێنەرانی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی پیران پەیرەوی پرەنسیپی یەکسانی ناکرێ لە بەرئەوەی هەرێمەکان وەک یەک نوێنەریان تێدا نیە بۆ نموونە کیوبیک و ئۆنتاریو لە هەرێمەکانی تر زیاتر نوێنەریان لە ئەنجومەنی پیران هەیە.

**سەرچاوەکان**

**١ـ رۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ژمارە(١٩٠١) سێشەمە ٢٠٠٢/٨/٣٠**

**٢ـ بەراوەردلە نێوان رژێمە فیدراڵەکان(سەیوان کاکە رەش) سلیمانی٢٠٠٢ ل٤٠٥**

**٣ـسیستمەکانی هەڵبژاردن وپرەنسیپەکانی دەنگدان ڤیان مەجید ٢٠٠٥ل١٥٨ ول١٦١**

**٤ـ دەستوور، مافی چارەی خۆنووسین، فیدراڵیزم وریفراندۆم ـنووسین وئامادە کردنی ئاسۆکەریم ل ٢٤**

**٥ـ فیدراڵیزم وسیستمە هاوشێوەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ناوەندی ریکخستن ل٣٧**

**٦ـ فیدراڵیبیەت ودەرفەتی پیادە کردنی لە عێراقدا ـدوکتور محەمەدعومر مەولوود ل٢٨٨**

■



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەربەستە سەرەکیەکان لەبەردەم بوونە ئەندامیەتی تورکیا لە یەکیەتی ئورووپا

ئا: کەیوان ئیزەدی

رۆر لەمێژە دەولەتی تورکیا هەوڵ دەدات ببێتە یەکێک لە ئەندامانی ئەسڵی لە یەکیەتی ئورووپادا هەر لە بەر ئەو مەبەستە لە(١١) یکانوونی یەکەمی (٢٠٠٦)دا وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا کۆبوونەوە تاوەکوو وتووێژ سەبارەت بە راسپاردەکانی لیژنەی تایبەت بە گفتوگۆی نیمچە هەڵپەسێراوی وەرگرتنی تورکیا لە یەکیەتی ئورووپادا بکەن. لە بەر ئەوەی تورکیا قایل نیە بەندەرەکان بە ڕووی قیبرێس دا بکاتەوە، لەکۆبوونەوەی بالای سەرانی یەکیەتی ئورووپا لە(١٤و١٥) کانونی یەکەمدا کە ماوەی دوو رۆژی خایاند گفتوگۆ کرا دەربارەی ئەو پیشنیارەی تورکیا سەبارەت بە کردنەوەی یەک بەندەر و یەک فرۆکە خانە لەبەر دەم ئەو گەشتانەی کە لە قیبرێسەوە دەکرێن.

لەگەڵ ئەوەی سەرانی ئورووپا نەیان توانی بگەنە بڕیارێک بۆ ئەو کێشەیە، چەندین کێشەی هەڵپەسێراوی دیکە ڕووبەرووی داخوازیەکانی تورکیە بوونەوە.

١_ ئازادی رادەربڕین: چەند وەزیرێکی تورکیا دەیانەوێت گۆڕان لەو بەندەی یاسای سزادان بکەن کە بە ناوی «سوکایەتی کردن بە «تورکایەتی» سزا دەسەپێنێت.

ئەو بەندە کە جێی رخنەی یەکیەتی ئورووپایە گەلێک جار دژ بە رۆژنامەنووسانو نووسەران بە کار هێنراوە لە نێویاندا خاوەنی خەلاتی نۆبێل «ئورهان پامۆک» هەبوو.

٢_ ئازادی ئایین: یەکیەتی ئورووپا داوا لە تورکیا دەکات ئاسانکاری بۆ خاوەنداریەتی و کەم کردنەوەی ئەو کۆت و پێوەندیانە بکات کە لەسەر ئەو کەمینە ئایینیانە هەیە کە موسڵمان نین یەکیەتی ئورووپا دەڵێت ئەو یاسا رەشووکیە سەبارەت بە بنەما ئایینیەکان نەیتوانیوە قەرەبووی ئەو ستەمانە بکاتەوە کە چەند دەیەی رابردوو دەستیان بەسەر داگیراوە.

٣_ رۆڵی سووپا: سووپا متمانە بە حکومەتی « رەجەب تەییەب ئەردووگان » ناکات چوونکە رەگێکی سەر بە ئیسلامی هەیە و لەوەش دەترسێ کە ئەردووگان دەولەتی تورک لاواز بکا، کە لەسەر ئەساسی رەگەز پەرەستی دامەزراوە. یەکیەتی ئورووپا دەڵێت نابێت سووپا دەست لە سیاسەت وەربدات.

٤_ قیبرێس: تورکیا بە شێوەیەکی یاسایی داوای ئەوەی لێکراوە کە لە قیبرێسەوە ئاسمان و دەریا کراوە بن. ئەمەش بە پێی پەیماننامەی گۆمرکی یەکگرتوو لە گەڵ یەکیەتی ئورووپادا تورکیە لەمەدا خاوە خاو دەکات ئەگەر بێت و یەکیەتی ئورووپا ئەو ئابلۆقە بازەرگانیە لا نەبات کە دژ بە قیبرێسیە تورکەکانە و تاکو ئێستاش قیبرێس لە سەریان دایناوە.

٥_ مافی کوردەکان: یەکیەتی ئورووپا پێشوازی لەو چاکسازییانە کرد کە کۆسپەکان لە بەر دەم کەلتوور و زمان و رۆشنبیری کوردیدا کەم دەکەنەوە بەلام پێویستە ئەنکارا چارەسەری هەژاری و کێشە ئابووریەکانی ناوچەی باشووری خۆرهەلاتیش بکات کە بە زۆری کوردن.

سەرچاوە»ئاسوشیتێت پرێس»
“Associatedpress”



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خنکاوێکی زیندوو

ئەی ئەوانەی وا دڵمتان لە ژێر نێوی تابڵۆی ناموسدا یەخسیرکردوە
روح - میشتان لە سەحرای کۆنەدەسەڵاتدا سەرگەردان کردوە

ئەی ئەوانەی لە ژێر نێوی ئازیزانم وا دەدەن عەزاب دڵە گیانم
هەناسەتان لێ ستاندم، ئاسۆی هیواشم لە پشت باڵی رە شی کۆنەپەرە ستیتاندا ونەوە

هەرگیز هەتاوی خەونێکی تازە لە ناخم دا هەڵ نایە
خونچەی تازە پوشکوتووی ئاواتیمیش تان لە ڕەگو ریشە هەڵ قەندوە

تاکەی تاریکی و ناهومێدی هاورێم بن،
تا کەی خەونەکانم یەك لە دوای یەك لە سێدارەی ناموس بدرێن؟



ئەوین رۆستەمی - نۆرویژ

## وردە گلەیی!

دەم سوتێنن، ونم دەکەن
لێم دەدەن، پێمدا دەدەن
رۆح و دڵم بەر ئاگردانی ئازار دەدەن
تۆهمەتی کەسایەتی و کەم بودم پێ دەدەن
مەیتم وەك ڕیسوا کردن
لە خامێ رەشی مەرگ وەر دەپێچن
مەحکومم دەکەن لە دادگەی پیاو،
دانە دانەی خەونەکانم مەحکوم
بە زیندانی ئەبەدی ناهومێدی دەکەن

لە وردە سۆزی ئەوینی جوانە لاوم بێ بەریم دەکەن
جوانە لاویشم لە پشت دیواری وەفا لە بن سێبەری جێ ژوانی سۆز
دە کا شین و ئەیڕۆ ئەیڕۆی بە چرپە!

گەرچی دوحا بم یا لەیلا، چارەنوسم مەحکومە بە سێدارە!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# تابلۆی منداڵێکی رۆژنامە فرۆش!

نووسینی: کەریم تاقانە (سودرهامن)

بەفر دەبارێ. شار، سپی دەپۆشێ..
منداڵێکی تەمەن دە، دوانزە ساڵ، کۆمەڵێ رۆژنامەی لە بن هەنگڵ دایەو بە شەقامێکی قەرەباڵغ دا دێو دەچێو لە تاو سەرما هەڵدەلەرزێ.
_کەیهان!. سەلام!. ڕیسالەت!. ئازادی..! خەڵکینە، رۆژنامە بکڕن..
سەرماکەی ئەوەندە کاریگەرە، تف هەڵخەی، دەیبەستێ. خەڵک بە هەڵەداوان لە هات و چۆ دان و تاقەتی ئەوەیان نییە ڕاوەستن، دەست لە گیرفانی پاڵتۆ دەربێنن و رۆژنامە بکڕن. خەڵک لە ترسی ئەوەی نەوەک پێیان بخلیسکێ و شوێنێکیان بشکێ، بە شێوەیەک سەریان داخستووەو لە بەر پێی خۆیان دەڕوانن، ئاگایان لەملاو لەولای خۆیان نییە.
کوڕە بە ئاواتی ئەوەوە چەند رۆژنامەیەک بفرۆشێ، هەر هاتو هاواریەتی.
_رۆژنامە بکڕن و هەواڵی نوێ وەخوێنن! دوێنێ دوو موعتاد لە پارکی گشتیدا ڕەق هەڵاتن!
کەس ئاوڕ ناداتەوە.
_ئەم هەواڵە: لە کوردستان، کوڕو کچێ بە بەرچاوی خەڵکەوە شەلاق دەدرێن!..
کەس ئاوڕ ناداتەوە.
کوڕە لە کاتێک دا بۆ چەندەمین جار ئاوی لووتی بە پشت دەستی پاک دەکاتەوە، درێژە دەدا:
_رۆژنامە بکڕن. هەواڵی نوێ وەخوێنن: ئەها! بڕیار دراوە هەژاران دەوڵەمەند بن و چیدی هەژاری نەمێنێ!..
کەس ئاوڕ ناداتەوە.
سەرماکەی ئەوەندە تووشو سەختە، دەنگی کوڕە بە هەواوە دەبەستێ و لێ ناگەڕێ بگاتە گوێی ڕێبواران..
ئەو بەفرە، دیمەنەکەی ئەوەندەی دیکە دڵگیرتر کردووە. شار، تارای سپی پۆشیوەو، کوڕەش ئەوەندە بەفر نیشتۆتە سەر سەرو ڕوخساری، مرۆڤ لە دوورەوە وا دەزانێ پیرەمێردێکی کورتەبنەیە رۆژنامە دەفرۆشێ!..

# کۆتایی هاتنی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتی لاوان






رۆژی چەارشەممە کاتژمێر ٨ی ئێوارە پاش ٣ رۆژ کاری بەردەوام کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێناو لە یەکەم کۆبوونەوەی بەرێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٥ بەرێز مەنسووری سەممار وەک سکرتێری گشتی رێکخراو هەڵبژێردرا.
شایانی باسە لە دووهەمین کۆبوونەوەی بەرێوە بەری تازەشدا بەرێز عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور وەک جێگری سکرتێر هەڵبژێردرا، و باسو موناقشەیەکی زۆر لە سەر کارو باری لاوان و سازماندهی رێکخراو کراو هەڵبژاردن کرا لەسەر ئەوەی کە هەیئەتی ئیجرایی رێکخراو لە سێ کەس پێک بێو بە پێی بەندێک کە لە ئەساسنامە دایە سکرتێری گشتیو جێگری سکرتێر راستەوخۆ بوون بە ئەندامی هەیئەتی ئیجراییو هەروەها بەرێز گزینگ نوورانی وەک ئەندامی سێهەمی هەیئەتی ئیجرایی هەڵبژێردرا.
یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان







# بەرێوە چوونی سەیرانێکی گشتی بۆ لاوانی دێموکرات

رۆژی هەینی رێکەوتی ١٠ی رەزبەری ١٣٨٨ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ی زایینی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان سەیرانێکی گشتی بۆ ئەندامەکانی خۆی پێک هێنا کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی لاوان تێیدا بەشدار بوون، لەو سەیرانەدا لاوان بە جۆشو خرۆشەوە بەشداری چالاکیەکانی ناو سەیران بوون کە بریتیی بوون لە باسو راوێژ لە سەر پرسەکانی لاوان بە گشتیو هەروەها هەڵپەرکێو گۆرانی وتن.
شایانی باسە یەکیەتی لاوان بە مەبەستی زیاتر ناسیاو کردنی لاوان لەگەڵ یەکترو بە سەر بردنی کاتێکی پر لە خۆشی بۆ لاوان هەموو ساڵێک سەیرانێکی گشتی بۆ ئەندامەکانی خۆی پێک دێنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی بە بۆنەی چوارەمین کۆنفرانسی گشتی لە دەرەوەی وڵات



میوانانی بەرێز
بەشداربووانی خۆشەویست لە کۆنفرانسی گشتی یەکیەتی لاوان
یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان بە خۆشحاڵیەوە پیرۆزبایی بەستنی کۆنفرانسی چوارەمی یەکیەتی لاوان لە دەرەوەی ولات بە ئێوەی خۆشەویست رادەگەیەنێ. بێ شک گرتنی ئەم کۆنفرانسە نیشانەی لە دەور دابوون و کارا بوونی ئەو رێخراوەیە و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی لاوان نیشان دەدا و لە لایەکی دیکەوە شانازیە بۆ هەمووان کە بەرنامەو پێرەوی یەکیەتی لاوان بە جۆرێک دارێژراوە کە توانیویەتی لاوانی تێکووشەر و ئازادیخوازی ولاتەکەمان لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا بن لە دەوری یەک کۆبکاتەوە و ببێتە نوێنگەی ویست و داخوازیەکانی لاوان هەر بۆیەش یەکیەتی لاوان رێز لە هەوڵ و تێکۆشان و ماندوویەتی تەواوی ئەندامانی خۆی دەگرێ. هیوادارین ئەم کۆنفرانسە چ لە نێوەرۆک دا و چ لە بەرێوەچوونی ئەرکەکانی خۆی دا بە شێوەیەکی ئازاد و دیموکراتیکانە بەرێوە بچێ و هەر وەک جاران بە لەبەر چاو گرتنی بەهادیموکراتیکەکان رێز لە هێز و ئیرادەی تاک تاکی ئەندامان بگیردرێ.
هاورێیانی ئازیز
لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا یەکیەتی لاوان بە هۆی لێک ترازانی بەو جۆرەی پێویستە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی بەربلاو چالاکی بکا و ئەندام لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە بۆیە پێداگری کردن بۆ بەر بلاوی زیاتری رێخراوەکەمان شتێکی پێویست و حاشا هەڵنەگرە و دەبێ ئەم ئەسلەش لەبەرچاو بگیردرێ کە بوونی یەکیەتی تەشکیلاتی ناو ریزەکانی ئەم رێکخراوە بەسراوەتەوە بە کار و تێکۆشانی ئێوە و لەرووی دەستووریەوە میکانیزمی گونجاوتر بۆ بەرێوەبردنی ئەرکی رێخراوەیی لەگەڵ گشت رێخراوەکانی لاوان لەدەرەوەی ولات تێبکۆشن و بریاری گونجاو و عەمەلی لەسەر بدەن و ئەڵقە وەسڵێکی تەواو لە نێوان ئەندامانی یەکیەتی لاوان لە ئەورۆپاو کوردستان پێک بهێنن و هەوڵ بدەن زیاتر لاوی رۆژهەلاتی لە دەوری خۆتان کۆ بکەنەوە و هەوڵ بدەن ببنە ئەندام لە رێکخراوە دیموکراتیکە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە لاوان تاکوو زیاتر بتوانن کێشەی لاوی کورد بە جیهان بناسێنن و بە رۆژەڤی بکەن.
رێزو سپاسی تایبەتی دەنێرین بۆ یەکیەتی لاوانی نۆرویژ کە توانیویانە هەوڵ بدەن کۆنفرانسی گشتی لە وێ پێک بهێنن بۆ جارێکی دیکە خۆشحاڵی خۆمان بە بۆنەی پێک هاتنی ئەم کۆنفرانسەوە دەردەبرین و پیرۆزبایی لە ئێوە و سەر جەم لاوانی کورد دەکەین و سەربەرزی و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین
.

کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان
سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوان
مەنسوور سەممار

# راگەیاندراوی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە بۆنەی کۆتاییهاتنی کۆنفرانسی چوارەم



ئەندامان، لایەنگران، دۆستانی یەکیەتیی لاوان، کیژان و لاوانی هێژا!

بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی چوارەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، رادەگەیەنین. رۆژی شەممە، ٠٧/١١/٢٠٠٩، لە شاری ئۆسلۆ، پێتەختی نۆرویژ، کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی سێهەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەکانی لاوان لە دەرەوە، بەرپرسی گشتیی تەشکیلاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە دورەوەی وڵات، نوێنەرانی کۆمیتەی حیزب لە نۆرویژ، بەرپرسی پێشووی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات کاک سەلاح عەبدوڵڵا پوور و چەند چالاکێکی سیاسی بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان کۆنفرانس دەستی بە کارەکانی کرد.

دواتر لە لایان بەڕیوەبەرانی کۆنفرانس کاک ناسر فەتاحی و خاتوو ئاوات نستانی بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانان و بەشدارانی کۆنفرانس کرا و، سوپاسی کۆمیتەی نۆرویژی یەکیەتیی لاوان کرا، کە ئەرکی تەداروکات و پەزیرایی ئەم کۆنفرانسەیان کەوتبووە سەرشان، پاشان پەیامەکانی ئاراستەکراو خوێندرانەوە:

پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان، مەنسور سەممار، لە لایەن رەحیم دەستیار خوێندرایەوە.

پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە لایان بەرپرسی گشتی، مەریوان نستانی، پێشکەش کرا.

وتاری کۆمیتەی بەڕیوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە لایەن بەرپرسی گشتیی تەشکیلاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە دەرەوە، سەعید بێگزادە پێشکەش کرا.

پەیامی کۆمیتەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە نۆرویژ لە لایان بەرێز قادر خەندان پێشکەش کرا.

پەیامی کۆمیتەی لاوانی سوئێد لە لایان موکریان نستانی.

پەیامی کۆمیتەی سوئیس لە لایان جەماڵ وەیسی.

پەیامی کۆمیتەی دانمارک لە لایان سنوور محەممەد زادە.

پەیامی کۆمیتەی بریتانیا لە لایان رێبوار قادر زادە پێشکەش کران.

پەیامێکی کورتی پیرۆزبایی بۆ کۆنفرانسی چوارەمی لاوان لە لایەن کاک کەریم ئاڵلاوەیسی.

هەروەها دوو شێعری پڕ لە سۆز و بە هەست و کوردانە، لە لایەن دوو شاعیری لاو، حامید ئەحمەدی و سنوور محەممەد زادە پێشکەش کران.

دووهەم بەشی کاری کۆنفرانس دوای دەنگ وەرگرتن بۆ مەشرەعییەتی کۆنفرانس کە بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، ناوی ئەم کۆنفرانسە لە لایەن نزیک بە تەواوی ئەندامانی بەشدار، بە لەبەرچاوگرتنی کەم و کورتییەکان و هەروەها بۆ چالاکترکردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی لاوان لە دەرەوەی وڵات، بە کۆنفرانسی "بەخۆداچوونەوە" ناودێر کرا.

بۆ پێشکەشکردنی راپۆرتی کار و چالاکیی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات لە لایان خاتوو کوێستان بابایی تەرخان کرابوو. ناوبراو ویڕای ئاماژەکردن بە چالاکییەکانی ئەو رێکخراوە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان، ئاوڕی لە کارو تێکۆشانی نوێنەرایەتیی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات دایەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و سوپاسی لە کاروتێکۆشانی هەموو ئەندامانی یەکیەتیی لاوان کرد.

هەروەها وتارێک کە بریتی بوو لە پێشنیار بۆ کۆنفرانس و کۆمیتەی داهاتووی یەکیەتیی لاوان، لە لایان شۆرش ئوستادی پێشکەش کرا.

بەشی سێهەمی کاری کۆنفرانس کە بەدوای نانخواردنی ئێوراه و پەزیرایی زۆرباشی کۆمیتەی نۆرویژدا لە کۆنفرانس دەستی پێکرد، بریتی بوو لە وتاری بەڕێز مەریوان نستانی سەبارەت بە بارودۆخی گشتیی کاروتێکۆشانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات، بە ڕێزیان لە وتارەکەی دا باسێکیشی سەبارەت بە کەم و کورتییەکان و چاوەڕوانیی لاوان لەو ڕێکخراوە و ئەرکی یەکیەتیی لاوان بەرانبەر بە نەسلی دووهەم و سێهەمی ئەوروپانشین و دارشتنی پێوەندییەکی سیستماتیک لە نێوخۆ و لەگەڵ کۆمیتە و لایەنە جۆراوجۆرەکان کرد.

دوابەدوای ئەو کارانە، بەشداریی چالاکانەی ئەندامانی بەشدار لە کۆنفرانس بە رەخنە و پێشنیار و پرسیارکردن دەستی پێکرد کە چالاکترکردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری و یەکیەتیی لاوان لە دەرەوە و لێک نزیکترکردنەوە و پتەوترکردنی پێوەندییەکانی لاوانی نێوخۆ و دەرەوە و کۆمیتەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەشی هەرە زۆری ئەو بەشەی پێک دەهێنا.

دواتر باسەکانی پێوەندیدار بە حیزب لە لایەن کاک سەعید بێگزادە وڵام درانەوەو، لەو بەشەدا ناوبراو وێڕای سپاس لە بەشداریی گەرموگوڕی بەشداران، پێداگری لە سەر پشتیوانیی هەمیشەیی حیزب و هاوکاریی زیاتر و بەرچاوتری حیزب لەو ڕێکخراوە کردووە. هەروەها بۆ باسەکانی پێوەندیدار بە کاروباری کۆمیتەکان و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی لاوان لە دەرەوەی وڵات، مەریوان نستانی وڵامی بابەتە پێوەندیدارەکانی بەشداربووانی دایەوە.

چوارەمین و دوایین بەشی کاری کۆنفرانس بۆ هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات و هەروەها بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی









لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرابوو کە ئەم بەڕێزانە لە هەڵبژاردنێکی دیمۆکراتیک دا وەک ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوە هەڵبژێردران:

- کوێستان بابائی
- یاسین حاجی زادە
- رەحیم دەستیار
- ئیبراهیم عەزیزی
- جەماڵ وەیسی

ئەم دوو کەسەش وەک جێگری بەڕێوەبەری هەڵبژێردران:

- سنوور محەممەد زادە
- ئارام بەخشووری

هەروەها دوو کەس لە پێنج کەسی ئەندامی ئەسڵی، بە پێی پەسەند کراوەکانی کۆنگرەی پێنجەم، لە لایان کۆنفرانسەوە وەک ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبژێردران:

- کوێستان بابائی
- یاسین حاجی زادە

وە هەروەها کاک ئیبراهیم عەزیزی بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبژێردرا.

لە کۆتایی کاری کۆنفرانسیش دا واتە دوای ٩ کاتژمێر کاری بەردەوام، ئەندامانی ئەسڵی بە تێکرای دەنگ (کوێستان بابائی)یان وەک بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات هەڵبژارد.

پێویستە بگوترێ کە هاورێیانی بەڕێوەبەری پێشوو لە لایەن خاتوو نەوژین ڕۆستەمییەوە لەوحی ڕێزلێنانی یەکیەتیی لاوانیان پێ بەخشرا، کە دیاری کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان بوو لە دەرەوەی وڵات.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان / نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵات

■



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرێوە چوونی دووخولی راهێنانی فیلم بەرداریو کامپیوتێر لە لایەن یەکیەتی لاوانەوە





یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان بە مەبەستی پەروەردە کردنو پەرەدان بە ئاستی فێرکاری لاوان لەماوەی هەوتووی رابردوودا خولێکی فیلم بەرداریو خولێکی کامپیوتێری بۆ لاوان پێک هێنا کە لاوان بەشداریەکی باشیان تێدا کردو بە هەردوو خولەکان زیاتر لە ٤٠ کەس بەشدار بوون، جێی ئاماژەیە خولی فیلم بەرداریەکە ١٠رۆژی خایاند، کە هاورێی ئومید خزرنژاد لە رووی تیۆریو پراکتیکەوە دەرسی بە بەشداربووان کوتەوە، هەروەها خولی کامپیوتێرەکە کە پێک هاتبوو لە فورمات کردنەوەی کامپیوتێر بە شێوەیەکی خێراو مۆنتاژی فیلم لە لایەن هاوریێ پێشەوا عەلی پوور کوترایەوە کە هەوتوویەکی خایاند.

شایانی باسە لە کۆتایی هەر یەک لە خولەکاندا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی بەشداران تاقیکاری لە بەشداربوان وەرگیرا.

لە کۆتاییدا وەک یەکیەتی لاوان سپاسی بەشی کورد کانالو کۆمیسیۆنی ئاموزش حدک بکەین کە لە بەرێوە چوونی ئەم دەورانەدا هاوکاری پێویستیان کردین.

---



# سەردانی هەیئەتێکی پایەبەرزی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سکرتاریای یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان

پێشنیوەرۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٨ رەزبەری ١٣٨٨ی هەتاوی بەرامبەر بە ٣٠ سێپتامبری ٢٠٠٩ی زایینی هەیئەتێکی پایەبەرزی یەکیەتی ژنانی دیموکرات کە پێک هاتبوو لە بەرێزان سۆیلا قادری سکرتێری یەکیەتی ژنانو بەرێز خەدیجە پوور مەند بەرپرسی ئاموزشی یەکیەتی ژنانو هەروەها فەریبا وەیسی ئەندامی بەرێوە بەری یەکیەتی ژنان سەردانی سکرتاریای یەکیەتی لاوانی دیموکراتیان لە قەلا کرد، کە لە لایەن بەرێزان مەنسووری سەممار سکرتێری یەکیەتی لاوانو بەرێز عەبدوللا عەبدوللا پوور جێگری سکرتێرو کەیوان ئیزەدی بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانو سەیوان ئیزەدی بەرپرسی بەشی مالی یەکیەتی لاوان پێشوازیان لێکرا.

لەم دیدارەدا سەرەتا مەنسووری سەممار لە لایەن بەرێوەبەرییەوە بە گەرمی بەخێرهاتنی هەیئەتی ناوبراوی کردو دواتر سۆیلا قادری سکرتێری یەکیەتی ژنان بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی پێنجەمو هەروەها هەلبژاردنی بەرێوەبەری تازە پیرۆزبایی گەرمی خۆییو هاورێیانی پێشکەش کردو دواتر باسی پێک هێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەش لە لاوانو ژنانیان کرد تاکوو لە رێگای ئەو کۆمیتەوە لاوانو ژنان بتوانن زۆرتر لەگەڵ یەک کۆببنەوەو کارو بارەکانیان راپەرێنن هەروەها پێداگریان لەسەر بەردەوام بوونی هاوکاریو کاری دوولایەنە لە هەموو بوارەکانی کاری رێکخراوەیی دا کردەوە، هەیئەی یەکیەتی لاوانیش سپاسی یەکیەتی ژنانی کرد بۆ ئەم سەردانەو دانیشتنەو دڵخۆشی خۆی بۆ پێک هێنانی کۆمیتەیەکی وەها دەربری کە لە رابردووش دا هەبووەو هەروەها ئەوانیش پێداگریان لەسەر بەردەوام بوونی هاوکاری دوولایەنە کردەوە، لە کۆتایی دانیشتنەکەدا باس لە سەر کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە لاوانو ژنان کرا.

جێی ئاماژەیە ئەم دانیشتنە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org